# ڕێبازی لێکۆڵینەوەی دەرونزانی و پەروەردەیی



سەرکەوت جمال محمد

## ناسنامەی کتێب

- ناوی کتێب:ڕێبازی لێکۆڵینەوەی دەرونزانی و پەروەردەیی
- ناوی نووسەر:سەرکەوت جمال محمد
- دیزاینی بەرگ:گۆڤان انور
- هەڵەچنی تایپ:چنار ئادەم
- تایپ و دیزاین : سەرکەوت جمال
- ژمارەی لاپەڕە:153
- جۆری چاپ:چاپی ئەلیکترۆنی(pdf)
- ساڵ:2020

بۆ پەیوەندی کردن بەنووسەری ئەم پەرتووکە:

Facebook: sarkawt jamal

Email: sarkawt.mohamad@univsul.edu.iq

(پایزی 2020)

# پێشکەشە بـــــە :

دایك و باوكم ماندوو بوونی ئەوان منی گەیاندۆتە ئەم رۆژە

خوشك و براكانم هەمیشە هاوكار و پشتیوانم بوون

مامۆستای خۆشەویستم بەڕێز( پ.ی.د.حسن فخرالدین )

خوێندكارە خۆشەویستەكانم

سەرجەم مامۆستا و هاوڕێكانم

## دۆستانی زانست

# پێڕستی بابەتەکان


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| ناسنامەی کتێب | 2 |
| پێشکەشە بـــــە | 3 |
| پێشەکی | 7 |
| دەروازەیەك بەرەوە گەشەی مەعریفەی تاك | 9 |
| زانکۆ وەك هۆکاری پیشکەوتنی کۆمەڵگا | 10 |
| فێری فێربوون | 10 |
| داهێنانی مەعریفە و خیانەت ( لە ڕێگەی قارەمانەکەت وەرگەڕێ ) | 11 |
| مەعریفەتناسی جەنەتیك | 13 |
| تیۆری گانییە و گەشەکردنی مەعریفی | 13 |
| سەرچاوەکانی مەعریفە | 14 |
| میتۆدی توێژینەوەی زانستی | 17 |
| ڕێبازی لێکۆڵینەوە | 18 |
| میتۆدی توێژینەوەی زانستی | 18 |
| لێکۆڵینەوە چییە؟ | 18 |
| جۆرەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی | 19 |
| شێوازەکانی لێکۆڵینەوە | 19 |
| چۆن بابەتێك یان ناونیشانێك بۆ لێکۆڵینەوە هەڵدەبژێرین؟ | 20 |
| سودی لێکۆڵینەوە چیە؟ | 22 |
| لێکۆڵەر بۆچی لێکۆڵینەوە دەکات؟ | 22 |
| لێکۆڵەر چیبکات بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەکەی کەموکوڕی نەبێت؟ | 23 |
| سیفەتی کەسی لێکۆڵەر دەبێت چۆنبێت؟ | 23 |
| پەیداکردنی سەرچاوەکان | 24 |
| توێژینەوە | 25 |
| پلانی توێژینەوە چیە؟ | 25 |

| | |
|---|---|
| هۆکارەکانی ڕەتکردنەوەی پلان | 26 |
| پێویسە لە پلانی توێژینەوەدا توێژەر ئاماژە بەم لایەنانە بدات | 26 |
| هۆکارەکانی رەتکردنەوەی بابەت( توێژینەوەکە ) | 28 |
| میتۆد Method | 29 |
| میتۆدەکانی توێژینەوەی زانستی | 30 |
| میتۆدی ئەزموونی Experimental Method | 30 |
| میتۆدی مێژوویی Historical method | 31 |
| میتۆدی عەقڵی Rational Method | 33 |
| میتۆدی وەسفی Descriptive method | 33 |
| میتۆدی تەواوکاری Integrative method | 36 |
| کۆمەڵگەی توێژینەوە | 36 |
| سامپڵی توێژینەوە | 37 |
| چۆن توێژینەوەئەنجام بدەم؟ | 42 |
| چۆن دەست بکەم بەنوسینی توێژینەوەکەم؟ | 43 |
| فۆڕمی ڕا پرسی چیە و چۆن ئامادە دەکرێت | 46 |
| جۆرەکانی فۆڕمی را پرسی | 46 |
| بنەماکانی دارشتنی بڕگەو پرسیارەکان | 47 |
| چۆن فۆرمی را پرسی ئامادە بکەم و چی بکەم دوای ئامادەکردنی؟ | 48 |
| چۆن فۆرمی را پرسیەکەم ئامادە بکەم؟ | 48 |
| مەبەست چیە لەبرگەی ئەرێنی و برگەی نەرێنی | 49 |
| دوای ئەوەی فۆڕمی را پرسیەکەم ئامادە کرد چی بکەم؟ | 50 |
| جێگیری (الثبات) Reliability | 54 |
| ڕێگاکانی دەرهێنانی جێگیری | 55 |
| چۆن ئیش لەسەر ڕا پرسیەکەم بکەم؟ | 58 |
| چۆن ئەنجامی ڕا پرسیەکان بدۆزینەوە بۆ هەر نموونەیەك | 59 |
| چۆن ئیش لەسەر ڕا پرسی بکەین و ئەنجامی سامپڵێك چۆن بدۆزینەوە | 63 |

| | |
|---|---|
| ئەگەر برگەکان پۆزەتیف بن | 63 |
| ئەگەر برگەکان پۆزەتیف و نێگەتیف بن | 66 |
| چۆنیەتی نووسینی سەرچاوەکان | 76 |
| چۆنیەتی نووسینی توێژینەوە و ڕیکخستنی بەرگ و ناوەڕۆکی | 81 |
| بەشی یەکەم<br>چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە | 90 |
| بەشی دووەم<br>چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە | 92 |
| بەشی سێهەم<br>ڕێبازی توێژینەوەکە و ڕێکارییەکانی | 94 |
| بەشی چوارەم<br>خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان | 95 |
| بەشی پێنجەم<br>دەرەئەنجام و راسپاردە و پێشنیار | 97 |
| بەشی شەشەم<br>سەرچاوەکان و پاشکۆکان | 99 |
| نموونەی ئامادەکرنی پلانێکی توێژینەوە | 102 |
| نموونەی توێژینەوەیەك بەڕێبازی وەسفی ئەنجامدراوە | 113 |

# پێشەکی :

(بەناوی خودای گەورە و میهرەبان)

بیرۆکەی نووسینی ئەم کتێبە بۆ ماوەیەك پێش ئێستا دەگەڕێتەوە،لە ماوەی کەرەنتینەدا کاری زیاترم بۆ کرد.

لە میانەی گرنگی بابەتەکە بۆ خوێندکاران (خوێندکارانی قۆناغی چوارەم-پڕۆژەی دەرچوون)بەتایبەتی لەلایەك و هەوڵدان و خولیای تاکە کەسیم لەلایەکی تر هاندەر بوو بۆ بەردەوامیم.

لە ئەزموونی کارکردن و بواری خوێندن لە زانکۆدا و درك کردنم بەو پرسیارانەی کە خوێندکاران لە کاتی جێ بەجێ کردنی توێژینەوەدا کردوویانە ئەم نووسینەم بە پێویست زانی لە بواری توێژینەوەی زاستیدا.

توێژینەوەی زانستی و میتۆدەکانی توێژینەوە بابەتێکی گرنگە لەبواری پەروەردە و فێرکردن و هاوکات بۆ سەرجەم بوارەکانی ژیان، ڕۆژانە ئەبینین و ئەبیستین کەلێکۆڵینەوەی دارایی و ئابووری و سیاسی و هتد ,ئە نجام ئەدرێت و هۆکارێکی گرنگە بۆ پێشکەوتن ودۆزینەوەی چارەسەرەکان بۆ کێشەکانی ژیان.

لەگەڵ ئەو هەموو گرنگیەی میتۆدەکانی توێژینەوە هەیەتی بوارێکی فراوان و قورسە کەزۆر بەی کات خوێندکار توشی نارەحەتی دەکات و بێزاری دەردەبرن لەوەی چۆن شێواز و ڕێگاکان ئە نجام بدەن یاخود ئەو بابەتەی وەریانگرتووە چۆن دواتر بیکەنە پراکتیکی و توێژینەوە ئە نجام بدەن.

توێژینەوە لە بابەتێك و دیاردەکان بەتایبەتی لە بواری پەروەردە و دەروون ناسی دا بە چەند هەنگاوێك دا تێپەر دەبێت،توێژینەوە پێکدێت لە لایەنی تیۆری و پراکتیکی،سەرەڕای ئاماژە پێکردنی لایەنی تیۆری لەم نوسینەدا،بەڵام ڕوونکردنەوەی زیاتر بۆ لایەنی پراکتیکی و جێبەجێ کردنە،هەوڵدراوە وەڵامی زیاتری ئەو پرسیارانە بدرێتەوە کە توێژەر لە کاتی توێژینەوەدا ڕووبەڕووی دەبنەوە.

هەمیشە خولیایەکم هەبووە بۆ زانیاری زیاتر و شارەزابوون لە بوارە جیاوازەکاندا،بەندە دەرچووی بەشی (ماتماتیك و کۆمپیتەر)م لەکۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی، بواری پسپۆڕیم دوور بووە لە کارکردنم لە توێژینەوە و پەروەردە،بەڵام ئیشکردنم لەگەڵ مامۆستایەکی وەك بەڕێز( پرۆفیسۆری یاریدەدەر د.حسن فخرالدین )بە ئەزموون و سەرکەوتوو لە بواری پەروەردەدا، هۆکاری سەرەکیم بووە کە بەردەوام شتی لێوە فێر بم و هەوڵی زیاتر بدەم .

لە کۆتایدا خوازیارم ئەم کتێبە ببێتە سەرچاوەیەکی بە سوود بۆ خوێندکاران و هەرکەسێك کە لە بواری توێژینەوەدا کار بکات.

سەرکەوت جمال

١٠/١٠/٢٠٢٠ – سلێمانی

# دەروازەیەك
# بەرەوە گەشەی مەعریفەی تاك

## زانکۆ وەك هۆكاری پێشكەوتنی كۆمەڵگا:

یەكێك لە پایەكانی پێشكەوتن و گۆڕانی هەر كۆمەڵگەیەك زانكۆیە, زانكۆ لە زۆر جێگەی دنیادا داینەمۆی گۆڕان و شۆڕش و نوێبوونەوە و پێشخستنی كۆمەڵگە و وەلانانی كولتووری پاشكەوتووە, زانكۆ ڕاستەقینەكان بزوێنەری نوێبوونەوە و یاخیگەریین نەك كارگەی بەرهەمێنەری مرۆڤی دەستەمۆ و بڕوانامەدار.

زانكۆ ئەو نێوەندە ئەكادیمیەیە كە لێكۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی تێدا ئەنجام دەدرێت،خوێندكار ڕۆڵی سەرەكیە،سەنتەرە.

پێویستە ژینگەیەكی تەندروست و زانستی بخولقێت بۆ ئەوەی خوێندكار بتوانێ كاری داهێنەرانە پێشكەش بكات.

شارەزابوون لە بوارە جیاوازەكاندا ڕێخۆشكەرە بۆ ئەوەی خوێندكار بتوانێت كاری بەسوود پێشكەش بكات.

بۆ نموونە: بەشداری كردن لە سیمیناری زانستی،شانۆ و سینەما، پێشانگای وێنەكێشان،سەیركردنی فیلم،خوێندنەوەی كتێب...هتد.

بەڵام بەداخەوە لە ئێستادا خوێندكاری زانكۆی تاكێكی سستە و تەنیا ئامانجی بڕوانامەیەكە!

بێگومان ئەمەش دەرهاویشتە و ئەنجامی كۆمەڵێ هۆكار و باردۆخە.

## فێری فێربوون:

كاری سەرەكی سیستمی پەروەردە ئەوەیە خوێندكار فێری ئەوە بكات كە چۆن فێری فیربوون ببیت، واتە كە ویستی فێری شتێك ببێت، خۆی ئەوە بزانێت پەنا بۆ چ ڕێگەیەك ببات و چۆن فێر ببێت.

ئەم ڕستەیە بەو مانایەش دێتەوە كە خوێندكار دەبێ لەو پرۆسەیەدا توانای ئەوەشی هەبێت ئەو مەعریفە و زانستانە بدۆزێتەوە یان بەدەست بێنێ كە لە خوێندنگە، زانكۆ و لە ژیانی ڕۆژانەدا پێویستی پێیەتی.

هەر سیستمێکی پەروەردە ئەمە فێری خوێندکارەکان نەکات، دەیان سەدە لە دوای جیهانەوەیە. بە دیوێکی دیکەدا، ئەمە وەکو ئەوە وایە کە یەکێکی برسیت بینی، لە جیاتی ئەوەی فێری ڕاوکردنی ماسی بکەیت، ماسییەکی بە حازری بخەیتە بەردەست. سیستمی پەروەردەیی ئێمە خوێندکار فێری ڕاوە ماسیی ناکات و بۆ ئەمەش پێویستی بە تیۆریی مەعریفییە. بێگومان بۆ تێگەیشتن و پیادەکردنی فێری فێربوون، مامۆستاکان پێویستیان بە چەندین شتی دیکەش دەبێت بۆ ئەوەی وێنە گەورەکە ڕوون بێتەوە (بۆ شوێنی خۆی).

پەندێکی چینی دەڵێ: ئەگەر برسییەکت بینی، لە جیاتی ئەوەی ماسییەکی بدەیتێ، فێری ڕاوەماسیی بکە.

## داهێنانی مەعریفە و خیانەت (لە ڕێگەی قارەمانەکەت وەرگەڕێ):

بیرکردنەوەی داهێنەرانە و گەشەی مەعریفە لەسەر بنەمای جۆرێك لە خیانەت و دەرچوون و بێ وەفایی و رازینەبوون دامەزراوە. زۆر کەم ڕوودەدات خۆدۆزینەوە تەنیا لە خۆوە و لە ڕێگەی خۆوە بێت، جۆرێك لە قارەمان و پاڵنەر و دەستگر لە پشتی هەر بیریار، هزرمەندو داهێنەرێکەوە هەن. سوقرات مامانی پیاوان بووە(مامانی عەقلی)، دەڵێ، بیرۆکە و زانینی نێو خۆیان دەردەهێنم یاخود یارمەتیان دەدەم خۆیان و ڕێگەی خۆیان بدۆزنەوە. سوقرات ڕزگارکەری ئەفلاتون بوو، ئەفلاتون مامۆستای ئەرستۆ، کانت دەڵێ، هیوم لە خەوی دۆگما بە ئاگای هێنامەوە. کاریگەری شۆپنهاوەر و بە تایبەت ڤاگنەر لەسەر نیچە... ڕیزکردنی نموونەکان هێندە زۆرن دوایی نایەن.

ئەوەی لێرەدا گرنگە هەریەك لەو، مامۆستا و ڕابەر و قارەمانانەی لە پشت داهێنەرەکانەوە بوون، تێپەڕکراون یاخود باشترە بڵێم دەرچوون لەو ڕێگەیەی ئەوان و ڕێگەی خۆیان دۆزیوەتەوە.

دۆزینەوەی خۆ، ناچاری دەرچوون لە ڕێگەی ئەوانی دیت دەکات، ئەرستۆ یەکەم خوێندکارە ئەم دەرچوون و خیانەتەی بەشێوەیەکی ئاکاری جوان دەربڕیوە: حەقیقەتم لە مامۆستاکەم خۆشتر دەوێت.

مامۆستا و قارەمانەکانی ژیانمان تەنیا پردن، ناکرێت هێندە پیرۆز بکرێن هەنگاوەکانمان بشێوێنن، ڕێگەی خۆمانمان لێ ونبکەن، هەر مامۆستایەکیش ڕێگەگر بوو، مامۆستا نیە. هەرکات زریانی خۆدۆزینەوە لەلایەن خوێندکارەوە هەڵیکرد ڕێگەی مامۆستا خاپور دەکات و ڕێگەی خۆ دەستپێدەکات. بە وەفابوون و خیانەت نەکردن لە ڕێگەی ئەویدی مەرگی مەعریفەیە.

دەشێ وشەی خیانەت ناساز بێتە گوێ، وەلێ بنەمای جیابوونەوەی ڕێگەکان و خۆدۆزینەوەیە. داهێنەرو قارەمان و مامۆستاکان ئەو زەمینەن بۆ تۆوی خوێندکارە سرك و داهێنەرەکانیان ناسازن. ئەوان لە زەمینی مامۆستاکانیان نیشتەجێدەبن، وەلێ دواتر ماڵی خۆیان سازدەکەن و دەبێت ئەم زەمین و ماڵەی مامۆستاکانیان جێبهێڵن، مانەوە لە زەمین و ماڵی مامۆستاکان ڕۆحی داهێنەرانەی خوێندکار دەکوژێت.

نیچە سەبارەت بە ڤاگنەر دەڵێ: "ئێمە دوو هاوڕێین هیچ شتێك پێکەوە کۆمان ناکاتەوە، بەڵام هەریەکەمان بەختەوەری خۆی لەوی تردا دەبینێتەوە، تا ئەو ڕادەیەی هەریەکەمان یارمەتی ئەویتر دەدات بە ڕێگای خۆیدا بڕوات و ئەو ڕێگایەی بۆ خۆشدەکات، تەنانەت گەر ئەو ڕێگایە دژ بە ڕێگاکەی ئەویتریشمان بێت...بە مجۆرە دوو درەختین، بە تەنیشت یەکەوە، هەر یەکەمان ڕووی کردووەتە ئاسمان، لەبەرئەوەی یەکتر ڕادەکێشین". مانەوە لە هەمان زەمین و ماڵ یەکسانە بە کوشتنی ڕۆحی داهێنەرانەی خۆ، چونکە ڕێگەی خۆ ناچێتەوە ناو هەمان ڕێگە، دەشێت سەرەتا هەست بە هاوڕێگەیی بکرێت، وەلێ ئەمە فریوی سەرسامبوونە. دەرچوون لەم فریوە و یاخیبوون و خیانەتکردن دەستپێکی هەنگاوی بنەڕەتین بۆ داهێنانی مەعریفە.

عەبدوڕەحمان بەدەوی لە کتێبەکەی لەبارەی نیچە، لەسەر بە وەفایی خوێندکار و مانەوە لە ماڵی قارەمانان دەڵێ:

ئەو فەنابوونەیان لەناو کەسێتیی قارەمانەکانیاندا چ نییە جگە لە فێڵ و پەنابردنێك وەکو ئامرازێك یان دەمامکێك کە شەیتانی بلیمەتێتیان، کاری خۆی پێ دەشارێتەوە. لەو قارەمانانەیاندا فەنا دەبن، تا دواتر کەسێتیی ڕاستەقینەی خۆیان بدۆزنەوە...ئەمانە وەختێ لەناو دەریای قارەمانەکانیاندا نوقم دەبن، بۆ ئەوە نییە تیا بخنکێن، بەڵکو بۆ ئەوەیە مرواربیە ونبووەکانی خودی خۆیان تیا ببیننەوە". زۆرجاریش ڕوودەدات مرواربیەکەت لەوێ نیە.

## مەعریفەتناسی جەنەتیك Genetic epistemology:

ئەم بیردۆزە لەلایەن دەروونزان و فەیلەسووفی سویسری جان پیاجێ (1896 – 1980) Jean Piaget داڕێژراوە . لە ڕۆژگاری ئەمرۆماندا چەمکی جەنەتیك بەمانای میکانیزمەکانی Mechanism بۆماوەیی Heredity دێت .

ئەم بیردۆزە هەوڵ دەدات کە ئەو پرۆسەیە Process ڕوون بکاتەوە کە چۆن مرۆڤ لە ڕووی مەعریفیەوە گەشە دەکات Develop هەر لە ساتی لەدایکبوونەوە و بە درێژایی ژیانی .

پیاجێ پێیوایە کە گەشەسەندنی مەعریفە Knowledge پرۆسەیەکی زیندەزانیانەیە Biological ، واتە مەسەلەی خۆگونجاندنی Adaptation زیندەوەریکە Organism لەگەل ژینگەی Environment خۆیدا . ئەو هەروەها دەلێت کە ئێمە نازانین مەعریفە چییە مەگەر( Unless ) بەهۆی تێگەیشتمان لە چۆنیەتی بەدەستهێنانی( Acquire )، لە چۆنیەتی بەدەستهێنانی مەعریفەش تێناگەین مەگەر بەهۆی توێژینەوەی Investigations دەروونزانیانە و مێژووییانە .

بەگوێرەی ئەم بیردۆزە ئەو شێوازەی Method کە مرۆڤ دەیگرێتە بەر بۆ بەدەستهێنانی مەعریفە کاریگەری هەیە لەسەر پایەداریەتی ( یان برەوی ) Validity ئەو مەعریفەیە . بۆ نموونە ئەزموونە ڕاستەوخۆکان سەبارەت بە هێزی ڕاکێشانی زەوی مەعریفەیەکی برەودارترمان پێ دەبەخشێت لەو مەعریفانەی کە لە ئەزموونە ناڕاستەوخۆکان بەدەستمان دێت سەبارەت بە کونە ڕەشەکانی گەردوون چونکە ئێمە ڕاستەوخۆ دەستمان بەو کونە ڕەشانە ناگات کە چەندین ملیار کیلۆمەتر لە ئێمەوە دوورن .

## تیۆری گانییە و گەشەکردنی مەعریفی:

بەبۆچوونی گانییە( Robert Gagne )گەشەکردنی عەقڵی و مەعریفی پەیوەستە بەکەڵەکەبوون و گردبوونەوە و وەرگرتنی زانیاری و شارەزایی،واتە فێربونی شتی نوێ و کەڵەکەبوونی لەسەر فێربوونە کۆنەکان بەرپرسە لەگەشەکردنی عەقڵی فێرخواز، بەردەوام ئەو شتە نوێیانە زەحمەترو ئاڵۆزترن لەشت

**و زانیارییە کۆنەکان،هەرچەندە زانیاری و شتە کۆنەکان دەبن بە بناغەو سەرچاوە بۆ زانیاری و شتە نوێیەکان.**

**کەواتە گەشەکردنی زانیاری و مەعریفی دەرئەنجامی زنجیرەیەك فێربوون و گۆڕانکارییە کەفێرخواز تیایدا ڕۆڵی سەرەکی هەیە،فێربوون لەلای گانییە شێوەیەکی هەڕەمی وەردەگرێ ،بناغەی قوچەکەکە( هەڕەم )بریتیە لەفێربوونی نیشانەیی( التعلم الاشاری )کەئاسانترین جۆری فێربوونە ،بەڵام لوتکەی قوچەکەکە بریتیە لە فێربوونی چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان ،واتە تا لەبناغەی قوچەکەکەوە بەرەو سەرەوە و لوتکە سەرکەوێ،ئەوا جۆری فێربوونەکە زەحمەت و ئاڵۆزتر دەبێت.**

## سەرچاوەکانی مەعریفە

١. ئەزموون

٢. کەسانی بڕوا پێکراو

٣. بیرکردنەوەی هەڵهێنجانی

٤. بیرکردنەوەی پێوانەیی

٥. ڕێگای زانستی

## زانـــــست:

**چالاکییەکی مرۆڤە کەئامانجی تێگەیشتنی دیاردە سروشتییە هەمەجۆرەکانە لەڕێی دۆزینەوەی ئەو پەیوەندی و یاسایانەی کەکۆنترۆڵ و پێشبینی دیاردەکان دەکەن و پەیبردنن بەو ڕێگایانەی کە گونجاون بۆ کۆنترۆڵ و پێشبینیکردنی دیاردەکان.**

**زانست چالاکییەکی ئاڕاستەکراوە بەمەبەستی وەسف و پۆلێنی ئەو دیاردانەی کەلێیاندەکۆڵێتەوە،لەوەش زیاتر پەیوەندی نێوان دیاردە جیاوازەکان دەدۆزێتەوە،چونکە بەتەنها تێگەشتن لەدیاردە بەس نییە بۆ بەرقەرارکردنی زانست.**

## ئامانجەکانی زانست:

**زانست سێ ئامانجی سەرەکی هەیە کە پێك دێت لە:**

### ١ .تێگەشتن:

**ئامانجی سەرەکی زانستە و جیایە لەوەسفکردن ،چونکە تێگەشتن بەمانای پەیبردن دێت بەهۆکارەکانی دیاردە و فاکتەرەکانی ڕوودانی و بەتەنها ژماردنی خەسڵەتەکانی نیە، لەوەش گرنگتر زانینی چۆنێتی ڕوودان و هۆکارەکانی ڕوودانیەتی.**

**بەواتا زانینی پەیوەندی دیاردەکەیە بەو دیاردانەوە کە هۆکارن و بەوانەشەوە کەبەهۆیەوە ڕوویانداوە.**

### ٢ . پێشبینیکردن:

**توێژەر کەلەیاساکانی ڕوودانی دیاردەیەك تێگەشت ئەو کات بەهۆی زانیارییەکانیەوە دەتوانێت دەرئەنجام هەڵبهێنجێنێت و پێشبینی بکات.**

**کەواتە پێشبینی وێناکردنی ئەو ئەنجامانەیە کەئەشێت ڕووبدەن ئەگەر یاسا دۆزراوەکانمان بەسەردا پراکتیزە کردن.**

**هەتا لێکچوون لەنێوان دیاردەکەو ئەو دیاردانەدا هەبێت کە یاساو زانیارییە دۆزراوەکانیان بەسەردا پراکتیزە کردوون،ئەوا تواناى پێشبینیکردنیش زیاتر دەبێت.هەموو پێشبینییەکانیش پێویستە بەشێوەیەکی ئەزموونگەری تاقیبکرێنەوە تاوەکو راستی و دروستییان بسەلمێنرێت.**

## ٣.کۆنترۆڵکردن:

**زانست لەهەوڵی کۆنترۆلکردنی دیاردە جۆراو جۆرەکاندایە ئەم ئامانجەش پشت بەهەردوو ئامانجەکەی پێشتر دەبەستێت.بۆنموونە:ئەگەر پەروەردەکاران لەدیاردەی زیرەکی تێگەشتن و توانیان پەیوەندی زیرەکی بەخێرایی فێربوون و بەدەستهێنانی نمرەی بەرزەوە بدۆزنەوە،ئەوکات دەتوانن توێژینەوەی تایبەت بەخاوەن زیرەکی باڵاو ئەوانەش کەئاستی زیرەکییان نزمە ئەنجام بدەن و هەلومەرجی فێربوون بۆ هەردوو گروپەکە دەستەبەر بکەن.**

# میتۆدی توێژینەوەی زانستی

## ڕێبازی لێکۆڵینەوە:

ڕێبازی لێکۆڵینەوە بابەتێکی گرنگە بەتایبەت لە قۆناغی زانکۆدا، بە باشمان زانی بۆ بەرچاو ڕونی زیاتری خوێندکاران ، هەوڵبدەین بەچەند زنجیرەیەك ئەم بابەتە بخەینە ڕوو.

## میتۆدی توێژینەوەی زانستی :

بریتیە لەبەکارهێنان و گرتنەبەری ڕێگاو شێوازی زانستی بۆ گەیشتن بەڕاستییە نوێیەکان وسەلماندنیان لە پێناو دەوڵەمەندکردن و گەشەکردنی مەعریفەی مرۆڤایەتیدا.

## پێناسەی ڤان دالین بۆ میتۆدی توێژینەوەی زانستی :

هەوڵدانێکی وردو ڕەخنەگرانەیە بۆ گەیشتن بەچارەسەری ئەو کێشانەی ڕووبەروی مرۆڤ دەبنەوە و ڕێگرن لەبەردەمیدا.

## پێناسەی ڕۆمل بۆ میتۆدی توێژینەوەی زانستی :

ئامارو پشکنینی وردە بۆ دۆزینەوەی زانیاری و پەیوەندی نوێ و لێکۆڵینەوەیان تاکو مەعریفەی مرۆڤایەتی گەشە بکات و بەرەو پێشەوە بچێت.

## لێکۆڵینەوە چییە؟

لێکۆڵینەوە ئەو ڕێبازە دەگرێتەوە ،کە بەکار دەهێنرێت ،بۆ گەڕان بەدوای ڕاستییەکدا ،هەروەها دەرخستنوو پیشاندانی لایەنە شاراوەکانی بابەتێك.

هەروەها دەتوانین بڵێین لێکۆڵینەوە بریتییە لە دەرخستنی زانیاری لەسەر ئەو بابەتە،کە لە مێشکماندایە یان پەرە پێدانی ئەو زانیارییە بۆ ئەوەی لە ناونەچێت ،هەندێجاریش لێکۆڵینەوە بریتییە لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە لەکاتی هەڵبژاردنی بابەتەکەماندا لامان دروست بووە دەمانەوێت بگەینە ئەنجامێك یان چارەسەری کێشەیەکی پێبکەین.

لێکۆڵینەوە زانیارییەکانی مرۆڤ دەپارێزێت ،بۆ ئەوەی لەناو نەچێت،هەروەها وێنەی داهاتوی ژیانی ئادە میزاد دەکێشێت هەندێك جاریش گەشە بەو داهاتووە دەدات،یان دەبێتە بناغەی لێکۆڵینەوەکانی پاش خۆی.

## جۆرەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی:

زانست بابەتێکی دیاریکراوە بۆ لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵێك کەرەستە بەپێی پلانێکی دیاریکراو کەلێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکەین بۆ گە یشتن بە ئەنجامێك،بەڵام زانست خۆی لەخۆیدا دەکرێتە دوو بەشەوە:

زانستی پەتی سروشتی( کیمیا ،فیزیا بیرکاری....هتد

زانستی مرۆڤایەتی( مێژوو،جوگرافیا،کۆمەڵناسی،زمان....هتد.

## شێوازەکانی لێکۆڵینەوە:

لێکۆڵینەوە بە پێی مەودای کورتی و درێژی باسەکە دابەشدەکرێتە سەر دوو بەشی سەرەکی:

1. لێکۆڵینەوەی ئاسایی
2. لێکۆڵینەوەی دوور و درێژ

**لێکۆڵینەوەی ئاسایی یان وتارێکی کورت هەموو ئەو لێکۆڵینەوانە دەگرێتەوە،کە سنوری لێکۆڵینەوەکە دیاریکراوە و چەند پەڕەیەك دەگرێتەوە، بەڵام ئەمیش دابەش دەبێتەوە بەسەر سێ جۆری تردا :**

**1. وتاری گۆڤار و ڕۆژنامەکان.**

**2. بەحسی دەرچون لێکۆڵینەوەی قۆناغی زانکۆی.**

**ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیەش کە خوێندکاری زانکۆ ئەنجامی دەدات لەژێر چاودێری و دیدی مامۆستادا دەکرێت بە دوو جۆرەوە:**

**ا. ئەوڕا پۆرتە کورتانەی کە ڕۆژانە یان ساڵانە پێشکەش دەکرێت.**

**ب. ئەولێکۆڵینەوەی کە بە پێی نەخشەیەکی تایبەتی جێبەجێ دەکرێت و پێی دەوترێت بەحسی دەرچون.**

**3. لێکۆڵینەوەی کورتی باڵا:ئەو لێکۆڵینەوانە دەگرێتەوە کەدەکەوێتە قۆناغی دوای زانکۆ بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی بەکار دێت و لە گۆڤارێکی تایبەتی زانکۆدا بڵاو دەکرێتەوە.**

## چۆن بابەتێك یان ناونیشانێك بۆ لێکۆڵینەوە هەڵدەبژێرین؟

**1. گەڕان بەدوای سەرچاوە و لێکۆڵینەوەی پێشوتر .**

**٢. دوبارە نەبێت ( نوێ بێت )**

**٣. پێویستە سودی هەبێت.**

**٤. تواناو حەزی تۆ لەگەڵ چ بابەتێك دەگونجێت.**

**٥. سنوردار بێت.**

٦.وەڵامی پرسیارێك بداتەوە.

٧.ببێتە بناغە بۆ لێکۆڵینەوەی تر .

٨.لە سنوری پسپۆڕی توێژەردا بێت.

٩.تەواوکەری بابەتێکی تر بێت.

١٠.ناونیشان و بابەت یەکبگرنەوە.

لەڕێبازی لێکۆڵینەوەدا هەموو لێکۆڵەرێك کە سەرەتا دەست بە نوسینەوە یاخود لێکۆڵینەوە لەبابەتێك دەکات پێویستە ڕەچاوی چەند تێبینییەك بکات.

یەکەم هەنگاو بۆ لێکۆڵینەوە پێویستە ناونیشانێك دیاری بکات،بەڵام لە هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانەدا پێویستە زۆر بە وردی کاری بۆ بکرێت ،کەواتە دەکرێت بپرسین چۆن ناونیشانێك بۆ بابەتێك دیاری دەکەین؟

لێکۆڵینەوەی زانستی پێویستی بەوردی و زیرەکی لێکۆڵەر هەیە لە هەڵبژاردنی ناونیشانێکدا کە هەم لێکۆڵەرەکە وهەم لە سەرپەرشتیارەکە نزیك بێت،بۆ ئەوەی بە هەردوولا بگەنە ئەنجامێك کەکۆتای باسەکە دیاری دەکات، بەڵام ئەو بابەتە جگە لەوەی لە سنوری پسپۆری خۆتدایە پێویستە لێکۆڵەر حەزو خۆشەویستی بۆ بابەتەکە هەبێت،واتە بەزۆر بەسەریا نەسە پێنرا بێت،چونکە سروشتی مرۆڤ وایە هەرکاتێك بابەتێك لەگەڵ حەزو خولیای خۆیدا بگونجێت زیاتر تیایدا سەرکەوتو دەبێت،بەڵام ئەم خاڵە واناکات بەرژەوەندی خوێندکارەکەو کۆمەڵەکەی لەبەر چاو نەگیرێت ،چونکە زۆرینەی کۆمەڵ حەزو خولیای بە ئاڕاستەیەکە ،بەڵام پێویستییەکانی ئەو کۆمەڵە لە حەزو خولیای تاك فراوانترو گرنگترە.

لەگەڵ ئەمەشدا پێویستە بابەتەکە سنور دار بێت واتە چەند دانەیەك دیاری بکات لەناو کۆمەڵێکدا،هەروەها بابەتێکی نوێ بێت دووبارەی کارەکانی پێشتر نەبێت،بەڵکو بەردەوامی بدات بەکارەکانی پێش خۆی ،یاخود ببێتە بناغە بۆ لێکۆڵینەوەکانی داهاتوو.

لێکۆڵەر لە هەڵبژاردنی ناونیشاندا پێویستە بەرپرسیار بێت بەرامبەر بەو بابەتەی دیاری دەکات. واتە نابێت لایەنگری ناڕاستی بکات هەروەها بابەتەکە سەرنج ڕاکێش بێت ،بەڵام ئەم سەرنج ڕاکێشییەی لەناوەڕۆکەکەشیدا ڕەنگ بداتەوە . واتە نابێت تەنها گرنگی بە ناونیشان بدات ،یان ناوەڕۆکەکەی لەگەڵ ناونیشانەکەی یەکنەگرێتەوە.

ناونیشانی بابەتێك بۆ لێکۆڵینەوە دەبێتە ناسنامەی لێکۆڵەر بۆیە پێویستە زۆر بەوریای ئەم ناونیشانە هەڵبژێرێت و وەڵامی پرسیارێك بێت کە لە مێشکی خۆیدایە ،نەك لێکۆڵینەوەکەی بۆ گرنگیدان بە خواست و خولیای کەسانی دیکە بێت.

خاڵێکی گرنگی تریش کە پێویستە لێکۆڵەر ڕەچاوی بکات جگە لەوەی کە بابەتەکەی جێگای باس و لێکۆڵینەوە بێت و دەبێت سەرچاوەی پێویستیش بۆ ئەو بابەتە لەبەر دەستدا بێت.

## سودی لێکۆڵینەوە چیە؟

لێکۆڵەر کەسێکە کار دەکات بۆ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بە شێوازێکی ڕێکو پێك و پلان بۆ دانراو،ئەمەش یان وەکو بەشێك لە پێویستییەکانی یان حەزو خولیایەکە لەکاتێکدا هەستدەکات کەلێنێك هەیە لەبوارێکدا بۆیە هەوڵدەدات ئەو کەلێنە پڕ بکاتەوە.

## لێکۆڵەر بۆچی لێکۆڵینەوە دەکات؟

١.سەلماندنی ڕاستییەك.

٢.وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بوارە زانستییەکەی.

٣.بۆ چارەسەر کردنی کێشەیەك.

٤. بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری.

٥. بۆ خۆدەرخستن یان بۆ ناوبانگە.

٦. بۆ پاداشتی ماددی.

٧. خولیایەکە بۆ زاخاودانی مێشك.

٨. بۆ زیاتر لێکۆڵینەوە و تێگەیشتن لە بوارێکدا.

## لێکۆڵەر چیبکات بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەکەی کەموکوڕی نەبێت؟

١. ڕەچاوی بنەمای زانستی بکات.

٢. شێوازی نوسینی ئەکادیمی بێت.

٣. زانیاری و سەرچاوەکانی دروست و نوێ بێت.

٤. کارەکە بە ناتەواوی بەجێنەهێڵێت.

٥. ئامادەی ڕەخنەگرتن بێت لەخۆبوردە بێت بۆ ڕەخنە.

٦. بابەتەکە ڕون و ئاشکرا بێت.

٧. ستایش و بابەتی کەسی تێکەڵ نەکات.

٨. ڕاوێژکردن بەکەسانی بە ئەزموون.

## سیفەتی کەسی لێکۆڵەر دەبێت چۆنبێت؟

١. ڕاستگۆ بێت.

٢. پشودرێژ بێت( هێمن و لەسەر خۆبێت ).

٣.توانای لێکۆڵینەوەی هەبێت.

٤.چاونەترس بێت.

## پەیداکردنی سەرچاوەکان:

دوای هەڵبژاردنی بابەتەکە لێکۆڵەر دەستدەکات بە لێکۆڵینەوەی ئەو سەرچاوانەی کە پەیوەندیان هەیە بە بابەتەکەیەوە، پاشان دەستدەکات بە خوێندنەوەی سەرچاوەکان بەم شێوەیەیی خوارەوە:

**یەکەم:**

سەیری لیستی ناوەڕۆکی بابەتەکانی ئەو سەرچاوەیە دەکات دواتر دەچێتە ناو کتێبەکەو بە پێی ئەو بابەتە دەستدەکات بە خوێندنەوەی ،واتە لە لیستی ناوە ڕۆکەکەدا سەرناوی بابەت و ژمارەی پەڕە دیاری کراوە ،بۆیە دەتوانیت ئەوبەشەی کە پێویستی پێیەتی ڕاستەو خۆ دەیخوێنیتەوە.

**دووەم:**

لێکۆڵەر پێویستە بڕوانێتەلیستی سەرچاوەکانی ئەو کتێبەی لەبەر دەستیدایە ،بۆ ئەوەی ئەگەر کتێبێك کە پێشتر بەرچاوی نەکەوتووە ڕەنگە لەوێدا هەبێت ئەمەش هاوکاری دەکات بۆ دەستکەوتنی سەرچاوەی زیاتر بۆ بابەتەکەی.

**سێیەم:**

هەندێك کتێب بە تایبەتی هەموو سەرچاوە (ئینگلیزییەکان) لە کۆتایدا (index)( پێڕست)ی زۆربەی بابەتەکانی کتێبەکە دیاریکراوە بەژمارەی پەڕەکانییەوە ،بۆیە لێکۆڵەر هەر زانیارییەکی مەبەست بێت دەتوانێت بە ئاسانی لەوێدا بیدۆزێتەوە.

**چوارەم:**

ئەگەر هاتو سەرچاوەکەمان ئەلەکترۆنی بوو واتە لە کۆمپیوتەردا بوو بە شێوەی فایلی word یانpdf بو ئەوا دەتوانین لەڕێگەی وشەی find بگەڕێین بەدوای هەر وشەیەکا کە مەبەستمانە .

## توێژینەوە:

ئامانج لەم ئاستە زانستیە( بەکالۆریۆس/ماستەر/دکتۆرا )ئەوەیە :ڕاهێنانی خوێندکار لەسەر بەکارهێنانی ئەو زانیاری و کتێبانەی ئامادەن لەگۆشەی کتێبخانەکان، و دەرخستنی توانا و لێهاتوەکانی خوێندکارە لەسەر ڕێکخستنی زانیارییەکان و کۆکردنەوەیان وە هەروەها شیکارکردنی و کوردتکردنەوەی ئە نجامەکانی،ئەمە پاڵنەرێکی تەواوە بۆ خوێندنەوە و گەشەکردنی زانیارییەکانی لەو بەشەی کە پسپۆڕییەتی.

گرنگی توێژینەوە سنوردار ناکرێت بە پێی لا پەرەکانی بەڵکو گرنگییەکەی دەستنیشان دەکرێت لە پرۆگرام و شێوازە تایبەتەکەی و ئەوەشی کە دەریخستوە لەیاسا و ڕێساکان و ڕاستیە چەسپاوەکان،وە راستی ئەم توێژینەوەیەش لەوەدایە ئەبێتە خاڵی یەکلاکەرەوەی خوێندکاری لاواز و خوێندکاری سەرکەوتوو کەسەرکەوتنە زانستیەکانی دەرخستووە و تواناى وتوێژ و باوەڕپێکردنی لیژنەی گفتوگۆی زانستی هەیە کە سورە لەسەر ئەوەی ئەو شوێنی وانە و پسپۆڕیەکەی کەوتووە.

## پلانی توێژینەوە چیە :

پلانی توێژینەوە ئەو پرۆژەیە کە توێژەر دەیدات بەو لایەنەی کەتوێژینەوەکەی پێشکەشدەکات بەبەشە زانستییەکەی یاخود بەسەرپەرشتیاری توێژینەوەکەی یان هەردەزگایەکی زانستی دیکە لەم پلانەدا بەکورتی هەنگاوەکان و پلانی کارەکەی تیادا روونکراوەتەوە.

پێویستە توێژەر پێشتر پلانێکی وردی بۆ دانابێت و دیراسەی کردبێت کاتی باشی بۆتەرخان کردبێت،لەراستیدا پلانی توێژینەوە ئەبێتە هۆی دەرخستن و پیشاندانی توانا و ئاستی زانستی قوتابی لەلای لیژنەی هەڵسەنگاندنی زانستی پێویستە خوێندکار ریگە نەدات کەم و کورتی لە پلانەکەیدا هەبێت تاوەکو دووچاری رەتکردنەوە نەبێت.

## هۆکارەکانی ڕەتکردنەوەی پلان:

١. لاوازی داڕشتنەکە و زۆری هەڵەی زمانەوانی و ڕێنوسی لەبڕگە جیاوازەکانی پلانەکەدا.

٢. تێکەڵ کردن لەنێوان لقەکان و توێژینەوەکان یان هەر جۆرە تێکەڵکردنێ یان دووبارە کردنەوەی یان کۆکردنەوەی هەندێ توێژینەوە و زانیاری سەلمێنراو لەژێر لق و بەشی نەگونجاو بۆ ئەو بابەتە( ڕێکی و دانایی لە دانانی شوێنی گونجاو گرنگە ).

٣. خراپ پیشاندان و خستنەڕووی پلانەکە.

٤. نەبوونی زانیاری تەواوی خوێندکار لەسەر باس و بابەتەکانی توێژینەوەکەی( نەبونی زانیاری پێویست دەربارەی ناوەڕۆکی توێژینەوەکە ).

## پێویسە لە پلانی توێژینەوەدا توێژەر ئاماژە بەم لایەنانە بدات:

### ١. کێشەی توێژینەوەکە:

پێویستە توێژەر هۆکاری گونجاو بۆ هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکەی بخاتە ڕوو لیژنەی سەرپەرشتیار قەناعەت پێبکات و تێیان بگەیەنێت  کە ئەو بابەتەی ئەم هەڵی بژاردووە گرنگی خۆی هەیە و پێویستی بە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی هەیە.

### ٢. گرنگی توێژینەوەکە:

لێردە توێژەر باس لە سود و گرنگی توێژینەوەکەی دەکات و ئەو گرنگیانە باس دەکات کەلەئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە دەست دەکەون و باس لەو گروپ و چینە دەکات کە ئەم توێژینەوە سودی هەیە بۆیان.

### ٣. ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

لێرەدا پێویستە توێژەر ئەو ئامانجانەی هەیەتی لەتوێژینەوەکەی بە چەند خاڵێك بی خاتە ڕوو ئەشێت یەك ئامانج یان چەندین ئامانجی هەبێت و پێوسیتە بەشێوەیەکی ورد و ڕوون بیخاتە ڕوو کە

هەمووکەس لێی تێبگات یان ڕەنگە لەشێوەی پرسیاردا ئامانجەکانی بنوسێت و لەهەوڵی گەران بیت بەدوای وەلامەکانیدا.

### ٤.سنوری توێژینەوەکە:

پێویستە لەسنوری توێژینەوەکەدا ئاماژە بە هەر سێ لایەنی( مرۆیی یان بابەتی،جوگرافی و زەمەنی) بدرێت و ئەو سنورانە بەوردی دیاری بکرێت.

### ٥دیاریکردنی چەمك و زاراوەکان:

لێرەدا ئەو چەمکانە پێناسە دەکریت کەلەناونیشانی تویژینەوەکەدا هاتوون و بۆ هەر چەمکێك چەند پێناسەیەك دەنوسرێت و ئاماژە بە ناوی نوسەر و سەرچاوەکەشی دەکرێت.

### ٦.توێژینەوەکانی پێشوو:

لێرەدا توێژەر باس لەو توێژینەوانە دەکات کەلەبورای باتەکەی ئەودا ئەنجامدراون ئاماژە بەو توێژینەوانە دەکات کە دەست توێژەر کەوتوون.

### ٧.(میتۆد یان ڕێبازی) توێژینەوە:

لێرەدا توێژەر باس لەو ڕێگاو میتۆدانە دەکات کە بۆ ئەنجام دانی توێژینەوەکەی پشتی پێبەستووە و بەکورتی دەیخاتە ڕوو.

### ٨.ئامرازی توێژینەوە:

واتە ئەو ئامڕاز و کەرەستانەی لەتوێژینەوەکەدا بەکاردەهێنرێت بۆکۆکردنەوەی داتاو زانیاری وەك( چاوپێکەوتن ،فۆرمی ڕاپرسی، پێوەر،تێبینی) پێویستە دەستنیشان بکرێن و هۆکاری بەکارهێنانیان ڕوونبکرێتەوە.

**٩.کەرەستە ئامارییەکان:**

**ئەگەر لەتوێژینەوەکەدا پشت بەیاسا ئامارییەکان بەسترا بۆ تەواو کردنی توێژینەوەکە دەبێت ئەو کەرەستە و یاسا ئامارییانە دیاری بکرێن کە ئەگەری بەکارهێنانیان هەیە وەکو:**

**بەهای تائی یەك نموونە،بەهای تائی دوو نموونە،لادانی پێوەری یان بەرنامەی** spss.

**١٠.سەرچاوەکان:**

**بەبێ دەستکەوتنی سەرچاوە خوێندکار ناتوانێت کێشە و بابەتی توێژینەوەکەی دیاری بکات،بۆیە پێویستە توێژەر بگەڕێت بەدوای ئەو کتێب و گۆڤار و توێژینەوە و بڵاوکراوانەدا کەپەیوەندی بەباتەکەی ئەو هەیە و ژمارەیەك لەو سەرچاوانە بخاتە ڕوو و ئاماژە بەوە بکات کە بەدوای سەرچاوەی دیکەش دەگەڕێت.**

**ئەوەی باسکرا ئەو پلانەیە کەپێویستە تویژەر ئامادەی بکات و پێشکەشی لایەنی پەیوەندیداری بکات بەڵام زۆر جار لەکاتی ئەنجامدانی توێژینەوەکەدا گۆڕانکاری لەو پلانەدا روودەدات ئەوەش شتێکی ئاساییە.**

**هۆکارەکانی رەتکردنەوەی بابەت( توێژینەوەکە ):**

**١.بوونی توێژینەوەیەکی پێشتر کەهەمان بابەتی لەخۆ گرتبێ و هەمان لق و بەش و توێژینەوەی پلانی قوتابی تیابیت،یان نەتوانێت بروا بەخوێنەر بێنێت کەتوانای هەیە زانیاری تازە و زیادەی تیا هەبێت کەلەتوێژینەوەکانی پێشوودا لەلایەن کەسی دیکەوە نەکراوە.**

**٢.زۆر گەورە بوون و فراوانی توێژینەوەکە بە شێوازێ توێژەرەکە هەست نەکات، بۆیە ئەمیش ئەبێتە هۆی ئەوەی قبوڵکردنی بابەتەکە زۆری بوێت و نەتوانرێت بەئاسانی هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت ئەوەش ئەبێتە هۆی رەتکردنەوەی بابەتەکە.**

٣.کەمی توێژینەوەکەی بەشێوازێ کەبەشی توێژینەوە لەسەر کردن نەکات.

٤.گرانی توێژینەوەکە لەسەر قوتابی

## میتۆد Method:

**مانای میتۆد لەزماندا:** ڕێگەی ڕوون و ڕۆشن دەگەیەنێت.

**لە( لسان العرب )دا هاتووە:** ڕێگایەك کە ڕوون و ئاشکرا بێت، و ئەو ڕێگایە ڕوون بووەوە و دەرکەوت.

**میتۆد:** ڕێگەی ڕوونە، و ڕێگەیەکی ڕاستە.

جا زاراوەی میتۆد لە سەدەی حەڤدەهەمەوە لەسەر دەستی فرانسیس بیکۆن و ژمارەیەك زانای دی سەری هەڵدا.کەگرنگییان بە میتۆدە ئەزموونییەکان دەدا،هەرچەندە پێشتر کۆمەڵە میتۆدێکیش لەئارادا هەبوون موسڵمانەکان پەیڕەویان دەکرد.

**مانای زاراوەیی میتۆد:** ڕێگەی توێژینەوە چەند پێناسەیەکی بۆ کراوە کە ئەمانەی خوارەوە هەندێکیانن:

١.ئەو ڕێگەیەئە کە دەتگەیەنێتە ڕاستەقینەی زانستەکان،ئەویش بەهۆی کۆمەڵە یاسایەکی گشتیەوە،کەهەژموونیان بەسەر ڕەوشی عەقڵەوە هەیە و کۆدەکانی دەستنیشان دەکەن تاوەکو عەقلی مرۆڤ دەگاتە دەرەنجامێکی زانراوەوە.

٢.کۆمەڵە یاسایەکی گشتییە توێژەر پشتیان پێ دەبەستێت بۆ ڕێکخستنی ئەو بیرو بۆ چوون و زانیاریانەی کەلەبەر دەستیدان ئەویش لە پێناو گەیشتن بەو دەرەنجامانەی کەخوازیاری گەیشتنە پێیان.

بە گوزارشتێکی دیکە دەکرێ بوترێت میتۆد ئەو ڕێگەیەیە کە توێژەر بۆ نووسینەوەی توێژینەوەکەی پشتی پێ دەبەستێت،ئەم میتۆدەش لەزانستێکەوە بۆ زانستێکی دیکە و لەبابەتێکەوە بۆ بابەتێکی دیکە دەخەینەڕوو.

## میتۆدەکانی توێژینەوەی زانستی:

(Methodology)زانستی میتۆدەکان ئەو زانستەیە کە باس لەڕێسا و یاسا و ئەو ڕێگایانە دەکات پێویستە توێژەر بیانگرێتەبەر بۆ بەئەنجام گەیاندنی توێژینەوەکەی.ئەم زانستە کۆمەڵە ڕێگایەك پێشکەش دەکات و بەگوێرەی بواری توێژینەوەکە و بەگوێرەی فرەیی زانستەکان و هەمەجۆری بابەتەکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت.چونکە هەر زانستێك میتۆدی تایبەت بەخۆی هەیە هەرچەندە هەندێك میتۆد هەن لە ویست و خواستەکانیاندا هاوبەشن.

ئێمەش لەبەر ئەوەی خوازیاری ئەوەین ئەم باسە لەکورتیدا ببڕینەوە و قسەکردنەکانمان تەنها لەسەر (توێژینەوەی پۆل) ڕاهێنەرانە دەوەستێت.لەبەر ئەوە زۆر باس لەمیتۆدەکان ناکەین.هەرچەندە بەشی خۆشیان گرنگن هۆکارەکەش ئەوەیە نامانەوێت مێشکی خوێندکار بشلەژێنین.چونکە مەبەستمان لەم کورتەیە هاندانی خوێندکارە لەسەر نووسین و توێژینەوە بۆیە تەنها کورتەیەکی پێویست لەسەر میتۆدەکان دەخەینە ڕوو:

### ١.میتۆدی ئەزموونی Experimental Method:

لەنێوان میتۆدەکاندا ورترین میتۆدی توێژینەوەیەو ڕەنگە لەهەموویان ئاڵۆز و قورستر بێت.لەم ڕێبازەدا توێژەر بەتەنها دۆخەکە وەسف و دیاری ناکات و چالاکییە زانستییەکەی هەر ئەوەندە نییە کەتێبینی ئەو ڕەوشە بکات کە هەیە بەڵکو لەوەش زیاترەو هەڵدەستێت بەچارەسەرکردنی فاکتەرەکانی توێژینەوەکەی و بەشێوەیەکی وردو سیستماتیك کۆنترۆڵیان دەکات تاوەکو لەهۆکارەکانی بەرقەرار بوونی ڕووداوێك بکۆڵێتەوە.

لەئەزموونگەریدا کۆنترۆڵی فاکتەرەکانی هەڵوێستەکە دەکرێت و تەنها یەکێك لەفاکتەرەکان ڕەها دەکرێت تا بزانێت بەچ ئاستێك ڕۆڵی لەڕوودانی هەڵوێستەکەدا هەیەو دواتر ئەنجامەکەشی بەوردی هەژمار دەکرێت. لەم میتۆدەدا بەمەبەستی تاقیکردنەوەی گریمانە ئەزموون بەکاردەهێنرێت و بڕیار بەسەر پەیوەندی نێوان دوو فاکتەر یان دوو گۆڕاودا دەدرێت

**لەم میتۆدەدا پێویستە توێژەر ئەم هەنگاوانە جێ بەجێبکات**

١. **کێشەی توێژینەوەکەی دیاری بکات.**

٢. **پلان بۆ ئەزموونەکەی دابڕێژێت و تیایدا تەواوی گۆڕاوەکان دیاری بکات و دیزاینی ئەزموونەکەی تاقیبکاتەوە.**

**دیزاینی ئەزموونیش بریتیە لەو نەخشەو پلانەی کەتوێژەر لەئەزموونەکەدا جێبەجێی دەکات.**

٣. **دوای کۆکردنەوەی هەموو ماددەکان، ئەزموونەکە ئە نجام بدات.**

٤. **ئەو ئە نجامە هەڵبسەنگێنێت کە ئەبێت بوونی هەبێت.**

**ئەم میتۆدە لەزانستە سروشتیەکاندا بۆ توێژینەوە بەکاردەهێنرێت و تیایدا توێژەر دەبێ پشت بەئەزمون و تێبینکردن و بینین ببەستێت.**

**هەرکاتێك گریمانەکان لەتاقیکردنەوەدا سەرکەوتن. ئەوکاتە شتێکمان بۆدەستەبەر دەبێت، کە بە( تیۆر Theory )ناودەبرێت، هەرکاتێکیش بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە لەسەر ڕاست و دروستی تیۆرەکە دروست بوو، بەبێ ئەوەی دژیەك بێت لەگەڵ تیۆرێکی دیکەدا. ئەو ساتە وەختە دەرئە نجامێکمان بۆ دروست دەبێت کە پێی دەوترێت( یاسا ).**

## ٢. میتۆدی مێژوویی Historical method:

**هەر دیاردە و ڕووداوێك کە لەڕابردوودا ڕووی دابێت و هەموو ئەو دیاردانەش کە باکگراونی مێژووییان هەیە و ئەوا بەڕێگەی میتۆدی مێژووی توێژینەوەیان لەسەر دەکرێت.**

**ئەم میتۆدە بە( دیکۆمێنتاری )ش ناودەبرێت و بەوە پێناسە دەکرێت کە:( کۆمەڵە ڕێگە و تەکنیکارییەکە، توێژەری مێژوویی و مێژوونوس پەیڕەویان دەکات، بۆ گەیشتن بە ڕاستەقینە مێژووییەکە و بونیادنانەوەی ڕابردوو بەهەموو هەڵوێست و ڕووداوەکانیانەوە ).**

کەواتە ئەم میتۆدە بۆ گێڕانەوەی ڕووداوە بەسەرچووەکان بەکاردەهێنرێت،وەکو خۆی بەبێ هیچ زیاد و کەمییەك:لەبەر ئەوە بە میتۆدی( هێنانەوە )ش ناودەبرێت.هەروەها لەسەر کۆمەڵە یاسایەك دەوەستێت،کەیارمەتیدەرن بۆ تێگەیشتنی مێژوو چ وەکو دەق و چ وەکو ڕووداو بەبێ هیچ تێکەڵکێشی و تەمومژییەك،ئەمەش پشت بە ڕەچاوکردنی پرۆسەی بە بەڵگەکردنی دەقەکان و پاككردنەوەیان لەهەموو لار و لەوێریەك دەبەستێت،هەروەها پەیوەندی بەتێگەشتنی مەرامە ڕاستەقینەکانیەوە هەیە،ئەویش پاش ئەوەی لە بوارە سروشتیەکەی خۆیدا دادەنرێت.

## میتۆدی مێژوویی:

بریتیە لە پراکتیزەکردنی ڕێگای زانستی بۆ وەسف و شیکاری ئەو ڕووداوانە و هەڵێنجانی دەرئەنجامی لۆژیکی بۆ تێگەشتن و راڤەکردنیان،ئەمەش بەتوێژەرێك دەکرێت کەخاوەن سەلیقەو عەقڵ و ئەندێشەیەکی کارا بێت تا بتوانێت بەکاری بەراوردکاری هەڵبسێت و بەمەبەستی تێگەشتن لەئێستا و پێشبینی کردنی ئاینده دادوەری بکات.

## هەنگاوەکانی توێژینەوەی مێژوویی:

١.هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوە.

٢.کۆکردنەوەی ماددەی مێژوویی.

٣.ڕەخنەگرتن لەماددەی مێژوویی.

٤.دارشتنی گریمانە بۆ لێکدانەوەی ڕووداوەکان.

٥.لێکدانەوەی ئەنجامەکان و نووسینی را پۆرتی توێژینەوە.

## ٣.میتۆدی عەقلی Rational Method:

ئەم میتۆدە بەوە پێناسە دەکرێت کە (میتۆدێکی گونجاوە بۆ توێژینەوەی بنەما عەقڵییەکان و لەسەر یاسای زانستی لۆجیك دامەزراوە و دەوەستێت).ئەم میتۆدە لە زۆربەی توێژینەوە ئیسلامییەکان پشتی پێ دەبەسترێت.سەرباری بوارەکانی فەلسەفە و زانستی بنەماکانی فیق و زانستی کەلام.

## ٤.میتۆدی وەسفی Descriptive method:

دیارترین میتۆدی توێژینەوەی زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتیەکانە،بەتایبەتیش لەبواری پەروەردەو سایکۆلۆژیاو کۆمەڵناسی و ڕاگەیاندندا،بەرفراوانترین میتۆدە و تەواوی ئەو توێژینەوانە دەگرێتەوە کەجەخت لەسەر دیاردەو ڕووداوەکانی ئێستا دەکەنەوە.

واتا هەر دیاردەیەك کە لەئێستای ژیانی تاك و گروپ و کۆمەڵگەدا بوونی هەبێت و لەئارادا بێت و هەنووکەیی و بەرقەرارین بەو ئامانجەی دیارییان بکات و لایەنەکانی بدۆزێتەوەو پەیوەندی نێوان ڕەگەزەکانی دەربخات یاخود پەیوەندی دیاردەکە بەدیاردەکانیترەوە بخاتە ڕوو.

سنورەکانی ئەم میتۆدە تەنها لەوەسفکردندا ڕاناوەستێت بەڵکو شیکار و لێکدانەوە و بەراورد و هەڵسەنگاندنیش بۆ دیاردەکان دەکات.

لەوەش زیاتر هەر بەئێستاو رابردووەوە ناوەستێت لەهەوڵی ئەوەدایە پێشبینی بۆ ئایندەش بکات.

ئەم میتۆدە بەوە پێناسە دەکرێت کە (شێوازێکە لە شێوازەکانی شیکردنەوەی زانیاری دەربارەی دیاردەیەك یاخود بابەتێکی دەستنیشانکراو یان قۆناغێك لە قۆناغەکانی مێژوو، بەشێوەیەکی ورد و چڕ و پڕ.

ئەویش بەمەبەستی بەدەستهێنانی دەرئەنجامی زانستی پاشان شرۆڤەکردنی بەشێوەیەکی بابەتیانە کەلەگەڵ پێدراوە کردەییەکانی دیاردەکە بگونجێ)

ئەم میتۆدە پشت بە وەسفکردنی دیاردەیەك لە دیاردەکان دەبەستێت بە مەبەستی پەیبردن بە هۆیەکانی دیاردەکە و ئەو فاکتەرانەی کە کۆنترۆڵی دەکەن.هەروەها هەڵهێنجانی دەرئە نجامەکان بەمەبەستی گشتاندنیان جا توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی و بەتایبەت زانستەکانی جوگرافیا و کۆمەڵایەتی و مرۆیی هەموو پشت بەم میتۆدە دەبەستن میتۆدی وەسفی چەند شێوازێك لەخۆ دەگرێت:

**أ.شێوازی ڕووپێوی Survey Method:**

بە پێی ئەم شێوازە دیاردەکە بەگشتی دەخرێتە بەر توێژینەوە واتە دەبێ دیاردەکە بەهەموو فاکتەر و هۆکارەکانی لێکبدرێتەوە.ئەمەش بە( بەدواداچوون )ناودەبرێت.

**ب.شێوازی( حاڵەت بارودۆخ Case method ):**

ئەم شێوازەش یەك حاڵەت یان چەند حاڵەتێك لەخۆ دەگرێت و توێژینەوەیەکی قووڵی بۆ دەکرێت لەگەڵ شیکردنەوەی هەموو فاکتەرە کاریگەرەکان و گرنگیش بەسەرا پای ئەو حاڵەتە دەدرێت کەبۆ توێژینەوە لەبەردەسدایە.

**پ.شێوازی شیکردنەوەی حاڵەتەکە Case Analysis:**

ئەم شێوازە پشت بە وەسفێکی ڕێك و وردی ناوەرۆکی دەقە نووسراوەکە یان گوێبیستییەکە دەبەستێت.لەم شێوازەدا تەنیا زانیارییەکان لەم دەقانەوە وەردەگیرێن بەبێ هیچ پێویستییەك بۆ بەکارهێنانی سەرچاوەی دیکە بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی زانیاری.

## هەنگاوەکانی توێژینەوەی وەسفی

### یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

١. دیاریکردنی کێشە.

٢. دەرخستنی گرنگی کێشە.

٣. ئامانجەکانی توێژینەوە.

٤. سنوری توێژینەوە.

٥. دیاریکردنی زاراوە و چەمکەکان.

### دووەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە:

١. ئەو تیۆرانەی لەبابەت و گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە دوواون.

٢. تاوتوێی تیۆرەکان.

٣. توێژینەوەکانی پێشوو.

٤. تاوتوێی توێژینەوەکانی پێشوو.

### سێیەم: ڕێبازی توێژینەوەکە و ڕێکارییەکانی:

١. دیاریکردنی میتۆدی بەکارهاتوو.

٢. دیاریکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوە.

٣. دیاریکردنی سامپڵ و شێوازی هەڵبژاردنی.

٤. دیاریکردنی ئامرازی توێژینەوە.

٥. کەرەستە ئامارییەکان.

**چوارەم :ئە نجامەکانی توێژینەوە و تاوتوێکردنیان.**

**پێنجەم :دەرئە نجام و ڕاسپاردە و پێشنیارەکان.**

**شەشەم :سەرچاوەکان و پاشکۆکان.**

## ٥ .میتۆدی تەواوکاری Integrative method:

**ئەم شێوازە وادەخوازێت کە لەیەك میتۆد زیاتر بەکاربهێنرێت بۆ ئەوەی تەواوکارییەك لەنێوانیاندا دروست ببێت.بۆ نموونە زانستی ئاخاوتن لەوانەیە لەسەر پایەی هەردوو میتۆدی عەقڵی و مێژوویی بوەستێت.**

**لێرەدا چەندەها میتۆد هەن کە باسیان ناکەین وەکو میتۆدی ئاماریی و میتۆدی ڕواڵەتی و میتۆدی بەراوردکاریی و میتۆدی مشتومڕی.**

## کۆمەڵگەی توێژینەوە:

**بریتیە لەسەرجەم ئەو تاکانەی لەخەسڵەتێکی تێبینیکراودا هاوبەشن وەکو( مرۆڤ،دامەزراوەکان، پرۆگرام،گۆڤار،.....هتد ) .**

## چەند نموونەیەك لە کۆمەڵگەی توێژینەوە

**خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٠-٢٠٢١.**

**مامۆستایانی باخچەکانی منداڵان لەشاری سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٠-٢٠٢١**

**سەرجەم ڕۆژنامە نووسەکانی هەرێمی کوردستان.**

**فەرمانبەرانی وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٠-٢٠٢١.**

**سەرجەم مامۆستایانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لەبواری دەرونزانی پەروەردەیی.**

**سەرجەم باخچەکانی منداڵانی پارێزگای سلێمانی بۆ ساڵی ٢٠٢٠-٢٠٢١.**

## سامپلی توێژینەوە:

**بریتییە لەبەشێك لەو کۆمەڵگەیەی کە خەسڵەتێکی هاوبەشی تێدایە و نوێنەرایەتی کۆمەڵگەکەی دەکات.**

## نموونەی سامپڵ وەرگرتن:

**ڕێژەی لە ٪٢٠ خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٠-٢٠٢١.**

**مامۆستایانی باخچەکانی منداڵان لەشاری سلێمانی بۆساڵی خوێندنی ٢٠٢٠-٢٠٢١ لەسەنتەری شاری سلێمانی.**

**سەرجەم ئەو ڕۆژنامە نووسانەی تەمەنیان لەخوار ٤٥ ساڵەوەیە.**

**سەرجەم فەرمانبەرانی میلاکی خوێندنی باڵا بۆساڵی خوێندنی ٢٠٢٠-٢٠٢١ کە لەناو وەزارەت دەوام دەکەن.**

**سەرجەم مامۆستایانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لەبواری دەرونزانی کە پلەی زانستیان پرۆفیسۆرە.**

## جۆرەکانی کۆمەڵگە:-

**1 . کۆمەڵگەی دیاریکراو( پارامەتریك ): وەك خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی، یان ژمارەی فەرمانبەرانی فەرمانگەیەك.**

2 . کۆمەڵگەی نادیار( نا پارامەتریك ): وەك ژمارەی ئەو کەسانەی کە شت لە بازاڕ دەکڕن، یان جۆری ئەو شتانەی کە زۆرترین کڕیاری هەیە. واتە ئەمە ئەو شتانە ئەگرێتەوە کە بە پێی کات و شوێن دەگۆڕێن و کەس ناتوانێت ژمارەکانیان دیاری بکات.

**توێژەر لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە پەنا بۆ هەڵبژاردنی نمونەیەك لە کۆمەڵگەکەی دەبات:-**

1. کاتێك ژمارەی تاکەکانی کۆمەڵگەکەی زۆر زۆر بێت و نەتوانرێت زانیاری لەسەر هەموو تاکەکانی کۆبکرێتەوە.
2. کاتێك کە توێژەر لەبەر هۆکاری (ئەمنی، تایبەت) نەتوانێت بگاتە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی و زانیاری پێویست دەربارەیان کۆبکاتەوە.
3. کاتێك توێژەر بودجەی پێویست و کاتی زۆری لەبەردەست نەبێت.

**بۆ دیاریکردنی بڕ و جۆری ئەو سامپڵەی کە توێژەر وەریدەگرێت پێویستە چەند هەنگاوێك پەیڕەو بکرێت:**

1. دەستنیشانکردنی ئامانجی توێژینەوە بە وردی و ڕوونی و ڕاشکاوی، چونکە لە ڕێگەی ئامانجەوە سامپڵ دیاریدەکرێت، هەروەك چۆن لە ڕێگەی ناونیشانی توێژینەوەوە ئامارەکانی سامپڵ بەدیاردەکەون.
2. دەبێت کۆمەڵگەی توێژینەوە لە ناونیشانی توێژینەوەکەدا بوونی هەبێت.
3. جۆری توێژینەوەکە (وەسفییە، ئەزموونگەرییە ...هتد) بۆچوونەکان تا ئەندازەیەك لەسەر ئەوە کۆکن کە جۆری توێژینەوەش ڕۆڵی لە دیاریکردنی ژمارەی خەمڵێنراوی سامپڵەکەدا هەیە.

**بەگشتی لەڕووی قەبارە و ژمارەوە دوو جۆر سامپڵ هەیە:**

1. **سامپڵی گەورە: ئەو سامپڵەیە کە ژمارەی ئەندامەکانی 30 کەس و زیاترە.**
2. **سامپڵی بچوک: ژمارەی ئەندامەکانی لە 30 کەس کەمترە.**

**دەبێت بگوترێت، هیچ ڕێگایەکی نموونەیی لە وەرگرتنی سامپڵدا نییە کە بۆ هەموو توێژینەوەیەك لەبار و گونجاو بێت. باشترین سامپڵیش کە لە توێژینەوەدا وەربگیرێت، پشت بە یەك ڕێگە نابەستێت، ئەوە ئامانجی توێژینەوەکەیە کە ڕێگای وەرگرتنی سامپڵ دیاریدەکات. لە توێژینەوەدا مەرج نییە تەنها ڕێگەیەك پەیڕەو بکرێت، دەکرێت زیاتر لە ڕێگەیەك بۆ وەرگرتنی سامپڵ بگیرێتەبەر. شارەزایان پێیانوایە ئەوەندەی ڕێگای وەرگرتنی سامپڵ گرنگە و دەبێت بایەخی پێبدرێت، ژمارەی ئەندامانی سامپڵ گرنگ نییە.**

**جۆرەکانی سامپڵی توێژینەوە:**

**بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆر سامپڵ هەیە (هەڕەمەکی یان ئەگەرایەتی المعاينە الاحتماليە**Probability Sample **) لەگەڵ (ناهەڕەمەکی یان نائەگەرایەتی المعاينە اللااحتماليە** Probability Sample-Non **) هەریەك لەو دوو جۆرەش چەندین لقیان لێدەبێتەوە. توێژەر دەتوانێت بە تەنها پشت بە یەك جۆر ڕێگای وەرگرتن نەبەستێت و هەموو ڕێگاکانی وەرگرتنی سامپڵ لە بەردەمیدا والایە، دیارە لەمەشدا ئامانجی توێژینەوەکەی بڕیاردەرە.**

## یەکەم: سامپڵی هەڕەمەکی یان ئەگەرایەتی

**دیارترین جۆری ئەم سامپڵە ئەمانەن:**

1. **سامپڵی هەڕەمەکی سادە.**

2. **سامپڵی هەڕەمەکی ڕێکخراو.**

3. **سامپڵی هەڕەمەکی چینایەتی.**

4. **سامپڵی هەڕەمەکی فرە قۆناغ یان هێشویی.**

5. **سامپڵی بازنەیی.**

## دووەم: سامپڵی ناهەڕەمەکی نائەگەرایەتی

**دیارترین جۆرەکانی ئەمانەن:**

1. **سامپڵی مەبەستدار.**

2. **سامپڵی پشکەکان.**

# چۆن توێژینەوە ئەنجام بدەم؟

## توێژینەوەی زانستی :

پرۆسەیەکی ڕێکخراوە توێژەر هەڵدەستێ بەکۆکردنەوە داتا و زانیاری دەربارەی کێشەیەك یان ڕوودا و دیاردەیەك بەمەبەستی گەشتنە ئەنجامێك و چاکسازی کردن لە لایەنە لاوازەکان و زیاتر بەرەو پێش بردنی لایەنە بەهێزەکان.

بۆ نموونە کاتێ نەخۆشی یان ڤایرۆسێك بڵاو دەبێتەوە ڕۆژانە لە تیڤی و سۆشیەڵ میدیاوە دەبینین و دەبیستین کە بەردەوام توێژینەوە ئەنجام ئەدرێت تاوەکو هۆکار و چارەسەر بدۆزرێتەوە بۆ ئەو حاڵەتە بەمەبەستی ئەوەی بەر لەو دیاردەیە بگیرێت و کۆنتڕۆڵ بکرێت.

لەبواری دەرونی و پەروەردەیشیدا زۆر دیاردە هەن کە بەردەوام پێویستیان بە توێژینەوەی زانستی هەیە تاوەکو بتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێن و کەسانی پەروەردەکار بزانن چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو دیاردانەدا بکەن بۆ نموونە بونی دیاردەکانی ترس و شەرم و دڵەڕاوکێ و ڕاکردن لە قوتابخانە....هتد.

وە چەندین حاڵەتی تر کە پێویستە توێژەران لەخەمیدابن و ئیشی لەسەر بکەن.

## چۆن توێژینەوە ئەنجام بدەم؟

لای هەمووان ئاشکرایە کاتێك خوێندکارانی زانکۆ دەگەنە قۆناغی چوار پێویستیان بە پرۆژەی دەرچوون هەیە بەلام زۆرێك لەخوێندکاران نازانن چۆن دەست بکەن بەئەنجام دانی ئەو پرۆژەیەو پێویستە چی بکەن ،هەرچەندە لە قۆناغی پێشتر زانیاریان وەرگرتووە بەلام زۆر جار بەهۆی کەمتەرخەمی و گوێ پێنەدانی خوێندکاران زانیاریەکانیان بیرچۆتەوە.

توێژینەوەی زانستی وەك پێشتر باسمان کرد ڕێگایەکی زانستیە بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری دەربارەی کێشەیەك دوای ئەوەی توێژەر هەست بەبوونی ئەو کێشەیە دەکات ئەویش دوو ڕێگایە یان ئەوەیە مامۆستا کێشەیەك بۆ خوێندکارەکانی دیاری دەکات و داوایان لێدەکات کەتوێژینەوەیەکی زانستی لەسەر

ئەنجام بدەن بەمەرجێ لە توانای خوێندکارەکاندا هەبێت بەسەرپەرشتی مامۆستاکە خۆی بەردەوام زانیاریان پێدەدات.

یاخود مامۆستا ڕێگە بە خوێندکارەکان دەدات خۆیان بیربکەنەوە و کێشەیەك یان حاڵەتێك دیاری بکەن بەمەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی لەسەر ئەو حاڵەتە و دۆزینەوەی ڕێگە چارە بۆی.

دوای ئەوەی کێشەکەمان دیاری کرد پێویستە ناونیشانێکی بۆ بنوسین کە کورت و پوخت بێت چەمکە سەرەکیەکانی لەخۆی گرتبێت لەڕووی زمانەوانیە بەباشی داڕێژرابێت و وشەی نەشیاو و نەگونجاوی تیا نەبێت هەروەها زاراوەی بێگانەی تیانەبێت بۆ نموونە ئەگەر ناونیشانەکە کوردی بوو پێویستە هەمووی کوردی بێت واتە نابێ زاراوەی عەرەبی بەکاربهێنرێت ئەگەر لەبەرامبەریدا زاراوە کوردیەکە هەبوو.

## چۆن دەست بکەم بەنوسینی توێژینەوەکەم؟

## ڕێبازەکانی توێژینەوەی زانستی:

بۆ ئەنجام دانی توێژینەوەی زانستی چەند ڕێگایەکمان هەیە کەهەر یەکەیان تایبەتمەندی و شێوازی خۆی هەیە و تایبەتە بە بوار و بارو دۆخ و زەمەنێك :

### ١. ڕێبازی مێژووی:

هەر لەناوەکەیەوە دەر دەکەوێت کە بابەتێکە لە ڕابردوودا ڕوویداوەو ئێمە دێین لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەین.

### ٢. ڕێبازی وەسفی:

دیارترین ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتیەکانە،بەتایبەتی لەبواری پەروەردە و دەرونزانی و کۆمەڵناسی....هتد

باوترین جۆری ڕێبازەکانی لێکۆڵینەوەیە و زۆر بەی توێژەران ئەم ڕێبازە بەکاردێن و جەخت لەسەر دیاردە و ڕووداوەکانی ئێستا دەکەنەوە.سنورەکانی ئەم ڕێبازە تەنها لەوەسفکردندا ناوەستێت بەڵکو

**شیکار و لێکدانەوەو بەراورد و هەڵسەنگاندیش بۆ دیاردەکان دەکات وە هەوڵ دەدات پێشبینی بۆ داهاتوو بکات.**

**لەم جۆرە ڕێبازەدا پێویستە توێژەر فۆڕمی پێوانەکار یاخود فۆڕمی ڕاپرسی ئامادە بکات تاوەکوو لە بواری مەیدانیدا کارەکەی جێ بە جێ بکات .**

# فۆڕمی ڕاپرسی چیە و چۆن ئامادە دەکرێت؛

## فۆڕمی ڕا پرسی الاستبیان:

**یەکێکە لە ئامڕازە گرنگەکانی توێژینەوە لەزانستە مرۆییەکاندا زۆرترین بەکارهێنانی هەیە.**

**ئەم ئامڕازە بریتیە لەکۆمەڵێك برگەو پرسیار کە کەسی هەڵبژێردراو بۆ وەڵامدانەوەی ڕا پرسیەکە بەبێ یارمەتی توێژەر وەڵامیان دەداتەوە،مەرج نیە توێژەر خۆی ئامادە بێت بەڵکو ئەتوانێت را پرسیەکە بنێرێت بۆی .**

**لەم فۆڕمەدا داتا و زانیاری دەربارە هەست و نەست ، پاڵنەرەکانیان،دید و بۆچوون و بیروباوەڕو حەز و ئارەزووی تاکەکەسەکان وەردەگیرێت واتە ئەو بوارانەی کە رەنگە نەتوانین لەڕیگەی ترەوە زانیاریمان لەسەری دەست کەوێت.**

**پێویستە لەسەر فۆرمەکە زانیاری تەواو دەربارە ناونیشان و ناوی توێژەرەکە بنوسرێت و پێویستە دڵنیایی بدرێتە کەسی لێکۆڵراو کە زانیاریەکانی پارێزراون و تەنها خۆی دەزانێت چی وەڵامێکی داوەتەوە و ناوی خۆی لەسەر فۆڕمی را پرسیەکە نانوسێت. وە ڕێنمای بکرێت کە چۆن وەلام بداتەوە.**

## جۆرەکانی فۆڕمی را پرسی:

**بەگشی فۆرمی را پرسی لە سێ بەش پێکدێت:**

### ١.فۆڕمی را پرسی کراوە:

**لەم جۆرەدا لێکۆڵراو ئازادە لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان و هیچ کۆت و بەندێکی لەسەر نیە،بەویستی خۆی گوزارشت لەبیر و باوەڕەکانی خۆی دەکات بەرامبەر هەر پرسیارێك لێیکراوە هیچ وەڵامێك دانەنراوە تاکو یەکێکیان هەڵبژێرێت.**

### ٢. فۆڕمی را پرسی داخراو:

لەم جۆرەیاندا لێکۆڵراو ئازاد نیە چی وەڵامێك بنوسێت بەڵکو پێویستە لەنێوان دوو وەڵامدا بۆ نموونە ( بەڵێ،نەخێر ) یەکێکیان هەڵبژێرێت و بژاردەی سێهەمی لەبەردەمدا نیە.

### ٣. فۆڕمی را پرسی نیمچە کراوە:

نیمچە داخراویشی پێدەوترێت واتە لێکۆڵراو ئازادە لەهەڵبژاردنی یەك بژاردە لەنێوان چەند وەڵامێکدا بۆهەر پرسیارێك کەئاراستەی کراوە( أ،ب،ج،د،ە )داخراوە چونکە بۆی نیە لەوانە زیاتر هەڵبژێرێت وەکراوەیە چونکە وەڵامەکان لە دووان زیاترە ،وە واباشترە کە بژاردەکان لە پێنج زیاتر نەبێت تاکو پرۆسەی هەڵبژاردن قورس نەبێت.

### بنەماکانی دارشتنی بڕگەو پرسیارەکان:

١. پێویستە پرسیارەکان راستەوخۆ لەئەندامی سامپڵی توێژینەوەکە بکرێت ،واتە کەسەکە ڕای خۆی بنوسێت نەك بەناوی هەموانەوە وەلام بداتەوە.

٢. پێویستە هەر برگەیەك تایبەت بێت بەیەك پرسیار.

٣. پرسیارەکە لەڕووی زمانەوانیەوە ڕوون و ئاشکرا بێت.

٤. دوورکەوتنەوە لەوشەی ئاڵۆزو فرە مانا.

٥. هەر وشەیەك زیادەو بێ ڕۆڵ بوو باشترە لابرێت با رستەکە کورت و پوخت وپرمانا بێت.

٦. بڕگەکە بەجۆرێك دانەڕێژرێت ئاماژە بکات بەیەکێك لەوەڵامەکان.

٧. پرسیارەکان پەیوەندیان بە بابەتەکەوە هەبێت و نابیت لێی لابدات.

٨. دەبیت رستەی تەواو بیت و بیرۆکەکەی لەخۆ بگرێت،واتە رستەیەکی بەسود بێت. نموونە:

**( 1 )    وازت لەخوێندن هێناوە: أ.بەڵێ    ب.نەخێر**

**( 2 ) ئەگەر بەڵێ بوو:**

**أ.ئابوری(    )   ب.کۆمەڵایەتی(    )   ج.سیاسی (    )**

**٩.هەوڵبدریت پرسیارەکە وەها بکریت تەنها یەك وەلام راست بێت.**

**١٠.بڕگەکان ژمارەیان بۆ دادەنریت( ٤، ٣، ٢، ١، ....... )**

## چۆن فۆرمی را پرسی ئامادە بکەم و چی بکەم دوای ئامادەکردنی؟

**دوای ئەوەی توێژەر ناونیشانێك دیاری دەکات بۆ ئەنجام دانی توێژینەوەیەکی زانستی لەبواری زانستە :مرۆییەکاندا پێویستمان بە ئامادەکردنی فۆرمێکی را پرسی هەیە تاوەکو لەرێگەی ئەو فۆرمەوە داتاو زانیارییەکان کۆبکەینەوە و دواتر لەڕێگەی یاساکانی ئامارەوە ئەو پەیوەندیە ئەدۆزینەوە کە لە پێناویدا زانیاریمان کۆکردۆتەوە.**

## چۆن فۆرمی را پرسیەکەم ئامادە بکەم؟

**بۆ ئامادەکردنی فۆرمی را پرسی توێژەر ئەتوانێت را پرسیەکی کراوە ئەنجام بدات و چەند پرسیارێك ئاراستەی کەسانی بەشدار بوو بکات کە بە ئازادانە وەلام بدەنەوە و دواتر لەڕێگەی وەڵامەکانی ئەوان فۆرمێکی را پرسی گونجاو ئامادە بکات و بڕگەکانی بەشێوەیەکی زانستی گونجا و تاییەت بە ناونیشانی سەرەکی بێت.**

**یاخود ئەتوانێت خۆی فۆرمێکی را پرسی ئامادە بکات بە ڕاوێژکردن لەگەڵ سەرپەرشتیارەکەیدا.**

یــــاخود ئــەتوانێت سود لــەو ڕا پــرسیانــە وەربگرێت کــە پێشوتــر ئــە نجام دراون و نــزیکن لــەو بابەتەوە.

## باشتر وایە کاتێك فۆڕمی ڕا پرسیەکە ئامادە دەکەیت ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکەیت:

١ .واباشتر کە سەرجەم بڕگەکان( پرسیارەکان ) بڕگەی ئەرێنی بن بۆ ئەوەی لەکاتی کردارە ئاماریەکاندا ئاڵۆزیمان بۆ دروست نەکات ،وە ئەگەر برگەکانیش تێکەڵ بیت کێشە نابیت بەڵام کەمێ ئیشەکەمان قورسترە ئەکات.

## مەبەست چیە لەبرگەی ئەرێنی و برگەی نەرێنی:

مەبەستمان لەو پرسیارەیە کە ئاراستە کراوە ئایا کردارەکەی ئەرێیە یان نەرێیە، بۆنموونە

١ .منداڵ هەست بەئارامی "ئەکات "لە باخچەدا.( ئەرێنیە )

٢ .منداڵ باخچەکەی خۆش دەوێت ( ئەرێنیە )

٣.منداڵ هەست بە ئارامی ناکات لەباخچەدا.( نەرێنیە )

٤ .منداڵ باخچەکەی خۆشناوێت ( نەرێنیە )

**واتە بۆ زانینی ئەرێنی و نەرێنی برگەکەمان سەیری کردارەکەی ئەکەین بزانین چیە.**

٢ .باشتر وایە کە ژمارەی برگەکان زۆر بێت چونکە تاوەکو ژمارەی بڕگەکان زۆرتر بێت زانیاری زۆر تروو وردتر کۆدەکەینەوە دەربارەی ئەو دیاردەیە وە بە پێچەوانەوە.

**هەرچەندە زۆری پرسیار دەبێتە هۆی وەرس بوونی وەڵامدەران رەنگە بەشێك زۆر بەمەزاجی خۆی دانێت و نە یخوێنێتەوە، وە باشترە ئەگەر ژمارەی بڕگەکان جوت بێت نەك تاك.**

**٣.باشتر وایە ژمارەی بژاردەکان لە پێنج زیاتر نەبێت ،کاتێك وەڵامدەر سەیری دەکات دەتوانێت بە ئاسانی بەراوردیان بکات و وەڵامەکە دیاری بکات.**

## دوای ئەوەی فۆڕمی را پرسیەکەم ئامادە کرد چی بکەم؟

**ئێستا فۆڕمی ڕا پرسیەکەم ئامادەکردووە پێویستە ئەو فۆرمەی کە ئامادەت کردووە پێشەکیەکی بۆ بنوسیت کە تاییەتە بە فۆرمی را پرسی شارەزایان سەیری فۆڕمی ژمارە( ١ ) بکە.**

**فۆڕمی ( 1 )**

**(( ڕا پرسی شارەزایان لەسەر برگەکانی پێوەری توێژینەوەکە ))**

**مامۆستای بەڕێز**.................................................

**پاش ڕێز وسلاو**....

**توێژەران هەڵدەستن بەئەنجامدانی توێژینەوەیەك بە ناونیشانی ( ناونیشانی توێژینەوەکە دەنوسین )، ئیوەی بەڕێزیش وەك مامۆستایەکی پسپۆر وشارەزا لە بوارەکەدا دەستنیشان کراون، بۆ دەستنیشان کردنی شیاوی ونەشیاوی وڕادەی شایستەیی ئەم بڕگانەی بەردەستتان، توێژەران لە بەرامبەر ماندوبونتان سوپاس و پێزانینیان هەیە بۆ سەرەنج و بۆچونەکانتان.**

**ناوی مامۆستا :** ..................................... **پلەی زانستی :** ..................................

**پسپۆر :** ............................................... **شوینی کار:** ........................................

**توێژەران :** **سەرپەرشتیار**

**ناوی توێژەرەکان** **ناوی سەرپەرشتیار**

**ئەو فۆرمە تایبەتە بەکەسانی شارەزا و پسپۆڕ لەبواری پەروەردەیی و دەروونی دا تاوەکو پلەی زانستی شارەزاکان بەرزتر بێت باشترە ، پێویستە هەر کەسێك لەو شارەزایانە فۆرمێکیان پێبدرێت تاوەکو گونجاوی و نەگونجاوی بڕگەکانمان بۆ دیاری بکە کە واباشترە ژمارەی شارەزاکان لە پێنج کەمتر نەبێت و وە پێویستە کە تاك بن ( ٩،٧،٥،....... )**

**وە بە پێی ئەو وەڵام وتێبینیانەی ئەوان پێمان ئەدەن ئەگەر ( ٥٠+ ١ ) پێیان وابوو کە پێویستە بڕگەیەك بگۆڕیت یان لابدرێت ئەوا پێویستە داوکاریەکە جێ بەجێ بکرێت، وە ئەگەر کەمتر لە نیوە وتیان ئەوە ئەتوانیت برگەکە وەك خۆی بهێڵیتەوە ،بۆ نموونە بۆ پێنج کەس ٣ کەسیان وتیان بڕگەی سێهەم لابدە پیویستە لای بدەیت،بەڵام ئەگەر دوو کەس وتبووی لاییدە تۆ ئازادی لەوەی بەقسەیان بکەیت یاخود نا، وە ئەم وەلامدانەوەیە ئاستی راستگۆیی فۆرمی را پرسیەکەمان بۆ دیاری دەکات.**

**تێبینی : ئەو فۆرمەی پێشکەشی شارەزاکان دەکرێت وەڵامەکانی بریتین لە :**

| بڕگەکان | شیاوە ( گونجاوە ) | نەشیاوە ( نەگونجاوە ) | تێبینی |
|---|---|---|---|

## دوای ئەوە چی بکەم :

**دوای ئەوەی فۆڕمەکانمان دابەشکرد بەسەر شارەزاکاندا دوای ماوەیەك لێیان وەردەگرینەوە و دووبارە پێداچوونەوە بە فۆڕمەکاندا دەکەین و سەیری تێبینیەکان دەکەین ئەگەر پێویست بوو گۆڕانکاریەکان دەکەین بە پێی مەرجەکان کە پێشتر ئاماژەم پێکرد پاشان فۆڕمەکەمان دووبارە ڕێك دەخەینەوە و پێشەکیەکی بۆ ئامادە دەکەین کە تایبەتە بەو کەسانەی کە سامپڵی تویژینەوەکەمانن سەیری فۆڕمی ژمارە ( ٢ ) بکە.**

**فۆرمی ( 2 )**

**زانکۆی سلێمانی**

**کۆلێجی پەروەردەی بنەڕت**

**بەشی باخچەی منداڵان**

**( مامۆستای بەڕێز...... ) یان ( خوێندکاری بەڕێز......... )**

**توێژەران هەڵدەستن بەئە نجام دانی توێژینەوەیەك دەربارەی( ناونیشانی توێژینەوەکە دەنوسین ) لەمەوە هەندێك بۆچون دەخەینە بەردەستت کە نمونەی تایبەتن لەوانەیە پەسەند ببێت یان لەوانەیە پەسەند نەبێت,داواکراو لەتۆ ئەوەیە کەئەم دەستەواژانە بەشێوەیەکی ورد و بابەتیانە بخوێنیتەوە پاشان دانانی نیشانەی ( √ ) لەژێر یەکێك لەو (سێ ) یان ( پێنج ) جێگرەوەی کەلەبەردەستدایە بەرامبەر هەردەستەواژەیەك کەئاماژەی پێکراوە.**

**داواکارین هیچ برگەیەك بێ وەڵام بەجێ نەهێڵیت,بۆزانینت جگە لەتوێژەران کەسی تر وەڵامەکانت نابینێت.**

**سوپاس بۆهاوکاریتان.**

**توێژەران :** **سەرپەرشتیار**

**ناوی توێژەرەکان** **ناوی سەرپەرشتیار**

**ڕەگەز : نێر ( ) , مێ ( )**

**یان**

**حکومی( ) , ناحکومی( )**

**واباشترە کە ڕێژەی لە ١٠٪ کۆمەڵگاکە بە سامپڵی توێژینەوە وەربگرین تاوەکو ورد تر و گشتگیر تر بێت توێژینەوەکەمان، وە ئەگەر ژمارەکە زۆر بوو ئەتوانین ١٠٠ کەس بە سامپڵ وەربگرین و فۆرمی را پرسیەکەمان دابەش بکەین بەسەریاندا ئیتر ئەو کەسانە منداڵ یان خوێندکار یان مامۆستا. ...هتد هەرکەسێك بن.**

**وە پێویستە لەبەردەم هەر برگەیەکدا کە نوسراوە چەند بژاردەیەك درابێت بۆ ئەوەی یەکێکیان هەڵبژێریت ،کەواباشترە ژمارەی بژاردەکان تاك بێت بۆنموونە سێ بژاردە یان پێنج بژاردە زۆر گونجاوە وەکو:**

**زۆر ڕازیم ، ڕازیم ، ناڕازیم**

**هەمیشە ، هەندێ جار ، هەرگیز.**

**بەو شێوەیە کەسانی بەشدار بوو تەنها یەك بژاردە دیاری دەکەن. دواتر هەموو فۆرمەکان کۆدەکەینەوە و لەڕێگەی کەرەستە ئاماریەکانەوە پەیوەندیەکە ئەدۆزینەوە بە پێی ئاما نجە دیاری کراوەکان.**

**تێبینی:ئەگەر ئاما نجەکەمان وا دانابوو کە جیاوازی بکەین لەنێوان بۆ نموونە ڕەگەزی نێر و مێ یان حکومی و ئەهلی ،ئەوا پێویستە لەسەر فۆرمەکە بەشدار بوو دیاری بکات کە کام لەو داواکراوانەیە.**

**دواتر لەڕێگەی (ت.تێستی یەك نموونە) و (ت.تێستی دوو نموونە) یان هەرکەرەستەیەکی پێویستی ئامارییەوە ئاما نجەکا نمان ئەدۆزینەوە.**

## جێگیری ( الثبات ) Reliability:

**یەکێك لەخەسڵەتە گرنگەکانی ئامڕازەکانی توێژینەوە کە پێویستە پێش ئەوەی ئامڕازەکە پراکتیزە بکەین و دڵنیابین لەبوونی خەسڵەتی جێگیرییە.**

**گرنگی پێوانەکردنی نمرەی جێگیری ئامڕازی توێژینەوە لەوەدایە کەهەرکات بەکارمانهێنا هەمان ئەنجامان پێبداتەوە ئەو ئامرازەی ناجێگیرە و هەرجارەو ئەنجامێکمان دەداتێ ناکرێت پشتی پێببەستین و بڕوا بە ئەنجامەکانی بکەین گومان لەسەر توێژینەوەکەشمان دروست دەکات، بۆیە جێگیری بەو مانایە دێت کە ئامڕازەکەمان چەند جار لەگەڵ هەمان گروپ و سامپڵ و لەهەمان هەل و مەرجدا جێ بەجێبکرێت هەمان ئەنجامان بداتێ.**

### ڕێگاکانی دەرهێنانی جێگیری:

**توێژەر بەچەند ڕێگەیەك دەتوانێت بەهای جێگیری ئامڕازی توێژینەوەکەی بدۆزێتەوە، لێرەدا باسی دوو جۆری گرنگیان دەکەین.**

### یەکەم :ڕێگای دووبارە کردنەوە

**لەم ڕێگەیەدا ئامرازی توێژینەوەکە دووجار بەسەر هەمان سامپڵدا جێبەجێدەکریت بەمەرجێك ماوەی زەمەنی نێوان هەردوو تاقیکردنەوەکە لەسێ هەفتە کەمتر نەبێت چونکە لەو ماوەیەدا کەسەکە لەیادی دەچێت پرسیار و برگەکانی فۆرمەکەی چۆن و بەچ شێوازێك وەڵامداوەتەوە. ئەمەش بۆ ئەوەیە هۆکاری یادەوەری کەسەکە رۆڵی لەجێگیری وەڵاکانیدا نەبیت.**

**مەرج نیە ژمارەی ئەندامانی سامپلی جێگیری بەقەد ژمارەی سامپلی توێژینەوەکە بێت ئەتوانرێت کەمتربێت بەڵام باشتر وایە ژمارەی سامپڵەکە لە ( ٣٠ - ٥٠ ) ئەندامبێت وە ئەتوانرێت کەمتریش بێت**

**بەڵام تاوەکو زیاتر بێت باشتر و راستگۆیانە ترە وە دواتر لەڕێگەی کەرەستەی ئامارییەوە هاوکۆلکەی پەیوەندیەکە دەربهێنرێت بە پێی بەهاکەی بریاری بەسەردا دەدرێت.**

**خۆ ئەگەر بەهای پەیوەستبوونەکە(١ )بوو،ئەوە مانای وایە وەلامی کەسەکان لەهەردوو تێستەکەدا سەد لەسەد وەکو یەکن و هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە. بەلام ئەگەر (-١ ) بوو واتە وەڵامەکانیان پێچەوانەی یەکترن هەتا هاوکۆلکەی پەیوەست بوونەکە بەرزتر بێت ئاماژەیە بۆ جێگیری ئامرازی توێژینەوەکە بەگشتی بەلای شارەزایانەوە ئەگەر بەهاکە(٦٠.٠ )بوو ئەوا پەسەندە و ئەگەر زیاتر بوو وایە (٨٠.٠ ) ئاماژەیە بۆ زیاتر جێگیری ئامرازی توێژینەوەکە.**

## دووەم :ڕێگەی بەنیوەکردن

**لەم ڕێگەیەدا دوای ئەوەی فۆرمەکان دەدرێت بەئەندامانی سامپلی توێژینەوەو ئەوانیش وەڵامی سەرجەم بڕگەکانی دەدەنەوە، پاشان ئەبێت برگەکان دابەش بکەین بەسەر دوو گروپدا گروپێکیان هەموو ئەو بڕگانەی کە ژمارەکانیان تاکە(١،٣،٥،٧،٩،......) و گرووپەکەی تریش هەموو ئەو بڕگانەی کە ژمارەکانیان جووتە(٢،٤،٦،٨،١٠،.....) پاشان لەڕێگەی کەرەستەی ئامارییەوە هاوکۆلکەی پەیوەست بوون لەنێوان برگە تاك و برگە جووتەکاندا دەردەهێنرێت و بە پێی بەهاکەی بڕیاری بەسەردا دەدرێت. وەك ئەم نموونەیە**

| نمرەی پێدراوی ئاماری | | 3 | 2 | 1 |
|---|---|---|---|---|
| ژ | بڕگەکان | هەمیشە | هەندێ جار | دەگمەن |
| ١ | دودڵ دەبم پێش ئەوەی لەمامۆستاکەم پرسیاربکەم لەکاتی وانەکەدا | √ | | |
| ٢ | سەرم لێتێکدەچێت کاتێك لەگەڵ هاوڕێکەم قسەدەکەم | | √ | |
| ٣ | هەست بەبێتاقەتی دەکەم لەکاتی بونی بێگانە لەپۆلەکەدا | | | √ |
| ٤ | سەختی دەبینم لەخستنە ژێر پرسیاری ئەو زانیاریانەی کەنایانزانم | √ | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٥ | هەست بە پەشۆکاوی دەکەم لەکاتێکدا داوای وەڵامی پرسیارێکم لێدەکەن | | √ | |
| ٦ | هەست دەکەم ناتوانم گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕێکانم بکەم | √ | | |
| ٧ | سەرم لێ تێك دەچێت کاتێك ڕووبەڕوی هەڵوێستێك دەبمەوە | | | √ |
| ٨ | هەست بەپەشۆکاوی دەکەم کاتێك نان یان ئاو لەگەڵ کەسانی تر دەخۆم | | √ | |
| س | سەرجەمی بڕگە تاکەکان دەکاتە 3+2+2= 7 | 3=3⋆1 | 2=2⋆1 | 2=1⋆2 |
| ص | سەرجەمی بڕگە جووتەکان دەکاتە 6+4+0= 10 | 6=3⋆2 | 4=2⋆2 | 0=1⋆0 |

**پێرسۆن و سپێرمان:**

$$١ - \frac{٦ \text{ مج } \text{ف}^{٢}}{\text{ن}(\text{ن}^{٢} - ١)}$$

سپێرمان

$$\frac{\text{مج س ص} - \frac{(\text{مج س})(\text{مج ص})}{\text{ن}}}{\sqrt{\left[\text{مج س}^{٢} - \frac{(\text{مج س})^{٢}}{\text{ن}}\right] \star \left[\text{مج ص}^{٢} - \frac{(\text{مج ص})^{٢}}{\text{ن}}\right]}}$$

پێرسون

**تێبینی:ئەتوانین شێوازێکی دیکە بەکاربهێنین بۆ ڕێگای بەنیوەکردن ئەویش ئەوەیە،نیوەی یەکەمی بڕگەکان بکەین بە( س ) و نیوەی دووەمی بڕگەکان بکەین بە( ص ).**

**واتە ئەگەر ڕا پرسیەکەمان پێکهاتبوو لە ٢٠ بڕگە ئەوا:**

**لەبڕگەی ١ تا ١٠ ئەبێت بە( س ).**

**لەبڕگەی ١١ تا ٢٠ ئەبێت بە( ص ).**

# چۆن ئیش لەسەر ڕا پرسیەکەم بکەم؟

**دوای تەواو بوونی ڕیکارەکانی ڕاپرسی واتە دوای هەڵسەنگاندنی لەلایەن چەند شارەزایەکی بواری دەروونی و پەروەردەیی و دۆزینەوەی ڕاستگۆی و دواتر جیگیری بۆ ڕاپرسی پێویستە کۆمەلگا و سامپل( نموونە )ی تویژینەوەکەمان دیاری بکەین, چۆن؟**

**بۆنموونە ئێمە تویژینەوەیەکمان هەیە لەسەر مامۆستایانی باخچەکانی منداڵان لەشاری سلیمانی**

**واتە کۆمەڵگاکەمان سەرجەم مامۆستایانی باخچەکانی منداڵانە لەشاری سلێمانی پێویستە ژمارەی مامۆستایان بزانین لەو ساڵەدا کە تویژینەوەکەمان تیادا ئەنجامداوە و واباشرە کە ریژەی لە ٪۱۰ ئەو ژمارەیە وەربگرین وەك نموونەی تویژینەوەکەمان تاوەکو وردتر و گشتگیرتر بێت وە ئەگەر باردۆخ گونجاو نەبوو یان نەتوانرا دەتوانریت ۱۰۰ مامۆستا وەك نموونە دیاری بکریت بەشێوازێکی هەڕەمەکی و راپرسیەکانیان بەسەردا دابەشبکریت و بکرێنە نموونەی تویژینەوەکەمان.**

**چۆن ئەنجامی ڕاپرسیەکان بدۆزینەوە بۆ هەر نموونەیەك:**

**سەرەتا پێویستە سەرنج بخەینە سەر پرسیارەکان(بڕگەکان ) بزانین ئایا هەمووی پۆزەتیڤە یاخوود نێگەتیڤیش هەیە لە پرسیارەکاندا.**

**ئەگەر تەنها پۆزەتیڤ بوو ئەو بەم شێوەیە ژمارە ئەدەین بەوەڵامەکان:**

**ئەگەر سێ وەلام بوو:**

**۳ ۲ ۱**

**ئەگەر پێنج وەلام بوو:**

**٥ ٤ ۳ ۲ ۱**

**بەڵام ئەگەر پرسیارەکان تیکەڵ بوو لە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ ئەوە بەم جۆرە ژمارەیان پێدەدریت**

**پۆزەتیڤەکان ۳ ۲ ۱**

**نێگەتیڤەکان ١ ٢ ٣**

**واتە بۆ ئەو برگە پۆزەتیڤەی ژمارە ٣ وەردەگرێت ئەگەر برگەیەکی نیگەتیڤ هەبوو ئەوا ژمارە ١ پێدەدریت.**

**یاخوود ئەگەر پێنج وەلام بوو:**

**پۆزەتیڤ ٥ ٤ ٣ ٢ ١**

**نێگەتیڤ ١ ٢ ٣ ٤ ٥**

**سەیری ئەم نموونانە بکە**

| ئەگەر پێنج وەلام بوو / پۆزەتیڤ | | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژ | بڕگەکان | هەمیشە | زۆرجار | هەندێك جار | بەدەگمەن | هەرگیز |
| 1 | زۆر کات دەستەواژەی (نەخۆشم) بەکاردەهێنێت | | | | | |
| 2 | هەستەکانی بەرامبەر مامۆستاکانی دەردەبڕێت | | | | | |
| 3 | حەزوو ئارەزووەکانی دەربارەی جۆری خۆراکەکان دەردەبڕێت | | | | | |
| 4 | بە پێی ئارەزووەکانی جۆری یاریەکان هەڵدەبژێرێت | | | | | |
| 5 | گوزارشت لە ئارەزووەکانی دەکات دەربارەی هەڵبژاردنی ڕەنگی پەسەند | | | | | |

| ئەگەر پێنج وەلام بوو / پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ | پۆزەتیڤ | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێگەتیڤ | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 |
| ژ | بڕگەکان | هەمیشە | زۆرجار | هەندێك جار | بەدەگمەن | هەرگیز |
| 1 | زۆر کات دەستەواژەی (نەخۆشم) بەکاردەهێنێت | | | | | |
| 2 | هەستەکانی بەرامبەر مامۆستاکانی دەردەبڕێت | | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 3 | حەزوو ئارەزووەکانی دەربارەی جۆری خۆراکەکان دەردەبڕێت | | | | | |
| 4 | بە پێی ئارەزووەکانی جۆری یاریەکان هەڵدەبژێرێت | | | | | |
| 5 | گوزارشت لە ئارەزووەکانی دەکات دەربارەی هەڵبژاردنی ڕەنگی پەسەند | | | | | |

| | ئەگەر سێ وەلام بوو / پۆزەتیڤ | 3 | 2 | 1 |
|---|---|---|---|---|
| ژ | بڕگەکان | هەرگیز | هەندێک جار | هەمیش |
| ١ | ئەترسێت لەوەی یەکێك لە دۆستەکانی لە دەست بدات لە داهاتوودا. | | | |
| ٢ | هەست بە دڵتەنگی دەکات ئەگەر کەسێك فەرامۆشی کرد. | | | |
| ٣ | ئەترسێت لەو بیرکردنەوانەی کە دوور بکەوێتەوە لەو کەسانەی کە خۆشی دەوێت. | | | |
| ٤ | ئەترسێت لەو بیرکردنەوانەی کە دوور بکەوێتەوە لە کەسوکاری هەروەها بێبەش بێت لە چاودێرییان. | | | |
| ٥ | لە دڵەڕاوکێدایە و هەمیشە ئەترسێت لەوەی کە خۆشەویست نییە لای کەسانی تر. | | | |

| | ئەگەر سێ وەلام بوو / پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ | | | |
|---|---|---|---|---|
| | پۆزەتیڤ | 3 | 2 | 1 |
| | نێگەتیڤ | 1 | 2 | 3 |
| ژ | بڕگەکان | هەرگیز | هەندێک جار | هەمیشە |
| ١ | ئەترسێت لەوەی یەکێك لە دۆستەکانی لە دەست بدات لە داهاتوودا. | | | |
| ٢ | هەست بە دڵتەنگی دەکات ئەگەر کەسێك فەرامۆشی کرد. | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣ | ئەترسێت لەو بیرکردنەوانەی کە دوور بکەوێتەوە لەو کەسانەی کە خۆشی دەوێت. | | | |
| ٤ | ئەترسێت لەو بیرکردنەوانەی کە دوور بکەوێتەوە لە کەسوکاری هەروەها بێبەش بێت لە چاودێرییان. | | | |
| ٥ | لە دڵەراوکێدایە و هەمیشە ئەترسێت لەوەی کە خۆشەویست نییە لای کەسانی تر. | | | |

**دوای دابەشکردنی ڕا پرسیەکان و وەرگرتنەوەی ئەنجامەکان ئێستا پێویستە کار لەسەر دەرنجامەکەی بکەین لەڕێگەی کردارە ئامارییەکانەوە، بە پێی ئامانجی توێژینەوەکەمان ئەوانیش**

**١.ت.تێستی یەك نموونە.**

$$\frac{\bar{\text{س}} - \text{م}}{\text{ع} / \sqrt{\text{ن}}}$$

**٢.ت.تێستی دوو نموونە.**

$$\frac{\bar{\text{س}}_1 - \bar{\text{س}}_2}{\sqrt{\frac{(\text{ن}_1 - 1)\text{ع}_1^2 + (\text{ن}_2 - 1)\text{ع}_2^2}{\text{ن}_1 + \text{ن}_2 - 2} * \left(\frac{1}{(\text{ن}_1)} + \frac{1}{(\text{ن}_2)}\right)}}$$

**چۆن ئیش لەسەر ڕا پرسی بکەین و ئە نجامی سامپڵێك چۆن بدۆزینەوە:**

**لێرەدا 2 نموونە ئەگەر تەنها پۆزەتیف بێت وە ئەگەر بڕگەکان پۆزەتیف و نێگەتیف بن دەخەینە ڕوو کە پێویستی سەرجەم فۆڕمەکان بەوشێوەیە ئە نجامەکەی بدۆزینەوە:**

**یەکەم:ئەگەڕ بڕگەکان پۆزەتیف بن بەم شێوەیە دەبێت:**

| پێدانی ژمارەکان | | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **ژ** | **بڕگەکان** | **هەمیشە** | **زۆرجار** | **هەندێك جار** | **بەدەگمەن** | **هەرگیز** |
| 1 | **زۆر کات دەستەواژەی ( نەخۆشم ) بەکاردەهێنێت** | √ | | | | |
| 2 | **هەستەکانی بەرامبەر مامۆستاکانی دەردەبڕێت** | √ | | | | |
| 3 | **حەزوو ئارەزووەکانی دەربارەی جۆری خۆراکەکان دەردەبڕێت** | | | | √ | |
| 4 | **بە پێی ئارەزووەکانی جۆری یاریەکان هەڵدەبژێرێت** | | | √ | | |
| 5 | **گوزارشت لە ئارەزووەکانی دەکات دەربارەی هەڵبژاردنی ڕەنگی پەسەند** | | | √ | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 6 | پەیوەندی هاوڕێیەتی لەگەڵ منداڵانی هاوڕەگەزی خۆی لا پەسەندە | | | | √ | |
| 7 | پەیوەندی لەگەڵ گەورەکاندا بەهێزترە بە بەراورد لەگەڵ هاوتەمەنەکانی | | | √ | | |
| 8 | باس لە هەستەکانی بەرامبەر بە دایك و باوکی دەکات | √ | | | | |
| 9 | پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ منداڵەکاندا بە گشتی هەیە | √ | | | | |
| 10 | پەیوەندی هاوڕێیەتی بەهێزی لەگەڵ یەك منداڵدا هەیە | √ | | | | |
| 11 | پەیوەندی لەگەڵ منداڵێك یان زیاتر هەیە | | √ | | | |
| 12 | لەگەڵ مندالانی تردا هاوبەشی بە کەلوپەلی یاریەکانی دەکات | | √ | | | |
| 13 | کەلوپەلە تایبەتیەکانی خۆی بە هاوڕێکانی دەبەخشێت | | | | | √ |
| 14 | ئارەزووی خۆی لە هەڵبژاردنی پۆلەکەی دەردەبرێت | | | | | √ |
| 15 | بەشداریەکی چالاکی لە کارە بە کۆمەڵیەکاندا هەیە | | | | √ | |
| 16 | لە شەڕی نێوان ئەوانی دیکە دەترسێت | | | | √ | |
| 17 | لەکاتی یاریکردندا حەزناکات کەسانێك لەدەوروبەری بن کە نایانناسێت | | √ | | | |
| 18 | لەبەردەم کەسانی نەناسراو باش قسە ناکات | | √ | | | |
| 19 | ترسی لە کەسی بێگانە هەیە | √ | | | | |
| 20 | ترسی لە قەرەبالغی هەیە | √ | | | | |
| 21 | ترسی لە ئەنجامدانی چالاکیە کۆمەلایەتیەکان هەیە | | | √ | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 22 | ڕازییە لە یارمەتیدانی منداڵانی تر | | √ | | | |
| 23 | کاتێك کەسانس تر چاودێری دەکەن لەکاتی یاریکردندا دەپەشۆکێت | √ | | | | |
| 24 | لە یاریکردن لەگەڵ مندالانی تردا دوردەکەوێتەوە | √ | | | | |
| 25 | هەندێك قسەی بیردەچێتەوە کاتێك لەبەردەم بێگانە قسە دەکات | √ | | | | |
| 26 | لە ئاشکرا کردنی هەستەکانی بۆ هەر کەسێك سستی نانوێنێت | | | √ | | |
| 27 | بیری خۆی ئاشکرا دەکات بۆ منداڵەکانی تر بۆ ئەوەی سودی لێ ببینن | | | √ | | |
| 28 | هەستەکانی بۆ کەسانی تر ئاشکرا دەکات بۆئەوەی لێی تێبگەن | | | | | √ |
| 29 | ئارەزووەکانی بۆ هاوڕێ نزیکەکانی خۆی دەردەبڕێت | √ | | | | |
| 30 | لەئاشکراکردنی بیرو ڕاکانی بۆ کەسانی دیکە زەحمەتی دەبینێت | √ | | | | |
| 31 | دەربارەی یادەوەریە ناخۆشەکانی قسە بۆ ئەوانی دیکە دەکات | | | √ | | |
| 32 | هەستەکانی هەرچۆنێك بێت بەرامبەر ئەوانی تر دەریدەبڕێت | | | | √ | |
| 33 | لە میانەی مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی دیکەدا هەستی خۆی ئاشکرا دەکات | | | | √ | |
| 34 | ئارەزوو ئاواتە تایبەتیەکانی بۆ کەسانی تر واڵا دەکات | | | √ | | |
| 35 | بیرو باوەڕە ئاینیەکانی بۆ هەرکەسێك ئاشکرا دەکات | | √ | | | |

| ژ | | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 36 | ئارەزووەکانی لەپێش منداڵەکانی دیکەوە دەردەبڕێت بۆ ئەوەی لەو میانەیەوە بناسرێت | | | | √ | |
| 37 | هەستی نارازی بوونی بۆ ئەوانی دیکە والاّ دەکات | | | | | √ |
| 38 | هەستەکانی دەربارەی کێبڕکێی نەخوازراولەنێوان هاوڕێکانیدا ئاشکرا دەکات | | | | | √ |
| | ژمارەی سەحەکان | 12* 5 | 6*4 | 8*3 | 7*2 | 5*1 |
| ئه نجامی ئەو فۆرمە دەکاتە | 127 | 60 | 24 | 24 | 14 | 5 |

**بۆ دۆزینەوەی ئه نجامی کۆتایی پێویستە هەر پێنج ژمارەکە کۆبکەینەوە(5+14+24+24+60 ) کە دەکاتە (127) ئەو ژمارەیە بریتیە لە نمرەی ئەو سامپڵە(فۆڕمە ),وە بەهەمان شێوە سەرجەم فۆڕمەکانی تریش دەدۆزینەوە.**

**دووەم:ئەگەڕ برگەکان پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ بن بەم شێوەیە دەبێت:**

| ژ | برگەکان | جێ بەجێی دەکات | تاڕادەیەك جێ بەجێی دەکات | هەرگیز جێ بەجێی ناکات |
|---|---|---|---|---|
| | برگە پۆزەتیڤەکان | 3 | 2 | 1 |
| | برگە نێگەتیڤەکان | 1 | 2 | 3 |
| 1 | توانای بیرکردنەوەی منالّ گەشە پێدەکات بۆ ئاستێکی بەرز | √ | | |
| 2 | توانای هەیە لەدەست نیشانکردنی ڕەفتارە نائاساییەکان لەپۆلدا | | √ | |
| 3 | لەگەشەپێدانی پرۆگرامە تایبەتەکانی باخچەدا بەشداری ناکات | √ | | |
| 4 | توانایبەکارهێنانی ئامرازەکانی فێرکردنی هەیە بەتایبەتی ئەو ئامرازانەی کەپێویستن و سودبەخشن بۆ فێرکردنی منداڵ | | √ | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 5 | بەتوانایە لەئەنجام دانی چالاکی جۆراوجۆر کەلەوانەکەیدا پێویستی پێیەتی | √ | | |
| 6 | پەیوەندی بەردەوامی هەیەلەگەڵ خێزانی منداڵەکان | | | √ |
| 7 | بەتوانایە لەئامادەکردنی ئامڕازەکانی فێرکردن کە تایبەتن بە باخچەی منداڵان | | | √ |
| 8 | بەتوانایە لەبەشداری کردنی منداڵەکان لە چالاکیەکانی ناو پۆلدا | √ | | |
| 9 | شارەزاییەکی باشی هەیەلەگونجاندنی ژینگەیەکی تایبەت بە مندالانی باخچە | | √ | |
| 10 | بەردەوام دەبێت لە ئەنجامدانی توێژینەوە لە بواری باخچەی منداڵاندا | | | √ |
| 11 | خاوەنی شارەزای و چاوپوکییە لەئیشپێکردن و چاکردنی ئەوئامرازانەی بەکاری دەهێنێت | | | √ |
| 12 | پرسیاری بەسود بەکاردێنێت لەکاتی وانە وتنەوەدا | √ | | |
| 13 | بەدواداچوون بۆ ئاستی پێیگەیشتن ی منداڵەکان ناکات | | | √ |
| 14 | خاوەنی شارەزای ئەکادیمی وزانستی پێویستە بۆ فێرکردنی منداڵان | √ | | |
| 15 | ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتی لەنێوان منداڵەکان ناکات | √ | | |
| 16 | وانە بەشێوەی پلە بەندی دەڵێتەوە واتە لەسوکەوە بۆئاسان لەئاسانەوە بۆ ئاڵۆز | √ | | |
| 17 | بیرۆکەی پەروەردەی تازەپەیرەو ناکات لە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتی کردن لای منداڵ | √ | | |
| 18 | هاوکاری منداڵ دەکات بۆ ئازادی قسەکردن وگفتوگۆودەربڕینی هزروبۆچوونەکانی | | | √ |
| 19 | پەرەپێدانی توانای منداڵ بۆ هاوسەنگی کارەکانی و بینین و دەستی وگەشەی ماسولکەکانی کەئامادەیدەکات بۆ نوسین | √ | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 20 | توانای پێکەوەبەستنی زانیاریەکانی نیە بەشێوەیەکی باش | √ | | |
| 21 | توانای نیە لەپەرەپێدانی گەشەی هەست کردن بەلێپرسراوێتی پشت بەستن بە خود | | √ | |
| 22 | توانای نیە لە پەرەپێدانی توانای منداڵ بۆ گوزارشت کردن و دەربڕین | √ | | |
| ژمارەی سەحەکانی برگە پۆزەتیڤەکان | | 7 * 3 | 3 * 2 | 5 * 1 |
| ژمارەی سەحەکانی برگە نێگەتیڤەکان | | 5 * 1 | 1 * 2 | 1 * 3 |

**دواتر ئە نجامی برِەکان بەیەکەوە کۆدەکەینەوە**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئەنجامی بڕگە پۆزەتیڤەکان دەکاتە 32 | **21** | **6** | **5** |
| ئەنجامی بڕگە نێگەتیڤەکان دەکاتە 10 | **5** | **2** | **3** |
| **ئە نجامی ئەو فۆرمە دەکاتە** | **42 = 32 + 10** | | |

**بۆ دۆزینەوەی ئە نجامی کۆتایی پێویستە هەر دوو ژمارەکە کۆبکەینەوە( 32 + 10 ) کە دەکاتە ( 42) ئەو ژمارەیە بریتیە لە نمرەی ئەو سامپڵە( فۆرمە ),وە بەهەمان شێوە سەرجەم فۆرمەکانی تریش دەدۆزینەوە.**

**دوای ئەوەی ئە نجامی سەرجەم فۆرمەکا نمان دۆزییەوە پاشان لەرێگەی یاساکانی ئامارەوە ئە نجامەکان دەدۆزینەوە بەم شێوەیە :**

**بۆ نموونە توێژینەوەیەکمان ئە نجامداوە لەسەر 100 منداڵ ئەمانە بەشێکن لە ئە نجامی فۆرمەکان :**

**102-1 99-2 121-3 88-4 111-5 132-6 88-7 129-8 هتد تاوەکو فۆرمی ژمارە 100.**

**لێرەدا پێویستە سەرنج بدەین لە ئەنجامی فۆرمەکان بزانین دووبارە بوونەوە هەیە یاخود هەموو ژمارەی سامپڵەکان جیاوازن:**

## یەکەم: ئەگەر ژمارەکان جیاوازبوون ئەوا بەم یاسایانە ئەنجامەکان دەدۆزینەوە

**1-ناوەندی ژمێرەیی (سَ)(سین فەتحە)(المتوسط الحسابي) بێ دووبارەبوونەوە**

$$سَ = \frac{مج\ س}{ن}$$

**س: ئەنجامی سامپڵەکانە**

**ن: ژمارەی سامپڵەکانە**

**بۆنموونە لێرەدا (سَ) دەکاتە 112.25**

**2-ناوەندی گریمانەیی (م)(الوسیط الحسابی)**

**ناوەندی گریمانەیی بۆ هەردوو حاڵەتەکە وەك یەکە واتە دووبارەبوونەوە هەبێت یان نەبێ.**

**چۆن (م) بدۆزینەوە پێویستە سەیری ڕا پرسیەکە بکەین بزانین ژمارەی وەڵامەکان چەندە**

| ز | نمرەی پێدراوی ئاماری | 3 | 2 | 1 |
|---|---|---|---|---|
| | بڕگەکان | هەمیشە | هەندێ جار | دەگمەن |

**وەك لەم نموونەدا دیارە سێ وەڵام هەیە ئەوا بەم شێوەیە (م) ئەدۆزینەوە:**

$$م = \frac{کۆی\ ژمارەی\ وەڵامەکان}{ژمارەی\ وەڵامەکان} * ژمارەی\ بڕگەکانی\ ڕا\ پرسیەکە$$

$$\text{م} = \frac{6}{3} * 28 \qquad \text{م} = \frac{1+2+3}{3}$$

**ژمارە بڕەکان دەکاتە( 28 ) مەبەست لە پرسیارەکانی ڕا پرسیەکەیە.**

**ئەوا ( م ) =2*28 دەکاتە 56**

**هەروەها ( ن ) بریتیە لە ژمارەی سامپڵەکان( فۆڕمەکان ) دەکاتە  100**

**3-دوای ئەوە پێویستە نرخی( لادانی پێوەری )( انحرافی میعیاری ) بدۆزینەوە.**

$$\sqrt{\frac{\text{مج}\,(\text{س} - \bar{\text{س}})^{۲}}{\text{ن}}}$$

| ژ | س | س-سَ | (س - سَ)$^2$ |
|---|---|---|---|
| 1 | 102 | 112.25-102 | 105.0625 |
| 2 | 99 | 112.25-99 | 175.5625 |
| 3 | 121 | 112.25-121 | 76.5625 |
| 4 | 112 | 112.25-112 | 0.0625 |
| . | | | |
| . | | | |
| . | | | |
| 100 | 113 | 112.25-113 | 0.5625 |
| **کۆی گشتی (س-سَ)$^2$** | | | 9256 |

**ئەو کاتە ئەو ژمارەی کە بۆمان دەرچوو واتە( 9256 ) لە یاسای ( ع ) دای ئەنێین و ژمارەکە ئەدۆزینەوە.**

$$\sqrt{92.56} \qquad \sqrt{\frac{9256}{100}}$$

**کەواتە ئە نجامی ( ع ) دەکاتە 9.6208**

**دوای دۆزینەوەی سەرجەم نرخەکان ئینجا بەیاسای ( ت.تێستی یەك نموونە )شیکاری دەکەین.**

$$\text{م} = \frac{\text{١١٢,٢٥} - \text{٥٦}}{\frac{\text{٩,٦٢٠٨}}{\sqrt{\text{١٠٠}}}} \qquad \frac{\bar{\text{س}} - \text{م}}{\frac{\text{ع}}{\sqrt{\text{ن}}}}$$

$$= \frac{\text{٥٦,٢٥}}{\frac{\text{٩,٦٢٠٨}}{\text{١٠}}} = \frac{\text{٥٦,٢٥}}{\text{٠,٩٦٢٠٨}}$$

**ئە نجامی ت.تێست دەکاتە 58.4670 ئەوەش بەرزی ئاستی گریمانەکە دەردەخات.**

**ئەگەر ئامانجێکی ترمان هەبێت بەمەبەستی زانینی جیاوازی نێوان (نێر) و (مێ) یان (حکومی) و (ئەهلی)....هتد،ئەوا پێویستە (ت.تێستی دوو نموونە) بەکاربهێنین.**

$$\frac{\bar{\text{س}}_1 - \bar{\text{س}}_2}{\sqrt{\frac{(\text{ن}_1 - 1)\text{ع}_1^2 + (\text{ن}_2 - 1)\text{ع}_2^2}{\text{ن}_1 + \text{ن}_2 - 2} * \left(\frac{1}{\text{ن}_1} + \frac{1}{\text{ن}_2}\right)}}$$

**دوای دۆزینەوەی سەرجەم داواکراوەکان ئەوا نرخەکانیان لەم یاسایەدا دائەنێن و شیکاری ئەکەین.**

**ئەو کاتە دوو (سّ) هەیە بەلأم (ن) 100 نیە بەلکو ژمارەی فۆڕمەکانی بەشی داواکراوە.**

**بۆ نموونە:100 فۆڕممان دابەشکردوە (75) ڕەگەزی مێ وە(25) ڕەگەزی نێر ئەو کاتە ئەووەی لە نموونەکەی سەرەوە بۆ (100) فۆڕمەکە دۆزیمانەوە (سّ) و(ع) لێرەش ئەیدۆزینەوە بەلأم بەجیا، جارێك بۆ(75)فۆڕمی مێ،وە جارێك بۆ (25)فۆڕمی نێر دواتر لەیاساکا دای ئەنێن.**

## دووەم: ئەگەر ژمارەکان دووبارە بوونەوە هەبووئەوا بەم یاسایانە ئە نجامەکان دەدۆزینەوە

**1-ناوەندی ژمێرەیی (سّ)(سین فه تحه)(المتوسط الحسابي) بە دووبارەبوونەوە**

$$\frac{\text{مج س ك}}{\text{مج ك}}$$

**س: ئە نجامی سامپڵەکانە**

**ك: ژمارەی دووبارە بووەکان**

**2-ناوەندی گریمانەیی (م)(الوسیط الحسابی)**

**ناوەندی گریمانەیی بۆ هەردوو حاڵەتەکە وەك یەکە واتە دووبارەبوونەوە هەبێت یان نەبێ.**

**چۆن (م) بدۆزینەوە پێویستە سەیری ڕا پرسیەکە بکەین بزانین ژمارەی وەڵامەکان چەندە**

| ژ | بڕگەکان | هەمیشە | هەندێ جار | دەگمەن |
|---|---|---|---|---|
| نمرەی پێدراوی ئاماری | | 3 | 2 | 1 |

**وەك لەم نموونەدا دیارە سێ وەڵام هەیە ئەوا بەم شێوەیە (م) ئەدۆزینەوە:**

$$م = \frac{\text{کۆی ژمارەی وەڵامەکان}}{\text{ژمارەی وەڵامەکان}} \times \text{ژمارەی بڕگەکانی ڕا پرسیەکە}$$

**3-دوای ئەوە پێویستە نرخی(لادانی پێوەری)(انحراف میعیاری) بدۆزینەوە.**

$$\frac{\text{ن مج س}^{٢}\text{ک} - (\text{مج س ک})^{٢}}{\text{ن}^{٢}}$$

| ژ | س | س$^2$ | ك | س*ك | س$^2$*ك |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 20 | 400 | 5 | 100 | 2000 |
| 2 | 25 | 625 | 7 | 175 | 4375 |
| 3 | 30 | 900 | 8 | 240 | 7200 |
| 4 | 45 | 2025 | 9 | 405 | 18225 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| . | | | | | |
| 100 | | | | | |
| **کۆی گشتی** | | | | | |

**دوای دۆزینەوەی سەرجەم نرخەکان ئینجا بەیاسای ( ت.تێستی یەک نموونە )شیکاری دەکەین.**

$$\frac{\bar{س} - م}{\frac{ع}{\sqrt{ن}}}$$

**ئەگەر ئامانجێکی ترمان هەبێت بەمەبەستی زانینی جیاوازی نێوان ( نێر ) و ( مێ ) یان ( حکومی ) و ( ئەهلی )....هتد،ئەوا پێویستە ( ت.تێستی دوو نموونە ) بەکاربهێنین.**

$$\frac{\bar{س}_{١} - \bar{س}_{٢}}{\sqrt{\frac{(ن_{١} - ١)ع_{١}^{٢} + (ن_{٢} - ١)ع_{٢}^{٢}}{ن_{١} + ن_{٢} - ٢} * \left(\frac{١}{(ن١)} + \frac{١}{(ن١)}\right)}}$$

# چۆنیەتی نووسینی سەرچاوەکان

## چۆنیەتی نووسینی سەرچاوەکان

دوو شێوازمان هەیە بۆ نووسینی سەرچاوەکان لێرەدا بەکورتی ئاماژەی پێدەکەم.

### یەکەم شێوازی کۆن:

لەم شێوازەدا لەنێو دێڕەکانی دەق و پەرەگرافەکاندا ئاماژەیەك، جا ژمارە بێت یان ئەستیرەیەکە( * ) دادەنرێت و لە پەراوێزی پەرەکەدا مەبەست لەبەشی خوارەوەی پەرەکەیە سەرچاوەی زانیارییە وەرگیراوەکە دەنووسرێت.

### دووەم شیوازی نویٰ:

هەر زانیارییەك کە لەسەرچاوەوە وەرگیراوە و لەتوێژینەوەکەدا بەکارهاتووە ڕاستەوخۆ لەکۆتا دێری زانیارییەکەدا ئاماژە بەسەرچاوەکەی دەکرێت بەم شێوەیە :( ناوی نووسەر، ساڵ: لاپەرە ) بۆ نموونە (بۆکانی، ٦٧: ٢٠١٦ ) وە دواتر لە کۆتایی توێژینەوەکەدا ئاماژە بە ناو و ناونیشانی سەرچاوەکان دەکەیت.

وە پێویستە زمانی نووسینی سەرچاوەکە دەستکاری نەکرێت و وەکو خۆی بنووسرێت بە هەر زمانێك نووسرابوو.

وە باشتر وایە کە سەرچاوەکان جیا بکریتەوە بۆ( کتێب، تێزی دکتۆرا و ماستەرنامە، ئینتەرنێت و سەرچاوە ئەلکترۆنیەکان :بڵاوکراوەکان و گۆڤاری زانستی و رۆژنامە، کتێبی پیرۆز( قورئان، ئنجیل، هتد.... )، دەستور و یاساکان و ووتار و وانەکان )

لێرەدا بە نموونەوە ئاماژە بەنووسینی سەرچاوەکان دەکەین.

**١ .كتێب:**

**ئەگەر كتێبەكە یەك نووسەری هەبوو بەم شێوەیە دەنووسرێت.**

**بۆكانی، سابیر( ٢٠١٦ ):میتۆدی تویژینەوەی زانستی، چاپی یەكەم، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا.**

**ئەگەر كتێبەكە دوو نووسەری هەبوو بەم شێوەیە دەبێت:**

تەنها نووسەری یەكەم نازناوەكەی یان ناوی كۆتای لەسەرەتادا دەنووسرێت پاشان ناوی خۆی و باوك و باپیر ئەگەر هەبوو، بۆ ناوی نووسەری دووەم ،ئەكرێت هەمان شێوەی نووسەری یەكەم بنوسرێت یاخود وەك خۆی و بێ دەستكاری بنوسرێت.ئینجا سالْ،ناوی كتێب،شوێنی بلْاوكردنەوە،چاپ،دەزگای بلْاوكردنەوە.

**شێوازی یەكەم**

**حطاب، حسن و عوني یاس عباس( ١٩٨٦ ): أسس البحث العلمي، مطبعة وزارة التربیة، بغداد، العراق.**

**شێوازی دووەم:**

**حطاب، حسن و عباس، عوني یاس ( ١٩٨٦ ):أسس البحث العلمي، مطبعة وزارة التربیة، بغداد، العراق**

**ئەگەر كتێبەكە سێ كەس یان زیاتر نووسیبویان.**

تەنها نازناوی نووسەری یەكەم یان ناوی كۆتایی لەسەرەتادا دەنوسرێت و پاشان ناوی خۆی و باوك و باپیری دەنوسرێت، ناوی ئەوانی دیكە نانوسرێت تەنها دەنووسین(و ئەوانیتر) بە عەرەبی و اخرون) و بەئینگلیزی ( et. al )ئینجا سالْ، ناوی كتێب، شوێنی بلْاوكردنەوە، چاپ، دەزگای بلْاوكردنەوە بۆ نموونە :

بابان، احمد و ئەوانی تر( ٢٠١٤ ):**بەكۆمەڵایەتی كردن و گەشەی منداڵ**، چاپی یەكەم، چاپخانەی كاردۆ، سلێمانی.

**ئەگەر کتێبەکە وەرگێڕان بوو یەك نوسەر و یەك وەرگێڕی هەبوو:**

نازناو، ناوی نووسەر، ساڵ، ناوی کتێب، ناوی وەرگێڕ، شوێنی بڵاوکردنەوە، چاپ، دەزگای بڵاوکردنەوە.

وەئەگەر نوسەری کتێبەکان کە وەرگێڕانی بۆ کراوە ٢ و ٣ و زیاتر بون ئەوا هاوشێوەی نووسەری کتێب کەلە پێشوودا باسکراوە ناوی نووسەری کتێبەکان دەنووسین ،وە ئەگەر وەرگێڕەکان لە ٢ و ٣ و زیاتر بوون ئەوا بۆ دوان ناوی هەردوو وەرگێڕەکە دەنووسین ئەگەر ٣ و زیاتر بوو ناوی وەرگێڕی یەکەم دەنووسین و ئەوانیتر ،دەنووسین لەبری وەرگێڕەکانی تر.

**تیزی دکتۆرا و ماستەر:**

نازناوی توێژەر، ناوی توێژەر( ساڵ ):ناوی تێزی دکتۆرا یان ماستەر، ناوی کۆلێج، ناوی زانکۆ.

**ئینتەرنێت و سەرچاوە ئەلکترۆنیەکان:**

پێویستە ئاماژە بەسەرجەم زانیارییە سەرەکیەکان بکرێت وەك:ناوی نووسەر ئەو لایەنەی زانیارییەکەی بڵاو کردۆتەوە.وە ئەگەر ئەوانە نەبوو ناو نیشانی وتار یان زانیارییەکە دەبیت بنووسین،مێژووی بڵاوکردنەوە ژمارە یان بەرگ( ئەگەر گۆڤار)بوو،وە ئەگەر سایتی ئینتەرنیت بوو پێویستە ناونیشانی ماڵپەرە ئەلکترۆنیەکە،سایتەکە دابنرێت لەگەڵ لینکی بابەتەکە و ئەو بەروارەی کە توێژەر زانیارییەکەی وەرگرتووە.

چونکە ئەکرێت ئەو زانیارییە بسڕێتەوە ئەوکاتە توێژەر توشی ئیحراجی نابێت و ئەڵێ من لەو بەروارە وەرم گرتووە.

جەعفەر ، شاڵاو ، زانستی سەردەم ژمارە ( ١٢ ) ، ساڵی ٢٠٠٢ ، ترسی منداڵ .

گۆڤاری خاك ، ٢٠٠٦، سلێمانی ، قۆناغەکانی گەشەی منداڵ

**کتێبە پیرۆزەکان:**

**ئایەتێك لە توێژینەوەکەت دائەنێت ئەوا بەم شێوەیە ئاماژە بەسەرچاوەکەی دەکەیت:**

**القران لکریم،سورە الکهف. ایە ٢٥**

# چۆنیەتی نووسینی توێژینەوە و ڕێکخستنی بەرگ و ناوەڕۆکی؛

## چۆنیەتی نووسینەوەی توێژینەوە و ڕێکخستنی ناوەڕۆك:

سەرەتای توێژینەوەکەمان پێویستە بە بەرگی توێژینەوەکە بێت و هیچ ژمارە و هێمایەکی لەسەر نەبێت وە ئەو زانیاریانەی لەسەر بێت کەدیاری کراوە دواتر نموونەیەك دەخەینە ڕوو بۆبەڕێزتان پاشان بە زانیارییەکانی تر دەست پێبکات کە بەگشتی پێکهاتوون لە( ئایەت،دانپێدانانی سەرپەرشتیار و بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ و سوپاس و پێزانین و پێشەکی و ناوەڕۆك و پێرستەکان....هتد ).

کە پێویستە ئەم بەشەی توێژینەوەکەمان لەسەرەتاوە دابنێن و لەبری ژمارە بە (أ،ب،ج...) دەست پێبکەین لەکاتێکدا توێژینەوەکەمان کوردی یان عەرەبی بوو بەڵام ئەگەر ئینگلیزی بوو ئەو کاتە ئەتوانین( a,b.... ) یان ( i,iv.... ) ئەو هێمایانە بەکاربهێنین کەباوترە لە پیتە ئینگلیزییەکان لێرەدا هەوڵدەدەین زانیارییە سەرەکیەکان بخەینە ڕوو بۆ توێژەرانی بەڕێز و بەشی باخچەی منداڵانی کۆلێجی پەروەردەی بنەرەتی زانکۆی سلێمانی وەك نموونە بەکاردەهێنین.

وەك باسمان کرد پەرەی یەکەم بەبەرگ دەست پێدەکات و پێویستە ئەم زانیاریانەی لەسەر بێت:

ناوی زانکۆ،ناوی کۆلیج ،ناوی بەش.

ناونیشانی توێژینەوەکە.

پاشان ئەو توێژینەوە بەچی مەبەستێك نوسراوە و پێشکەشی کویّ دەکرێت دەنوسرێت.

پاشان ناوی توێژەران.

ناوی سەرپەرشتیار.

ساڵی نوسینی توێژینەوەکە بە ڕۆژمێری زاینی و کۆچی و کوردی.

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت
بەشی باخچەی منداڵان

## هەڵسەنگاندنی دیزاینی بینای باخچەی منداڵان لە شاری سلێمانی دا لەدیدی مامۆستایانەوە

ئەم توێژینەوەیە
پێشکەش بە بەشی باخچەی منداڵان – کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت / زانکۆی سلێمانی کراوە وەك بەشێك لە داواکارییەکانی بەدەست هێنانی بڕوانامەی (بەکالۆریۆس) لە باخچەی منداڵاندا

توێژەران

پەیام احمد سعید     ڕاژان رەسوڵ علی     چاوان احمد عبدالله

بە سەرپەرشتی
پ.ی.د.حسن فخرالدین خالد

2019 زاینی     2719 کوردی     1440 کۆچی

لەدوای ئامادەکردنی بەرگی توێژینەوەکە یەکەم پەرە کەدەینووسین ئایەت یاخود دەقێکی کتێبە پیرۆزەکانی تر لێرەدا توێژەر ئازادە لەنوسینی چونکە هەندێك توێژەر هەیە ئایەت نانوسن جا بەهەر هۆیەك بێت ئەوەش شتێکی ئارەزوومەندانەیە،بەڵام لێرەدا نموونەی نوسینی ئایەت دەخەینە ڕوو کە چۆن دەنوسرێت لەتوێژینەوەکاندا.

بسم الله الرحمن الرحيم

((اللَّهُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن ضَعْفٍ ثُمَّ جَعَلَ مِن بَعْدِ ضَعْفٍ قُوَّةً
ثُمَّ جَعَلَ مِن بَعْدِ قُوَّةٍ ضَعْفًا وَشَيْبَةً يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ وَهُوَ الْعَلِيمُ الْقَدِيرُ))

صدق اللة العظيم

الروم,54

**پاشان لە پەڕەی دووەمدا دانپێدانانی سەرپەرشتیار دەنووسین کەئاماژە بەوەدەکات کە ئەو سەرپەرشتی توێژینەوەکەی کردوە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی داواکراو و لەخوارەوە ناو و واژۆ و بەراواری لەسەر دەنوسرێت.**

دانپێدانی سەرپەشتیار

توێژینەوەی ( ) کە لەلایەن خوێندکاران ( ) پێشکەشکراوە، بەسەرپەرشتی من لە بەشی باخچەی منداڵانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانیدا، ئەنجامدراوەو بەشێکە و لەداواکارییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی بکالۆریۆس لە باخچەی منداڵاندا.

واژۆ:
ناوی سەرپەشتیار:
بەروار:

لەسەر ئەو راسپاردەیەی سەرەوە، ئەم توێژینەوەیە بۆ گفتوگۆ، دەپاڵێوم.

واژۆ:
سەرۆکی بەش:
بەروار:

ج

**پەرەی دواتر بریاری لیژنەی گفتوگۆ دەنوسرێت پێویستە لەسەر خوێندکار خۆی ئەمانە بنووسێت بەڵام لەلایەن مامۆستا و سەرپەرشتیارەوە پردەکرێتەوە.**

**ئەمەش نموونەیەك لە بریاری لیژنەی گفتووگۆ بەم شێوەیە دەنووسرێت.**

**بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ**

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ توێژینەوەی ( ) خوێندەوەو لەگەڵ خوێندکار ( ) گفتوگۆمان لەسەر ناوەڕۆك و هەموو لایەنەکانی کرد، پێمانوایە شایانی پەسەندکردنە بە پلەی (          ).

واژۆ:
سەرۆکی لیژنە

واژۆ :
ئەندام

واژۆ:

ئەندام و سەرپەشتیار:

لەلایەن ئەنجومەنی بەشەوە پەسەند کرا

واژۆ:
سەرۆکی بەش:
بەروار:

**پاشان پەرەی دواتر خوێندکار توێژینەوەکەی پێشکەشی کێ دەکات دەینووسێت کەئەوەش بەخواستی توێژەرەکە خۆیەتی و هیچ مەرجێکی نیە کەچۆن بینووسێت ئەمەش نموونەیەك لە نووسینی پێشکەشکردن.**

## پێشکەشە بە

١-پێشکەشی ئەکەم بە دایک و باوکی ئازیزم.

٢-پێشکەشە بە مامۆستا و خوێندکارانی بەشەکەمان.

## پەیام

١-پێشکەشە بە دایک و باوک و خوشک و برا ئازیزەکانم.

٢-پێشکەشە بە هاوسەری خۆشەویستم.

٣-پێشکەشە بە مامۆستا و خوێندکارانی بەشەکەمان.

## چاوان

١-پێشکەشە بە دایک و باوک و برای ئازیزم.

٢-پێشکەشە بە مامۆستایان و دکتورە بەڕێزەکانی بەشەکەمان.

## ڕاژان

**پاشان پەرەی دواتر توێژەر سوپاس و پێزانین دەنووسێت و ئاماژە بەناوی ئەو کەسانە دەدات کە هاوکارییان کردوە لەتوێژینەوەکەیدا. ئەمەش نموونەیەك لە سوپاس و پێزانین.**

# سوپاس و پێزانین

- سەرەتا: زۆر سوپاس بۆ خوای گەورە و میهرەبان

- پاش تەواوکردنی توێژینەوەکەمان ئەمانەوێت سوپاس و پێزانین ئاراستەی ئەم بەڕێزانەی لای خوارەوە بکەین:

١- بەڕێز (د. حسن فخرالدین) کە سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەمان بوو،زۆر لە گەڵماندا ماندو بوو بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە.

٢- سوپاس بۆ ئەو مامۆستا بەڕێزانەی کە هاوکارییان کردین لە کاتی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە،بە تایبەت (م. ئەزیرە ، م. نیاز محمد ، م. سەرکەوت)

توێژەران

**پەڕەی دواتر تایبەتە بە پێرستی بەشەکان کە بەشێوەیەکی گشتی هەموو زانیارییە سەرەکیەکانی تێدا دەنووسین لەگەڵ ژمارەی پەرەکەی لەکوێدا نوسراوە بۆ ئەوەی کاتێ کەسێك دەیخوێنێتەوە وەك رێنیشاندەرێك بێت بۆی و ئاسانکاری بکات لەگەشتن بەزانیارییەکان بە زووترین کات ئەویش پێویستی بەخشتەیەك هەیە کە لەدوو بەش پێك دێت( بابەت، لاپەڕە )بەم شێوەیە :**

پێڕست

| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| | ئایەتی قورئان |
| | دانپێدانی سەرپەرشتیار |
| | بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ |
| | پێشکەش |
| | سوپاس و پێزانین |
| | پێڕست |
| | پێشەکی |
| | بەشی یەکەم :ناساندنی توێژینەوەکە |
| | کێشەی توێژینەوە |
| | گرنگی توێژینەوە |
| | ئامانجی توێژینەوەکە |
| | سنوری توێژینەوەکە |
| | پێناسەی چەمك و زاراوەکان |
| | بەشی دووەم: چوار چێوەی تیۆری توێژینەوەکە |
| | |
| | |

وە دواتر پێڕستی خشتەکان و پێڕستی پاشکۆکان بەهەمان شێواز دروست دەکەین و ئەو خشتەو پاشکۆیانەی هەیە لەتوێژینەوەکەدا لەو پێڕستانەدا ئاماژەی پێدەکەین بەم شێوەیە :

## پێڕستی خشتەکان


| ژمارە | ناونیشانی خشتە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | ژمارەی مامۆستایانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی | 23 |
| 2 | ژمارەی مامۆستاکان و باخچەکانی منداڵان لە شاری سلێمانی (نموونەی توێژینەوەکە) | 24 |
| 3 | ئەنجامەکانی تاقی کردنەوەی تائی لەنێوان ناوەندی نمرەکانی فۆرمی پێوانە کردنی بیرکردنەوەی ئەرێنی جیابونەوە و ناوەندی گریمانەی بۆ نمرەکانی نموونەی توێژینەوەکە. | 27 |
| 4 | ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی لە سەر فۆرمی بیرکردنەوەی ئەرێنی . | 28 |


ز

## پێڕستی پاشکۆکان


| ژمارە | ناونیشانی پاشکۆ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | **ڕاپرسی شارەزایان لەسەر برگەکانی پێوەری توێژینەوەکە** | 33 |
| 2 | **ڕاپرسی مامۆستایان** | 36 |
| 3 | لیستی ناوی شارەزاکانی پێوەری توێژینەوەکە | 38 |


### پوختەی توێژینەوە

**پوختەی توێژینەوە پێویستە لەهەموو توێژینەوەیەکدا بنوسرێت و بەشێوەیەکی پوخت ناوەرۆکی توێژینەوەکە شیبکاتەوە کە چیکردووە و بابەت و ئامانج و ئەنجامەکانی چی بوون،بۆ ئەوەی کاتێ کەسێك سەیری توێژینەوەکەی کرد تەنها بەخوێندنەوەی پوختەکەی بزانێت توێژینەوەکە باسی چی**

دەکات ،وە باشترە کە پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبیش بنوسرێت تاوەکو هەمووکەس بتوانێت بیخوێنێتەوە وە بەگشتی پێویستە پوختەی توێژینەوە ئەم زانیارییانە لەخۆبگرێت:

بەشیوەیەکی گشتی لەبەشەکاندا باسی چیکراوە و ئامانج وسامپڵ و کۆمەڵگا و دەرئەنجامەکانی چی بوون لێرەدا نموونەی پوختەی توێژینەوەیەك دەخەینە ڕوو بۆ بەرچاو ڕوونی ئێوە:

**پوختەی توێژنەوە**

ترس باریکە لەبارە هەڵچوونیەکانی مرۆڤ و لەنێوانیشیاندا ترسی کۆمەڵایەتی ، کەئەمەش دەکرێت دروست ببێت لەبەرئەنجامی جۆرەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵ لەژینگەی خێزانی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیدا وە ڕەنگە منداڵ ڕوبەڕووی کۆمەڵێك دۆخ ببێتەوە کە ئەگەری دوچاربوونی بەبوونی ترسی کۆمەڵایەتی لەلا زیاد بکات و ببێتە هەڕەشەو مەترسی لەسەر هەست بە دڵنیایی کردنی لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر دایك و باوك و تاکەکانی تری کۆمەڵگا کە هۆشیاریمان هەبێت لەسەر ئەم دیاردەیە و ستراتیژیەکانی مامەڵە لەگەڵکردنی و هاوکارییان بکەین بۆ دەربازبونیان لەم دۆخە لە پێناو پێگەیاندنی نەوەیەکی تەندروست بۆ ئێستاو داهاتوو .

توێژینەوەکەمان کاری لەسەر دەستنیشانکردنی بوونی ترسی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچە کرد ،هەروەها دەستنیشانکردنی بوونی ترسی کۆمەڵایەتی بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز و بوونی جیاوازی یاخود نەبوونی ، لەڕێگەی ئامادەکردنی فۆرمێکی ڕاپرسی لەلایەن هەردوو توێژەرەوە کە لە (38) بڕگە پێك هاتبوو، وە دوای پشاندانی بە کۆمەڵێك شارەزاو پسپۆڕ هەر (38) بڕگەکە مایەوە لەکۆتاییدا وە جێبەجێکرا لەسەر کۆمەڵێك لە ئەندامانی کۆمەڵگای توێژینەوە کە بریتیی بوو لو (100) مامۆستا لە (10) باخچەی ناوشاری سلێمانی کە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی سادە هەڵمانبژاردن. دواتر چارەسەری ئاماریمان بۆ بڕگەکانی ڕاپرسیەکەمان کرد لەڕێگەی پێوەری

t-test ی یەك نموونە و دوو نموونە ، معامل ارتباط ، دوای گەشتن بە ئەنجامەکان و بەراوردکردنی بە ئاستی بەڵگەداری بە پێی پێوەری (خالد-2017) گەشتین بە ئەنجام و دواتر ڕاستگۆی و جێگیری ئەنجامەکانمان دەرهێنا کە ڕاستگۆییەکەی (90٪)،وە جێگیری ئەنجامەکەی بە پێی معامل ارتباط پیرسون (67٪)بوو, کەئەمانەش ڕێژەیەکی گونجاون .

لەکۆتاییدا گەشتینە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە :-

أ- ترسی کۆمەڵایەتی لە لای منداڵانی باخچە لەڕوانگەی مامۆستایانەوە بوونی هەیە

ب- ترسی کۆمەڵایەتی لە لای منداڵانی باخچە لە ئاستێکی بەرزدایە .

ت- جیاوازی نییە لەبونی ترسی کۆمەڵایەتی لەنێوان ڕەگەزی نێر و مێ لە لای منداڵانی باخچە

# بەشی یەکەم

## چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

بەگشتی شێوازی نوسینی بەشەکان بەپێی میتۆدی توێژینەوەکە دەگۆڕێت کەچۆن بنوسرێت واتە میتۆدەکەمان( مێژووی یان وەسفی یان ئەزموونی. . ) بێت ئەوا هەر جۆرە و شێوازی خۆی هەیە بەڵام لێرەدە ئێمە شێوازی میتۆدی وەسفی باسدەکەین کەزیاتر بەکاردەهێنرێتە لەتوێژینەوەکاندا،بەم شیوەیە دەنوسرێت:

**پێشەکی :**

**١ - ١ کێشەی توێژینەوەکە**

**١ - ٢ گرنگی توێژینەوەکە**

**١ - ٣ ئاما نجی تویژینەوەکە**

**١ - ٤ سنوری توێژینەوەکە**

**١ - ٥ پێناسەی چەمکەکان:**

ئەوەی شایەنی باسکردن بێت لێرەدا پێناسەی چەمکەکانە خاڵەکانی تر پێشتر ئامازمان پێداوە کەچۆن دەنوسرێت و دیاری دەکرێت،سەبارەت بە چەمکەکان پێویستە بۆ هەر چەمکێك ٣ پێناسە یاخود زیاتر لەسەرچاوەکانەوە بنووسین بۆ هەرچەمکێك وە لەسەر ئەوانەشەوە پێویستە بۆ چەمکی سەرەکی توێژینەوەکە ٢ پێناسەی دیکە بنوسرێت لەلایەن توێژەرەوە جیاواز لەپێناسەکانی تر و بەراو بۆچونی تایبەتی( کەسی ) بەم شێوەیە :

**پێناسەی تیۆری" "**

**ئەم پێناسەیە توێژەر خۆی دەبێت بینوسێت و ئەتوانێت سود لە پێناسەکانی تر وەربگرێت بەلام پێویستە مۆرکی کەسێتی( خۆی )پێوە بێت و جیاواز بیت لەوانی تر هەمان دەق نەبێت.**

**پێناسەی پراکتیکی" "**

**ئەم پێناسەیان تارادەیەك شێوەیەکی جێگیری هەیە لەبەر ئەوەی بریتیە لەو نمرەیەی کە بەدەست دێت لەو وەڵامانەی کە لەفۆرمی را پرسی توێژینەوەکەماندا ئامادەکراوە.**

# بەشی دووەم

# چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

بەشێوەیەکی گشتی باس لەو چەمکانە دەکەین کە لەتوێژینەوەکەماندا هاتووە لەگەڵ ئەو تیۆرانەی لەبابەت و گۆڕاوەکانی توێژینەوەکەمان دوواون و شیکردنەوەی تیۆرەکان و باسکرد لەتوێژینەوەکانی پێشوو کەنزیکن لەتوێژینەوەکەمان بەراورد کردنی توێژینەوەکانی پێشوو لەگەڵ توێژینەوەکەی خۆمان.

لێرەدا سەیری ئەو ناونیشانە دەکەین کە بۆ توێژینەوەکە وەرمانگرتووە و باس لەچەمکە سەرەکیەکان دەکەین بەشێوەیەکی وورد .

"خۆگونجاندنی کۆمەڵایەتی لەلای مامۆستایانی باخچە حکومی و ئەهلیەکان"

وەك پیشتر ئاماژەمان دا بەناونیشانی توێژینەوەکەمان ئەوە لەبەشی دووەمدا پێویستە باسی چەمکە سەرەکیەکان بکەین کەبریتین لە

### ٢-١ خۆگونجاندن:

لەم بەشەدا بەوردی باسی بابەتەکانی تایبەت بەخۆ گونجاندن و خۆگونجاندنی کۆمەڵایەتی دەکەین لەگەڵ تیۆرەکانی تایبەت بەخۆگونجاندن.

### ٢-٢ مامۆستای باخچە:

باسی مامۆستای باخچە ئەکەین بەشێوەیەکی گشتی مامۆستای باخچە کێیەو سیفاتەکانی چین و ئەرکەکانی چین و کێ دەبیتە مامۆستای باخچە لەگرنگترین ئەو بوارانەن کە پێویستە لەسەر مامۆستای باخچە بنوسرێت.

## ٢-٣ باخچەی منداڵان:

**لێرەدا باسی باخچەی منداڵان دەکەین و گرنگی باخچەی منداڵان و مێژووی باخچەی منداڵان لەو بابەتە گرنگانەن کەباس بکرێت،وە باسکردن و جیاوازی کردن لەنێوان باخچە حکومی و ئەهلیەکان.**

## ٢-٤ توێژینەوەکانی پێشوو:

**لێرەدا هەوڵدەدەین چەند توێژینەوەیەك وەربگرین کە پێشتر لەسەر بابەتەکەی ئێمە ئە نجامدرابێت لە هەرشوێنێك بێت و بەراوردی دەکەین بەتوێژینەوەکەی خۆمان وە پێویستە تێزی ماستەر و دکتۆرا بێت**

# بەشێ سێهەم

## ڕێبازی توێژینەوەکە و ڕێکارییەکانی

**یەکەم :ڕێبازی توێژینەوەکە.**

**دووەم :کۆمەڵگای توێژینەوەکە.**

**سێهەم : نموونە( سامپڵی ) توێژینەوەکە.**

**چوارەم :ئامڕازەکانی توێژینەوەکە.**

**پێنجەم :دەستنیشانکردنی ڕاستگۆیی و جێگیری پێوەرەکانی توێژینەوەکە.**

**شەشەم :ئامرازە ئامارییەکان.**

## بەشی چوارەم

## خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان

ئەم بەشە پەیوەندی بەئامانجەکانەوە هەیە کەدیاریمان کردووە و لەرێگەی ئەو سامپڵانەی وەرمانگرتووە ئەنجامەکان دەدۆزینەوە و شیکاری دەکەین بەم شێوەیە ئامانجەکان دیاریدەکەین :

بۆ نموونە دوو ئامانجمان هەیە :

**ئامانجی یەکەم: زانینی ئاستی ترسی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچەی منداڵان لە روانگەی مامۆستایانەوە.**

دوای چارەسەرکردنی داتاکانی تایبەت بەکۆمەڵگەی توێژینەوەکە بەگشتی ,ناوەندی نمرەکانی لە پێوەری ترسی کۆمەڵایەتی بریتی بوو( 121,39 ) بەلادانی پێوەری بەهاکەی ( 12,49 )نمرە ,و دوای بەراوردکردنی ئەم ناوەندە لەگەڵ ناوەندی گریمانەی بۆ ئەو پێوەرەی کەدەکاتە ( 114 ) بەبەکارهێنانی تاقی کردنەوەی تائی (t-test) بۆیەك نمونە دەردەکەوێت کە بەهای تائی هەژمارکراو گەیشتە( 5,950 ) و ئەوەش گەورەترە لەبەهای خشتەی کەگەیشتە( 1.96 ) ئەویش بەلگەداری ئاماری لەئاستی ( 0.05 ) هەیە وەك لەخشتەی ( 2 ) روون کراوەتەوە:

خشتەی ( 2 )

ئەنجامەکانی تاقی کردنەوەی تائی بۆ بەلگە داری جیاوازی لەنێوان ناوەندی نمرەکانی ترسی کۆمەڵایەتی و ناوەندی گریمانەی بۆ نمرەکانی نموونەی توێژینەوەکە

| نمونە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەی | بەهای تائی | | ئاستی بەلگەداری 0,05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەی | |
| 100 | 121,39 | 12,49 | 114 | 5,950 | 1.96 | بەلگەداری |

ئەم ئەنجامەش بەمانای ئەوەیە کەجیاوازیەکی بەلگەداری ئاماری هەیە لە ئاستی ترسی کۆمەڵایەتی لەنێوان ناوەندی نمرەکانی نموونەی توێژینەوەکە وناوەندی گریمانەییە لەپێوەری ترسی کۆمەڵایەتی کەئەمەش ئاماژەیە بەوەی کە ترسی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچەی منداڵان لە روانگەی مامۆستایانەوە ئاستێکی بەرزی هەیە و تەفسیری ئەم ئەنجامەش بەوەی کە هۆکارەکەی دەگەرێتەوە بۆ شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵدا لە ژینگەی خێزانی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیدا کە ئەمەش وادەکات منداڵ رووبەرووی کۆمەڵێك باروۆخ ببێتەوە ترس و دڵەراوکێی لەلا زیاد بکات و ببێتە هۆی دروستبوونی ترس و هەستنەکردن بەئارامیی و ئاسایش لای منداڵ وە ئەم فاکتەرانەش لەگەری دووچاربوونی منداڵ بەترسی کۆمەڵایەتی زیاد دەکات.

**ئامانجی دووەم: جیاوازی بەڵگەداری لەبوارەکانی ترسی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی باخچەی منداڵان لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە بە پێی گۆڕاوای ڕەگەز (نێر – مێ).**

بۆبەدەستهێنانی ئەم ئامانجە تاقی کردنەوەی تائی بۆ دوونموونەی سەربەخۆ بەکاردە هێنن ناوە ندی نمرەکانی بونێرەکان گەیشتە (120,531) نمرە ولادانی پێوەری (12,0427) لە کاتێکدا ناوەندی نمرەکان بۆمێ کان گەیشتە (121,824) نمرەولادانی پێوەری (12,4675) نمرە ،بە راوردکردنی ئەم دوو ناوەندی دە ردەکەوێت کە بە های تائی هەژمارکراوگەیشتووەتە (0,527) دوای بە راوردکردنی بەبەهای تائی خشتەی کە دەکاتە (1.96) لەئاستی بەڵگەداری (0.05) بۆمان دەردەکەوێت کە بەڵگەداری ئاماری نیە واتە جیاوازی نییە لە ترسی کۆمەڵایەتی لە نێوان منداڵاکاندا بەپێی گۆڕاوای ڕەگەز وەك لەخشتەی (3) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (3)

ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی لەپێوەری ترسی کۆمەڵایەتی بە پێ گۆڕاو ڕەگەز

| ڕەگەز | ژمارە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تائی هەژمارکراو | بەهای تائی خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری 0,05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | 49 | 120,531 | 12,0427 | 98 | 0,527 | 1.96 | بەڵگەدارە |
| مێ | 51 | 121,824 | 12,4675 | | | | |

ئەم ئەنجامەش ئاماژە دەکات کەجیاوازی نییە لەنێوان نێرومێ لەئاستی ترسی کۆمەڵایەتی، کەئەمەش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ترسی کۆمەڵایەتی لە لای نێر ومێ وەك یەکە. هەروەها ئەدەبیاتەکان ئاماژەیان نەکردوە بەبوونی جیاوازی لەئاستی ترسی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، بۆیە ئەنجامەکانی ئەم تۆێژینەوەیە نیشانی داوە کە هەردوو ڕەگەز ئاستێکی بەرزیان هەیە لە ترسی کۆمەڵایەتی ،هەربۆیە جیاوازی نیە لەبوونی ترسی کۆمەڵایەتی لای هەردوو ڕەگەز لەڕوانگەی مامۆستایانەوە چونکە ئەم ئەنجامە سەلێنەری ئەو ڕاستیەیە کە لە ئێستادا هەردوو ڕەگەز تاڕادەیەکی زۆر هەمان باروودۆخ و شێوازی ژیان و پەروەردەکردنیان هەیە هەم لە ژینگەی کۆمەڵایەتی و خێزانی وەهەم لە ژینگەی پەروەردەییدا.

# بەشی پێنجەم

# دەرەئەنجام و راسپاردە و پێشنیار

## ٥-١ دەرئەنجام:

**لێردا باس لەو ئەنجامانە دەکەین کەدەستمان کەوتووە و بە چەند خاڵێك ڕوونیدەکەینەوە کەگەشتوینەتە چی دەرئەنجامیك لەو توێژینەوەیەی کردوومانە.**

**دەرئەنجام**

پاش ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بە گشتی گەیشتینە ئەم دەرئەنجامانەی لای خوارەوە

1. ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لە بواری بیرکردنەوەی نەرێنی لای مامۆستایان خزمەتی زانستی و گرنگ بە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن دەکات.
2. ئێمە بۆ زانینی ئاستی بیرکردنەوەی نەرێنی لای مامۆستایانی باخچەی منالان پەنامان بردە بەر فۆڕمی ڕاپرسی،لە ئەنجامدا دەرکەوت کە بیرکردنەوەی نەرێنی لای مامۆستایانی باخچەی منالان لەئاستێکی بەرزدایە
3. لەبەر ڕۆشنایی توێژینەوەکە بۆمان دەرکەوت بیرکردنەوەی نەرێنی لای مامۆستایانی باخچەی منالان کاریگەری هەیە لەسەر چوونی منداڵ بۆ باخچەی منداڵان.
4. لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەوە گەیشتین بەوەی کە ئاستی بیرکردنەوەی نەرێنی جیاوازی نییە لە نێوان هەردوو گۆڕاوی نێر و مێ.
5. کێشەی بیرکردنەوەی نەرێنی لای مامۆستایان بە تەنیا پەیوەست نییە بە مامۆستاوە بەڵکو شێوازی پەروەردە کردن مامەڵە کردنی دایك و باوکیش پەیوەستن بەم بابەتەوەو کاریگەری و ڕەنگدانەوەی نەرێنیان دەبێت بۆ سەر باری دەروونی منداڵەکە.
6. کێشەی بیرکردنەوەی نەرێنی مامۆستایان بە گرنگترین کێشەی پەروەردەیی دادەنرێت لە باخچەی منداڵاندا،چونکە ئەبێتە هۆی تێکچوونی باری دەروونی منداڵەکەو کاریگەری دەبێت لەسەر قۆناغەکانی دواتریشی.
7. کردنەوەی خولی هۆشیاری پەروەردەیی و دەروونی بەهێز کردنی مامۆستایان،گرنگی بەرچاوی هەیە بۆ زاڵبوون بەسەر گیروگرفتی منداڵان.
8. ئەنجامدانی شانۆگەری بۆ منداڵان بۆئەوەی باخچەیان لەلا خۆشەویست بێت.

## ٥-٢ ڕاسپاردە:

### ڕاسپاردەکان :

لە دوای خستنەڕووی دەرئەنجامەکانی توێژینەوە توێژەران ئەم ڕاسپاردانە دەخەنە ڕوو:-

1-هۆشیارکردنەوەی مامۆستایان سەبارەت بە بوونی کێشەکانی دڵەڕاوکێی جیابوونەوە لای منداڵان لە باخچەی منداڵاندا و چۆنیەتی مامەڵەکردن و گرنیدان پێیان.

2-سازدانی کۆڕ و سیمینار بۆ مامۆستایان تاوەکو هۆشیار بکرێنەوە لە بونی بیرکردنەوەی ئەرێنی و هۆکار و دەرئەنجام و چارەسەرەکەی.

3-پتەوکردنی پەیوەندی ڕۆحی نێوان مامۆستایان و منداڵانی باخچە تاوەکو منداڵ وا هەست بکەن کە لە ناو خێزان و کەس و کاری خۆیاندان

4- مامۆستایان کارێکی وا بکەن کە منداڵەکان باخچەیان لا خۆشەویست بێت وەك ئەنجامدانی شانۆگەری و گەشت و چالاکی ناو باخچەکان ئەوەش هۆکارە کە منداڵەکان زیاتر لەگەڵ ئەو ژینگەیەدا رابێن لەگەڵ مامۆستایان

## ٥-٣ پێشنیار:

### پێشنیارەکان:

1- توێژینەوەیەکی تری هاوشێوە ئەنجام بدرێت لەقۆناغی بنەڕەتیدا بەشێوەیەکی فراوان تر، بۆدیاری کردنی ئاستی بیرکردنەوەی ئەرێنی مامۆستایان لەوقۆناغەشدا.

2- دانانی کەسی پسپۆڕ و شارەزا لە بواری ئیداری و پەروەردەکردنی منداڵ لە باخچەکاندا.

3-پێشنیار ئەکەین بۆ بەشەکەمان کەبایەخ بدەن بەئەنجامدانی توێژینەوەی (پڕاکتیکی)چونکە سوودی زیاترە.

# بەشی شەشەم

# سەرچاوەکان و پاشکۆکان

## ٦-١ سەرچاوەکان

### لیستی سەرچاوەکان

### لیستی کتێبەکان

**یەکەم: کتێبە پیرۆزەکان**

القران الكريم،سورة المائدة.أية 71

**دووەم: کتێبە کوردییەکان**

1- بابان , ئەحمەد علی حەمە بابان,نازەنین عوسمان محمد ,نەزیرە ساڵح محمد. 2016:چاپخانەی تاران گوڵبژێرێك بابەتی پەروەردەی بۆ قۆناغی پێش چوونە خوێندنگە.

2- عبداللة ،سندس حامد (2010): ڕەوشی پرۆسەی پەروەردەی منداڵ لەباخچەی ساوایانی حکومی و ئەهلی لەشاری سلێمانی

**سیهەم:کتێبە عرەبیەکان**

1- ابوغزال،معاوية محمود،(٢٠٠٧)، نظريات تطور الانساني ،ط٢،عمان،الاردن.

2- الالوسي، جمال حسين، (١٩٩٠)، الصحة النفسية.

**توێژینەوەکان**

1. احمد ، ابتسام سعيد ، (٢٠١١)، (قياس الخوف الاجتماعي لدي الاطفال الرياض )، جامعة البغداد

2. الجولاني، عدنان مادرجير، ( ٢٠٠٣ )، سلوك المحافظة لدي الاباء و علاقته بالقلق الاجتماعي لدي الابناء ، رسالة ماجستير ، الجامعة المستنصرية، كلية تربية.

**ڕۆژنامەو گۆڤارەکان**

جەعفەر ، شاڵاو ، زانستی سەردەم ژمارە ( ١٢ ) ، ساڵی ٢٠٠٢ ، ترسی منداڵ .

## ٦-٢ پاشکۆکان

**پاشکۆی ( 1 )**

(( ڕا پرسی شارەزایان لەسەر برگەکانی پێوەری توێژینەوەکە ))

**پاشکۆی ( 2 )**

**فۆڕمی ڕا پرسی**

**پاشکۆی ( 3 )**

**لیستی ناوی شارەزاکانی پێوەری توێژینەوەکە**

**وەهەر پاشکۆیەکی دیکە هەبیت لیرەدا ئاماژەی پیدەکەین.**

## سەرچاوەکان :

**شایەنی ئاماژە پێکردنە زۆربەی نوسینەکانی ئەم پەرتوکە ئەزموون و دەربڕینی نوسەرە ،ئەو ئەزموونەی لەقۆناغەکانی خویندن فێری بووم ، دواتر بۆ ماوەی (٤)ساڵ بەردەوام کارم لەسەر نووسینی توێژینەوەی دەروونی و پەروەردەیی کردوە بەهاوکاری و ڕێنمایی بەڕێز کاک(د.حسن فخرالدین) پرۆفیسۆری یاریدەدەر لەبەشی باخچەی منداڵانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی...**

**سود لەم سەرچاوانەش وەرگیراوە**


- ✓ **بۆکانی،سابیر(٢٠١٦) :میتۆدی توێژینەوەی زانستی،چاپی یەکەم،سلێمانی،چاپخانەی چوارچرا**
- ✓ **عنایە،غازی(٢٠١٢):ئامادەکردنی توێژینەوەی زانستی،وەرگێرانی د.بەهرە محمد علی،چاپی چوارەم،ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا.**
- ✓ **مدخل الی مناهج البحث فی التربیه و علم النفس،عباس، محمد خلیل و أخرون،الطبعة الخامسه ،٢٠١٤،دار المسیره**
- ✓ **الإحصاو التربوی،د.عبدالله المنیزل،د.عایش غرابیه،٢٠٠٥ ،دار المسیره**
- ✓ **البحث العلمی فی العلوم الاجتماعیه،عبدالله إبراهیم،٢٠٠٨،الدار البیضاء المغریب**
- ✓ **خطوات البحث العلمی ،أ.د.عقیل حسین عقیل**
- ✓ **الاحصاو النفسی والإجتماعی والتربوی،د. محمود االسید أبوالنیل،١٩٨٧،دار النهضة العربیه**
- ✓ **مناهج البحث،الدکتور عبدالرحمن سید سلیمان**
- ✓ **مقدمة للبحث في التربية** Donald Are,Lucy Cheser Jacobs,Asghar Razavieh**,وەرگێڕانی سعد الحسيني**
- ✓ **مقدمة في منهج البحث العلمي،الدكتور رحيم يونس كروالعزاوي**
- ✓ **الأحصاء الوصفي والأستدلالي في التربية وعلم النفس،الدكتور عبدالجبار توفيق الباتي،الدكتور زكريا زكي اثناسيوس،١٩٧٧**

# نموونەی ئامادەکرنی

# پلانێکی توێژینەوە

**نموونەیەکی پلانی توێژینەوەیە کە ئامادەکراوە تاوەکو پێشکەش بکرێت بۆ ئە نجام دانی توێژینەوە**

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت
بەشی باخچەی منداڵان

# خۆگونجانی کۆمەڵایەتی لای خویندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لەزانکۆی سلیمانی

ئەم توێژینەوەیە
پێشکەش بە بەشی باخچەی منداڵان- کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت / زانکۆی سلێمانی کراوە وەك بەشێك لە داواکاریەکانی بەدەست هێنانی بڕوانامەی (بەکالۆریۆس) لە باخچەی منداڵاندا

توێژەران

2719 کوردی　　1442 کۆچی　　2021 زاینی

## 1-1 کێشەی توێژینەوە:

قۆناغی پێگەیشتن ( زانکۆ)ئەو قۆناغەیە کەپێویستی زۆری بەپرۆسەی کۆمەلایەتی بوون هەیە بەتاییەت بۆ خوێندکارانی کۆلێجی پەروەردەی بنەرەتی کەلەداهاتوودا دەبنە مامۆستا زۆر گرنگە توانای خۆگونجاندنیان هەبێت لەگەل سەرجەم توێژەکانی کۆمەڵگادا ئەگەر هەر کەموو کورتیەك لەو خوێندکارانەدا هەبێت زوو هەولی چارەسەرکردنی نەدرێت ئەوا لەداهاتوودا ڕووبەروی گرفت دەبێتەوە رەنگە زۆر جار هەست بە بێزاری و تورەیی بکات بەرامبەر خوێندکار و مامۆستا هاوپیشەکانی چونکە ناتوانێت دەوروبەری قبولّ بکات و هەمیشە خۆی بەڕاست دادەنێت لەم توێژینەوەیەدا توێژەران هەوڵدەدەن بزانن خۆگونجاندنی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لە چ ئاستێکدایە؟ بۆ دۆزینەوەی وەڵامێکی زانستی گونجاو بۆ ئەم پرسیارە و هەولدان بۆ چارەسەری گرفتەکە ئەگەر هەبوو.

## 1-2 گرنگی توێژینەوەکە:

مرۆڤ بەگشتی بونەوەرێکی کۆمەڵایەتیەو هەر لەسەرەتای لەدایك بونییەوە تاکۆتایی ژیانی پێویستی بە دروستکردنی پەیوەندی هەیە لەگەڵ دەوروبەرەکەی بۆ بەردەوامی دان بەژیان و بەدیهێنانی ئامانجەکانی واتە پێویستی بەوەیە توانای خۆگونجاندنی هەبێت لەگەڵ ژینگە کۆمەڵایەتیەکەی بەمەبەستی هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ کەسانی تر.

ڕەنگە دەرخستنی بیرکردنەوە و هەستەکان وە ئاڕاستەکان لەلای تاك یاخود شاردنەوەیان لەگرنگترین کێشەکانی بێ کە ڕوبەرووی دەبێتەوە کاتێك لەگەڵ کۆمەڵە کەسانێکدا دەبێت ,وە ئەم پرۆسەیەش لە خۆیدا هاوکارە لەبەرەو پێشچوونی پەیوەندیە کەسیەکان ئیتر ئەم پەیوەندیە لە چوارچێوەی خێزان یان باخچە و قوتابخانە یاخود زانکۆدا بێت , پرۆسەی خستنەڕووی خود بەشێکی گرنگ و زیندووە لە پرۆسەی کارلێکی کۆمەلایەتیدا ,هەر بۆیە خستنەڕووی خود بەشێوەیەکی ڕوون بە یەکێك لە ڕێگە گرنگەکان دادەنرێت لە کەمکردنەوەی مەودای کەسێتی لەنێوان تاکەکاندا کە ئەمەش مەرجێکی بنەڕەتییە لە گەشەپێدانی پەیوەندیە سۆزداریەکان لەم نێوانەدا وە هەروەها بنەمایەکی سەرەکیە بۆ

**دروستی دەروونی ئەوەش بەهایەکی گرنگی هەیە لە کەمکردنەوەی هەڵچونەکان , چونکە تاك دەتوانێت خۆی لە هەڵچوونەکانی ڕزگار بکات بەدەربڕینی بەشێوەیەکی زارەکی بۆ کەسێکی تر کە ئەمەش دەیگەڕێنێتەوە سەر بارودۆخی ئاسایی و هاوسەنگی دەروونی بۆ فەراهەم دەکات وە دووری دەخاتەوە لە کێشە دەروونیەکان.**

**وەك دەزانین بیرو بۆچون و عەقلی مروڤەکان زۆر جیاوازن یان مرۆڤ لە ژینگەیەکەوە بۆ ژینگەیەکی تر بیرکردنەوەو عەقلی جیاوازە، بۆیە دەبێت هەوڵی خۆگونجاندن بدات لەگەڵ سەرجەم کەسانی چواردەوری و بەوردی مامەڵە بکات، وە خوێندکاران بە تایبەتی یەکێکن لە کۆڵەکەکانی سەرکەوتنی پرۆسەی خوێندن لە ناوەندە ئەکادیمییەکاندا لەبەر ئەوە پێویستە توانای خۆگونجاندن و مامەڵەکردنی هەبێت لەگەڵ خوێندکاران و مامۆستایان و ئەو ژینگەی کە تیایدا دەخوێنێت وە هەوڵبدات پەیوەندییەکی ئاشتیانەو دروست لەگەڵ کەسانی چواردەوری دا ببەستێت .**

**گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە دوو لایەندا دەردەکەوێت کە بریتین لە :**

## أ: لایەنی تیۆری:

**گرنکی زانستی ئە م لیکۆلینەوەیە لەوەدا بەرجەستەدەبێت، کە تا ئێستا ئەوەندەی توێژە ران ئاگاداربێت هیچ لیکۆڵینەوەیەکی دە قاودە ق لە سە ر هەمان بابەت لە کوردستان کە بە شێوەیەکی زانستیانە باس لەم دیاردە نوێیە بکات نە کرا وە، هەروەها گونجاندنی کۆمەڵایەتی بابەتێکی گرنکی بۆ دروستی ودە رونی.**

## ب: گرنگی پراکتیکی:

**گرنگی پراکتیکی ئەم لێکۆڵێنەوەیە لەوەدادەردەکەویت .کەهەوڵدەدات بەشێوەیەکی بابەتیانەو ئەکادیمی چارەسەری بابەتێکی زیندووی ناو کۆمەلگەو ژیانی تاکەکان بکات ئەویش خۆ گونجاندنی کۆمەلایەتییە لای خویندکاران و دۆزینەوەی ریگا چارە بۆ ئەو خویندکارانەی توانی خۆ گونجاندنی کۆمەلایەتیان نیە.**

## 1-3 ئامانجی توێژینەوە :

بەشێوەیەکی گشتی توێژەران لەم توێژینەوەیەداچەند ئامانجێکیان هەیە بۆئەم مەبەستە، ئامانجەکانی ئەم تۆێژینەوەیش بریتیەلەمانەی خوارەوە:

1. زانینی ئاستی گونجانی کۆمەڵایەتی لای خویندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لەزانکۆی سلێمانی.
2. زانینی ئاستی گونجانی کۆمەڵایەتی لای خویندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لەزانکۆی سلێمانی بە پێی جیاوازی خویندنی( بەیانیان - ئێواران ).
3. دۆزینەوەی ناوەندی شیاو بۆ برگەکانی ڕا پرسیەکەمان و شیکردنەوەی.

## 1-4 سنوری توێژینەوە:

سنووری ئەم توێژینەوەیە سەرجەم خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لە کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت - زانکۆی سلیمانی بۆساڵی خوێندنی ( 2020-2021 ) دەگرێتەوە. لەهەردوو رەگەزی (نیرومێ) ولەقۆناغەکانی (یەکەم. دووەم.سێیەم .چوارەم)ی کۆلێژەکە بۆ خویندنی بەیانیان و ئێواران.

## 1-5 پێناسەکردنی چەمکەکان:

### پێناسەی گونجاندن

( الشادلی"٢٠١٠" ):

گونجان بریتیە لەتواناو هێزی کەسێك لەسەر ڕازیبونی بەئەو شتانەی کەخودی خۆێ هەستی پێدەکات بۆتێرکردنی وکارکردنی بۆبنیاتنانی ئەم توانایە لەڕێکخستنی کەسێتیدا (الشادلی, ٢٠١٠ ).

(المزکی "٢٠١١ ):

**لەلێکۆڵینەوە دەروونیەکاندا گونجان بریتیە لەپرۆسەیەکی دینامیکی یە بەردەوام کەتاك پیادەی دەکات بەشێوەیەکی هەستی یان نەستی (الشعور اللا شعور)"بۆگۆڕینی ڕەفتارەکانی بەئامانجی ئەوەی کەگونجاوبێت لەگەڵ ژینگەکەی وپێداویستی وپاڵنەرەکانیدا "بەشێوەیەك کەتاك لەخۆی ڕازی بێت وبتوانێت پاڵنەرەکانی پڕبکاتەوە ودڵخۆشی بکات ولەو ژینگە یەی تێیدایە دەژی لە هەمووبارودۆخەکۆمەڵایەتی "ڕۆشنبیری "ئابوری "پەروەردەی "دەروونی وتەندروستیەکانی (المزکی ،٢٠١١)**

**گونجانی کۆمەڵایەتی (social Adjustment):**

-(**گود**، 1973):

**بریتیيە لەو پرۆسەیەی کە لە ڕێگەیەوە تاك هەوڵدەدات ئاسایش و ئاسوودەیی بیرکردنەوە و داهێنان ئاڕاستەکانی تێدا بپارێزێت لەو گۆڕانکارییانەی کەبەسەر کۆمەڵگەدا دێت لە هەر بارودۆخێکی جیاوازدا و ڕوبەڕوو بوونەوەی بەشێوەیەکی گونجاو.**(**عبدالله**، 367:2010)

-(**فهمی**، 1976):

**بریتیيە لە هەموو ئەو هەوڵ و توانایەی کە تاك دەیدات بۆ بەستنی پەیوەندی کۆمەلأیەتی گونجاو و پەسەندکراو لەگەڵ دەورووبەر و ئەوانەی لەگەڵیدا دەژین و مامەڵەی لەگەڵدا دەکات لەناو کۆمەڵگا.**(**فهمی**، 35:1976)

-(**الکندری**، 1992):

**گونجانی کۆمەلأیەتی واتە توانای تاك لە بنیاتنانی پەیوەندییەکی سروشتی گونجاو لەگەڵ ئەوانی تردا توانای هەڵگرتنی لێپرسراوێتی کۆمەلأیەتی دانپێدانان بە پێویستیەکانی ئەوانەی لە گەڵیدا دەژین.**(**الکندری**، 185:1992).

## پێناسەی باخچەی منالان

(الدباغ، 2013).

دەزگایەکی فێرکاری و پەروەردەییە هەڵدەستێ بە جێبەجێکردنی پرۆگرامی پەروەردەو فێرکردن لەسەر منداڵ لە تەمەنێك لە 4 ساڵیەوە تا 5 ساڵی لەخۆدەگرێت وە ئەم دەزگایە هەلدەستێت بە فێرکردنی منداڵ و ئامادەکردنیان بۆ دەرچوون لە جیهانێك کە دوورە لە سنووری ماڵەوە (الدباغ، 2013).

(بدر-2010).

بریتیە لەو دەزگا پەروەردەییەی کە چاودێری منداڵ دەکات لە نێوان 3بۆ4 تا 6 یان 7 ساڵی ,ئامانج لێی بەدەست هێنانی گەشەی تەواو و هاوسەنگە لەگشت بوارەکانی ژیری و دەرونی و کۆمەلایەتی هەروەها پاڵپشتیکردن و گەشەکردنی تواناکانیەتی لەڕێگەی ئەنجامدانی جوڵەو چالاکی سەربەست .(بدر-2010).

## پێناسەی تیۆری توێژەران بۆ گونجانی کۆمەڵایەتی:

توێژەران وای دەبینن لە ڕووی کۆمەڵایەتی یەوە تاك سەرکەوتووە کاتێك توانای چێژوەرگرتنی هەبێت لە پەیوەندییە گەرم وگوڕ و نەرم و نیانەکانی ، بە جۆرێك لەو ماوەیە دا پێداویستییە کۆمەڵایەتیەکانی تێر بکات ، مرۆڤ بە سروشت کۆمەڵایەتی یە لەگەڵ پابەندبوون بە ڕەوشتە کۆمەڵایەتی یەکان و یاساو ڕێساکان و کرداری گۆڕینی هەڵسوکەوت و هەوڵدان بۆ گونجاندن لەگەڵ خۆی و ژینگەکەی .

## 1-6 :توێژینەوەکانی پێشوو:

1. گونجانی دەرونی و کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی بەکارهێنەری تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان لەزانکۆی گەرمیان.
2. چۆنیەتی خۆراگری مرۆڤ لەکۆمەڵگەدا و ئاستی گونجانی و راگرتنی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی لەناو چینەکانی کۆمەڵگەدا بەتایبەتی خۆگونجانی مامۆستا لە پرۆسەی پەروەردەیی دا.

## 1-7میتۆدی توێژینەوەکە :

توێژەران لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەصفی بەکاردەهێنین چونکە ئەو میتۆدە لێکۆڵینەوە لەپەیوەندیەکی بەستنەوە لەنێوان گۆڕانەکان دەکات و دەرخستنی لەسەر ئەو جیاوازیانەی کە لەنێوانیاندا هەیە لەپێناوی وەصف کردن و شیکردنەوەی بۆ دیاردەکانی کە لێکۆڵینەوە کراوە.

## 1-8 ئامرازی توێژینەوە:

گەیشتن بەئامانجی توێژینەوەکە پشت دەبەستێ بە ئامادە کردنی پێوەرێکی زانستی کە تایبەتن بە " خۆگونجانی کۆمەڵایەتی لای خویندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لەزانکۆی سلیمانی" و لەپێناو گەیشتن بەئامانجەکانی توێژینەوەکە،توێژەران پشت دەبەستن بە پێوەری (فۆڕمی ڕاپرسی).

## 1-9 کەرەستە ئامارییەکان

توێژەران بۆدەرکردنی ئەنجامەکانی توێژینەوەی ئێستایان پشتیان بەستووە بەئامرازەکانی ئامار کە ئەمانەی خوارەوەن:

1. ناوەند ژمێرەیی
2. لادانی پیوەری
3. الاختبار التائي بۆ یەك نموونة.
4. الاختبار التائي بۆ دوو نموونة .

5. مەعاملی پەیوەندی پیرسۆن .

$$\frac{\text{مج س}}{\text{ن}}$$

$$\text{ع} = \sqrt{\frac{\text{مج}\,(\text{س}-\bar{\text{س}})^{2}}{\text{ن}}}$$

$$\text{ت} = \frac{\text{س}_{1} - \text{س}_{2}}{\sqrt{\frac{(\text{ن}_{1}-1)\text{ع}_{1}^{2} + (\text{ن}_{2}-1)\text{ع}_{2}^{2}}{\text{ن}_{1}+\text{ن}_{2}-2} * \left(\frac{1}{\text{ن}_{1}}+\frac{1}{\text{ن}_{2}}\right)}}$$

$$\frac{\bar{\text{س}} - \text{م}}{\frac{\text{ع}}{\sqrt{\text{ن}}}}$$

$$\frac{\text{مج س ص} - \frac{(\text{مج س})(\text{مج ص})}{\text{ن}}}{\sqrt{\left[\text{مج س}^{2} - \frac{(\text{مج س})^{2}}{\text{ن}}\right] * \left[\text{مج ص}^{2} - \frac{(\text{مج ص})^{2}}{\text{ن}}\right]}}$$

## 10-1سەرچاوەکان :


1- صایغ لیلی ، ساڵی ٢٠٠٦ ، چاپی یەکەم ، ڕابەری مامۆستایانی باخچەی مناڵان .

2- الشاذلي،عبدالحميد محمد،الواجبات المدرسية والتوافق النفسي، الجامعية الاناريطة،الاسكندرية،2001

3- فهمي،مصطفى( 1976 )،دراسات في سيكولوجية التكيف،المطبعة العربية الحديثة،القاهرة،مصر.

4- مرتظى ، سلوى ( 2001 ) : المكانة الاجتماعية لمعلمة روضة ، مجلة الطفولة العربية ، المجلد الثانى ،العدد الثامن .

5- الكندري، أحمد محمد مبارك ( 1992 )، علم النفس الاسري، طبعة الثانية، مكتبة فلاح للنشر و التوزيع، الكويت

6- بدر، سهام ،( 2007 ): مدخل الى رياض الاطفال ، 2007، دارالمسيرة ط1 ، عمان ، الاردن.

7- بابان , ئەحمەد على حەمە بابان,نازەنین عوسمان محمد ,نەزیرە ساڵح محمد. 2016 :چاپخانەی تاران گوڵبژێرێك بابەتی پەروەردەی بۆ قۆناغی پێش چوونە خوێندنگە.

8- **عبداللة ،سندس حامد (2010): <u>ڕەوشی پرۆسەی پەروەردەی منداڵ لەباخچەی ساوایانی حکومی و ئەهلی لەشاری سلێمانی</u>**

9- **قەرەچەتانی . کریم شریف ،ساڵی ٢٠٠٥ ، چاپخانەی پیرەمێرد ، سلێمانی ، سایکۆلۆژیای گشتی**

10- **قەرەچەتانی .کریم شریف ، ساڵی ٢٠١٤، چاپی دووەم ، چاپخانەی پەیوەند ، سلێمانی ، ڕێنیشاندەری مامۆستای باخچەی ساوایان.**

11- **بۆکانی سابیر (2016)، میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و بلأوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.**

# نموونەی تویژینەوەیەك

# بەڕێیازی وەسفی ئە نجامدراوە

# خۆگونجانی کۆمەڵایەتی لای مامۆستایانی باخچە حکومی و ئەهلیەکاندا

## پوختەی تویژنەوە

تویژەران هەستان بەئەنجامدانی تویژینەوەیەك لەسنوری پەروەردەی (ڕۆژهەلأت و ڕۆژئاوا لەپارێزگای سلیمانی) کۆمەلگەی تویژینەوەکەیان قۆناغی باخچەی باخچەکانی سنوری سلێمانی بوە کەژمارەیان (126)بوە لەوکۆمەڵکا نمونەیەکی (121) کەسیان هەڵبژارد بەمەبەستی پراکتیزەکردنی ئەو بابەتە فۆڕمێکی راپرسیمان بۆئەم مەبەستە ئامادە کردبوو٠

فۆڕمەکە لە(32)پێکهاتبو بەشێوەی ڕاپرسی سەرەتای داتاکانی کۆکرایەوە و پاشان کرایە ڕاپرسییەکی داخراو پاشان لەشێوەیەکی کۆتادا بەکارهێنرابەسەرنمونەی تویژینەوەکەدا چەند هاوکێشەیەکی ئاماری پێویست بەکارهێنرا دەرەنجامەکان خرانە ڕوو ڕاڤەی ئاستەکان کراوە لەکۆتایی دا چەند ڕاسپاردەو پێشنیارخرانە ڕوو بەمەبەستی بەدەست گەیاندن بۆئایندە٠

ئێمە وەك تویژەرانی ئەم تۆژینەوەی بەر دەستت لە بەرواری.( 2019/11/20 )دەستمان کرد بەپلان دانان و جێ بەجێ کردنی ئەرکە کانی تۆژینەوەکەمان سەردانی هەندێك لە باخچە کانی شاری سلێمانیمان کرد بۆ پرکردنەوەی فۆرمی راپرسیەکە مان لەلایەن مامۆستایانی باخچەوە .

لە بەشی یەکەمدا باسی (کێشە،گرنگی ،ئامانج،سنوور، چەمکەکان)ی تۆژینەوە کەمان کرد کە

ئامانجەکانی ئەم تویژینەوەیەبریت بوون لە:

1. زانینی ئاستی گونجانی کۆمەلأیەتی لای مامۆستایانی باخچەی مندالأن لەشاری سلێمانی.

**2.زانینی ئاستی گونجانی کۆمەڵایەتی لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لەشاری سلێمانی بەپێی جیاوازی گۆڕاوی (حکومی - ئەهلی).**

**سنوری تویژینەوەکەمان بریتی بوو لە سەرجەم مامۆستایانی باخچەی مندالانی شاری سلێمانی بۆ سالی خوێندنی (٢٠١٨_٢٠١٩) .**

**لە بەشی دووەم دا باس لە چوار چێوەی تیۆری تیۆژینەوەکە کراوە چەمکەکانی ئەم تۆژینەوەیە شەن و کەو کران ،لە بەشی سێ هەم باس لە ڕێبازی توژینەوەکە و ڕێگاکانی کراوە لە بەشی چوارەم و کۆتای باسی شیکارو دەر ئەنجامە کانی کراوە .**

**کۆمەلگەی ئەم توژینەوەیە بریتی بوو لە مامۆستایانی باخچە کانی شاری سلێمانی کە پێکهاتبوون لە (1889) مامۆستا ،نموونەی سامپلی ئەم تۆژینەوەیە بریتی بوو لە (121)مامۆستا لە (13) باخچەی شار سلێماندا.**

**ئامرازی تۆژینەوەکەمان بریتی بوو لە فۆرمێکی زانستی کە بریتی بوو لە (32)برگە.**

**کەرەستە ئامارییەکانی ئەم تویژینەوەیە بریتی بوون لە(ناوەنی ژمێرەیی،الاختبار التائی بۆ یەك نموونە،الاختبار التائی بۆ دوو نموونە،مەعاملی سپیرمان).**

**ئاستی راستگۆیەکە بۆ راپرسیەکەمان گەشتە (٪90)کە دابەش کرابوو بەسەر(5) شارەزای بواری دەرو ناسی و ڕێگای وانە وتنەوەو پەروەردەو وەرێژەی جێگیریەکەشی گەشتە (0,634).**

**لەکۆتایداو ئەنجامی تویژینەوەکەمان دەرکەوت کە الاختبار التائی بۆ یەك نموونە دەگاتە (27,745) ئەم ئەنجامەش ئەگەرێتەوە بۆ ئاستی تێگەشتن و ڕۆشنبیری مامۆستایانی باخچەکانی شاری سلێمانی و بونی پەیوەندییەکی باشی کۆمەلایەتی لەنێوان تاکەکانی کۆمەلگاکەدا. و الاختبار التائی بۆ دوو نموونە دەگاتە(2,459) باخچە ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ گونجاوی بارودۆخی مادی و مەعنەوی لەباخچەکاندا چونکە ژینگەی باخچە ئەهلیەکان زیاتر لەبارە لەڕوی مادی و مەعنەوییەوە ئەوەش بەهۆی بونی ئامراز و کەرەستەی پێویست و کەمی ژمارەی منداڵ.**

# بەشی یەکەم

## چوارچێوەی تویژینەوەکە

1.1 کێشەی توێژینەوە

1. 2 گرنگی توێژینەوە

1. 3 ئامانجی تویژینەوە

1. 4 سنوری توێژینەوە

1. 5 دیاریکردنی چەمكو زاراوەکان

# بەشی یەکەم
# چوارچێوەی توێژینەوەکە

## 2-1 کێشەی توێژینەوە:

پەیوەندی تاك لەگەڵ کەسانی تردا کەخۆی لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا دەبینێتەوە بە بەشێکی سەرەکی لە کەسایەتی تاك دەژمێردرێت پەیوەندی دیاردەیەکی مرۆییە کە لەگەڵ دروستبوونی مرۆڤایەتیدا بوونی هەبووە , وە پرۆسەیەکی بەردەوام و گرنگە لە ژیاندا کە مرۆڤ ناتوانێت دەستبەرداری بێت چونکە مرۆڤ بەسروشتی خۆی بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە (علی 15:2012)هەربۆیە ناتوانێت بە تەنهاو دوور لەوانی دیکە بژی وە تواناى تاك پشت دەبەستێت بە کارلێك کردن لەگەڵ کەسانی تر لەو لێهاتوویانەی کە بەدەستی دەهێنێت ,کەواتە بەبەردەوامی تاك پێویستی بە فێربوونی ئەو لێهاتوویانە هەیە بۆ سەرکەوتن لە رێڕەوی ژیان هەر بۆیە تاك لەم پەیوەندیەیدا لەگەڵ کۆمەڵگاکەی پێویستە لەسەری کۆمەڵێك لێهاتویی بەدەستکەوێت کە لە کۆمەڵگاکەیدا بوونی هەبێت (الخفاف 135:2013 ).

ڕەنگە دەرخستنی بیرکردنەوە و هەستەکان وە ئاڕاستەکان لەلای تاك یاخود شاردنەوەیان لەگرنگترین کێشەکانی بێ کە ڕوبەرووی دەبێتەوە کاتێك لەگەڵ کۆمەڵە کەسانێکدا دەبێت ,وە ئەم پرۆسەیەش لە خۆیدا هاوکارە لەبەرەو پێشچوونی پەیوەندیە کەسیەکان ئیتر ئەم پەیوەندیە لە چوارچێوەی خێزان یان باخچە و قوتابخانە یاخود زانکۆدا بێت ,پرۆسەی خستنەڕووی خود بەشێکی گرنگ و زیندووە لە پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتیدا ,هەر بۆیە خستنەڕووی خود بەشێوەیەکی ڕوون بە یەکێك لە ڕێگە گرنگەکان دادەنرێت لە کەمکردنەوەی مەودای کەسێتی لەنێوان تاکەکاندا کە ئەمەش مەرجێکی بنەڕەتییە لە گەشەپێدانی پەیوەندیە سۆزداریەکان لەم نێوانەدا وە هەروەها بنەمایەکی سەرەکیە بۆ دروستی دەروونی ئەوەش بەهایەکی گرنگی هەیە لە کەمکردنەوەی هەڵچونەکان , چونکە تاك دەتوانێت خۆی لە هەڵچوونەکانی ڕزگار بکات بەدەربڕینی بەشێوەیەکی زارەکی بۆ کەسەێکی تر کە ئەمەش دەیگەڕێنێتەوە سەر بارودۆخی ئاسایی و هاوسەنگی دەروونی بۆ فەراهەم دەکات وە دووری دەخاتەوە لە کێشە دەروونیەکان (العمری:2013 :83 )

خستنەرووی خوود بۆ کەسانی تر پێویستی بە چوارچێوەیەکی کۆمەلأیەتی دیاریکراو هەیە کە ئەمەش کۆمەڵێك مەترسی لەخۆ دەگرێت وەك هەڵسەنگاندنی نەرێنی و هەڕەشەی کۆمەلأیەتی بۆ ئەو تاکەی کە خودی خۆی دەخاتە ڕوو ,وە لەبەر ئەم هۆیە تاکەکان دوور دەکەونەوە لە خستنەڕووی خودیان لە بەشێك لە هەڵوێستە کۆمەلأیەتیەکاندا بەتایبەت ئەگەر ئەوتاکانە نیشانەکانی وەك گونجانی کۆمەلأیەتیان تێدا نەبێت (الدباغ :1:2013)

هەربۆیە توێژەران بەپێویستمان زانی هەستین بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەك و گەڕان بەدوای هۆکار و چارەسەرەکانی خۆگونجاندی کۆمەلأیەتی لای مامۆستایانی باخچە.

## 3-1 گرنگی توێژینەوە :

بەگشتی مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە هەر لە سەرەتای لە دایك بوونییەوە تاکۆتایی ژیانی پێویستی بە دروست کردنی پەیوەندی گونجاو هەیە لەگەڵ ژینگەو دەوروبەرەکەی دا تاوەکو بتوانێت ئامانجە گشتی و تایبەتییەکانی بەدیبهێنێت واتە توانای گونجاندنی هەبێت لەگەڵ ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی بە مەبەستی وەرگرتن و بەخشین. وەك دەزانین بیرو بۆچون و عەقڵی مروڤەکان زۆر جیاوازن یاخود مرۆڤ لە ژینگەیەکەوە بۆ ژینگەیەکی تر بیرکردنەوەو عەقڵی جیاوازە، بۆیە دەبێت هەوڵی خۆگونجاندن بدات لەگەڵ سەرجەم کەسانی چواردەوری و بەوردی مامەڵە بکات، وە مامۆستایان بە تایبەتی یەکێکن لە کۆڵەکەکانی سەرکەوتنی پرۆسەی خوێندن لە ناوەندە ئەکادیمییەکاندا لەبەر ئەوە پێویستە توانای خۆگونجاندن و مامەڵەکردنی هەبێت لەگەڵ مامۆستایان و خوێندکاران و ئەو ژینگەی کە تیایدا وانەدەڵێتەوە وە هەوڵبدات پەیوەندییەکی ئاشتیانەو دروست لەگەڵ کەسانی چواردەوری دا ببەستێت .

### گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە دوو لایەندا دەردەکەوێت کە بریتین لە :

### أ: لایەنی تیۆری:

گرنکی زانستی ئەم لێکۆلینەوەیە لەوەدا بەرجەستەدەبێت، کە تا ئێستا ئەوەندەی توێژەران ئاگاداربن هیچ لێکۆڵینەوەیەکی دە قاودە ق لە سە ر هەمان بابەت لە کوردستان کە بە شێوەیەکی

زانستیانە باس لەم دیاردە نوێیە بکات نە کرا وە، هەروەها گونجاندنی کۆمەڵایەتی بابەتێکی گرنگە بۆ دروستی دە رونی.

**ب: گرنگی پراکتیکی:**

گرنگی پراکتیکی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەدادەردەکەویت .کەهەوڵدەدات بەشێوەیەکی بابەتیانەو ئەکادیمی چارەسەری بابەتێکی زیندووی ناو کۆمەلگەو ژیانی تاکەکان بکات ئەویش گونجانی کۆمەڵایەتیە ئەگەر مامۆستایەك توانای گونجانی کۆمەڵایەتی نەبێت ئەوا چەندین گیرو گرفتی دەرونی وکۆمەڵایەتی و پەروەردەیی لەناوکۆمەلگادا دروستدەکات بۆ خۆیی و کەسانی دەوروبەریشی بەتایبەتی بۆ ئەو خوێندکارانەی وانەیان پێدەڵێتەوە کەئەمەش کاریگەری نەرێنی لای منداڵەکان دروستدەکات و ناتوانێت منداڵەکان بەشێوەیەکی تەندروست پەروەردە بکات وە خۆشی هەمیشە کەسێکە گۆشەگیر و داخراو ئەبێت ئەوانەش هەمووی دەبیتەهۆی نەگونجانی دەروونی تاك لەگەڵ خۆی و بەریەککەوتن وململانێ کەزۆرجار تاك ناتوانێت بەرهەڵستی بکات و رووبەڕووی بێتەوە، لەئەنجامدا توشی چەندین نەخۆشی دەروونی وەك ناهاوسەنگی دەروونی کۆمەڵایەتی و لێك ترازانی خێزانی دەبێتەوە.

## 3.1 ئامانجی توێژینەوە :

بەشێوەیەکی گشتی توێژەران لەم توێژینەوەیەداچەند ئامانجێکیان هەیە بۆئەم مەبەستە،ئامانجەکانی ئەم تۆیژینەوەیش بریتیەلەمانەی خوارەوە.:

1_ زانینی ئاستی گونجانی کۆمەڵایەتی لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لەشاری سلێمانی.

2_زانینی ئاستی گونجانی کۆمەڵایەتی لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لەشاری سلێمانی بەپێی جیاوازی گۆڕاوی (حکومی - ئەهلی).

## 4.1 سنوری توێژینەوە:

سنووری توێژینەوەکە بریتییە لە مامۆستایانی باخچەکانی منداڵان (حکومیو ناحکومی) لە شاری سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی (2018-2019) لەهەردوو رەگەزی نێرومێ .

## 5.1 دیاریکردنی چەمكو زاراوەکان:

### پێناسەی گونجاندن

(الشروخ ):

یەکێکە لەزاراوە گرنگەکان لەبواری کۆمەڵناسی ودەروونناسیدا شرۆڤەولێکدانەوەی زۆری بۆکراوە بایەخی زۆری پێدەدرێت لەتوێژینەوەکان دا وەکوچەمکێکی بەربڵاو ئاماژەی پێدەکرێت ؛ئەمەش پێوەریکە رەفتاری مرۆڤ هەڵدەسەنگێنرێت ؛گونجاندن لەگەڵ ئەو شوێنەوارو ژینگەیەی تیایدا دەژی ؛بۆیە دەروونناسەکان تەنهالێکۆڵینەوەناکەن لەسەرگونجاندنی ڕەفتارەکان بەڵکوگرنگی لێکۆڵینەوەکان؛گەیشتە بەگونجاندن وسروشتی ئەو پرۆسانەی کەبەهۆیەوە گونجاندن یان نەگونجاندن ڕوودەدات (محمد،2016)

( الشادلی"٢٠١٠"):

گونجان بریتیە لەتواناو هێزی کەسێك لەسەر ڕازیبونی بەئەو شتانەی کەخودی خۆیَ هەستی پێدەکات بۆتێرکردنی وکارکردنی بۆبنیاتنانی ئەم توانایە لەرێکخستنی کەسێتیدا (محمد،2016).

(الجماعی"٢٠٠٧"):

گونجاندن بریتیە لەو ڕەفتارەی تاکەکەس ئەنجامی دەدات بۆبەکارهێنانی توانای دەروونی وکۆمەڵایەتی یەکانی ودەبێتە هۆی مانەوەولەئەستۆگرتنی لێپرسراوێتی وپڕکردنەوەی پێداویستی خۆیی وئەوانی تر؛کۆنترۆڵ کردنی خودی وهەڵگرتنی لێپرسراوێتی کۆمەڵایەتی سیفەتێکی بنەرەتیە بۆگونجاندنێکی باش(محمد،2016)

**(المزکی "٢٠١١):**

لەلێکۆڵینەوە دەروونیەکاندا گونجان بریتیە لەپرۆسەیەکی دینامیکی یە بەردەوام کەتاك پیادەی دەکات بەشێوەیەکی هەستی یان نەستی (الشعور اللا شعور)؛بۆگۆڕینی ڕەفتارەکانی بەئامانجی ئەوەی کەگونجاوبێت لەگەڵ ژینگەکەی وپێداویستی وپاڵنەرەکانیدا ؛بەشێوەیەك کەتاك لەخۆی ڕازی بێت وبتوانێت پاڵنەرەکانی پڕبکاتەوە ودڵخۆشی بکات ولەو ژینگە یەی تێیدایە دەژی لە هەمووبارودۆخەکۆمەڵایەتی ؛ڕۆشنبیری ؛ئابوری ؛پەروەردەی ؛دەروونی وتەندروستیەکانی (محمد،2016)

**گونجانی کۆمەڵایەتی (social Adjustment):**

-(**گود،** 1973):

بریتییە لەو پرۆسەیەی کە لە ڕێگەیەوە تاك هەوڵدەدات ئاسایش و ئاسوودەیی بیرکردنەوە و داهێنان ئاڕاستەکانی تێدا بپارێزێت لەو گۆڕانکارییانەی کەبەسەر کۆمەڵگەدا دێت لە هەر بارودۆخێکی جیاوازدا و ڕووبەڕوو بوونەوەی بەشێوەیەکی گونجاو.(عبدالله،367:2010)

-(**فهمی،** 1976):

بریتییە لە هەموو ئەو هەوڵ و توانایەی کە تاك دەیدات بۆ بەستنی پەیوەندی کۆمەلایەتی گونجاو و پەسەندکراو لەگەڵ دەورووبەر و ئەوانەی لەگەڵیدا دەژین و مامەڵەی لەگەڵدا دەکات لەناو کۆمەڵگا.(فهمی،35:1976)

-( **بدوی**، 1982 ):

**بریتییە لە پرۆسەیەکی کۆمەلأیەتی کە چالاکیەکانی تاك و گروپەکان لەخۆ دەگرێت و گونجانی تاکە لەگەڵ گروپ و ژینگەکەیدا یان گروپە جیاوازەکانی تردا،لەبەر ئەوە پێویستە تاك بگونجێت لەگەڵ نەریت و ئارەزوو و ئاڕاستەکانی ناو گۆمەڵگەکەیدا،بۆ ئەوەی لایەنە کۆمەلأیەتیەکانی ژیانی کۆمەلأیەتی بە گونجاوی بڕوات.**(بدوی،1982:380)

-( **الدیب**، 1990 ):

**بریتییە لە بارێکی هاوسەنگی گونجاو لەگەڵ ناوەندی کۆمەڵگەدا، ئەمەش لەڕێگەی پەیوەندی تاك لەگەڵ خێزان و هاوڕێ وماموۆستاکان و کۆی تاکەکانی تری کۆمەڵگە بەشێوەیەکی گشتی دەردەکەوێت و بتوانێت پێویستیەکانی تێر بکات و پێوانە و بەهاو نەریتەکانی کۆمەڵگە پەیڕەو بکات.** (الدباغ،2013)

-( **الکندری**، 1992 ):

**گونجانی کۆمەلأیەتی واتە توانای تاك لە بنیاتنانی پەیوەندییەکی سروشتی گونجاو لەگەڵ ئەوانی تردا توانای هەڵگرتنی لێپرسراوێتی کۆمەلأیەتی دانپێدانان بە پێویستیەکانی ئەوانەی لە گەڵیدا دەژین.**(الکندری،1992:185).

## پێناسەی مامۆستای باخچە

**(مرتظى) 2001 :**

پێناسەدەکرێ بەوەی کە کەسێکە کەزانستی وەرگرتووە لەدەزگایەکی زانستی دا قۆناغەکانی خوێندنی بەسەرکەوتووی بڕیوە و ڕەزامەندی ڕەسمی بەدەست هێناوە لەبوارەکەیدا کەداخڵ ببێت لەکایەکانی ژیانداو ڕۆڵ بگێڕێت وئەوزانستەی کەلەماوەی ئەوچەند ساڵەدا وەریگرتووە بەباشی بیگەێنێت **(مرتظى ،2001 ،ص 32 ).**

**(شریف ) 2005 :**

مامۆستای باخچە ئەو کەسەیە کەسەرپەشتیاری لایەنی بەڕێوبەرایەتی ناوخۆ و دەرەوە دەکات لێکۆڵینەوە لەسەر کاری زانستی و پەروەردەی و توانای خۆگونجاندن و وە بتوانێت ئەوزانست و زانیاریەی کەپێیەتی بیگەیەنێت بەمنداڵەکان .(شریف ،2005 ،ص247 .248 )

**پێناسەی (بطاينة ) 2006 :**

ئەو مامۆستایانەن کەکاردەکەن لەڕێکخراوە پەروەردەیەکاندا بەتایبەتی لەماوەی کاری تایبەتی تۆمارکراودا لەتۆماری وەزارەتی پەروەردەدا وەفێرکردن و سەرپەرشتی کردنیان لەلایەن وەزارەتەوە (بطاينة ،2006 ،ص32)

**(بدر)2007 :**

مامۆستای باخچە ئەوکەسەیە کەکۆمەڵێك کرداری پەروەردەی لەباخچەدا دەکات ، بۆگەیاندنی پەیامێك دەکەوێتە ناو کۆمەڵێك ئیشی فراوانەوە. وەگرنگی سەرکەوتنی مامۆستا لەبوارەکەیدا لەوەدایە لەم قۆناغەگرنگ وقورس و ئاڵۆزە لەژیانی منداڵدا و دیاریکردنی ئامانجەکانی لەباخچەدادەبێتە هۆی پێش کەوتنی باخچەکە (بدر،2007،ص285).

## پێناسەی باخچەی منالآن

- ( **الزبون**-2016 ):- دامەزراوەیەکی پەروەردەییە کە منداڵان دەگرێتەخۆی پێش ئەوەی بگەنە قۆناغی قوتابخانە.(الزبون-2016 )

(osama-2015)دەزگایەکی فێرکاری و پەروەردەییە هەڵدەستێ بە جێبەجێکردنی پڕۆگرامی پەروەردەو فێرکردن لەسەر منداڵ لە تەمەنێك لە 4 ساڵیەوە تا 5 ساڵی لەخۆدەگرێت وە ئەم دەزگایە هەلدەستێت بە فێرکردنی منداڵ و ئامادەکردنیان بۆ دەرچوون لە جیهانێك کە دوورە لە سنووری ماڵەوە (الدباغ،2013).

( **بدر**-2010 ):- بریتیە لەو دەزگا پەروەردەییەی کە چاودێری منداڵ دەکات لە نێوان 3بۆ4 تا 6 یان 7 ساڵی ,ئامانج لێی بەدەست هێنانی گەشەی تەواو و هاوسەنگە لەگشت بوارەکانی ژیری و دەرونی و کۆمەلایەتی هەروەها پاڵپشتیکردن و گەشەکردنی تواناکانیەتی لەڕێگەی ئەنجامدانی جوڵەو چالاکی سەربەست .(بدر-2010).

# بەشی دووەم

## چوارچێوەری تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو

### 1.2 چوارچێوەری تیۆری

### 2.2 توێژینەوەکانی پێشوو

# بەشی دووەم

## چوارچێوەری تیۆری‌و توێژینەوەکانی پێشوو

### 1-2 گونجانی کۆمەلاّیەتی:

کاتێك پێناسەی گونجاندن دەکرێت لەڕووی زاراوەی یەوە زۆر ئاڵۆزوو ناڕوونە چونکە لەروی تێوریەوە پەیوەندی بەسروشت وخەسڵەتی مرۆڤەوەهەیە ٠زۆرلەزانایان هاتون گونجاندنیان کردوە وهەریەکەو بەدیدیکی جیاواز پێناسەی کردوە کەئەمەش لەوانەیە یەکیك بێت لەفاکتەرەکانی ناڕۆشنی ئەم چەمکانە بێت کەلەسەرگونجاند هەیە ولەزمانی ئینگلیزی دا دوو ووشەهەیە هاوتان لەمانادا کەئەوانیش adaption و وشەی adjustment کەهەردووکیان لەڕووی زمانەوانیەوە مانای گونجاندن دەبەخشن ولەفەرهەنگ و ئینسایکلۆپیدیای عەرەبیش دا مانای گونجاندن دەبەخشێت وچەمکی گونجاندنی کۆمەڵایەتی پەیوەندی بەم لێکۆڵینەوەیەوە هەیەو بێگومان جیاوازیش لەپێناسەکردنی ئەم چەمکەدا هەیە بەهۆی ئاڵۆزی خودی چەمکەکە ئەویش بەهۆی سنوری تێویری وفەلسەفەی کەتوێژەران باسیان لێوە کردوە (الدباغ،2013)

له هەموو بوارە کۆمەلاّیەتیەکاندا وەکو قوتابخانە و خێزان.(السعایدە واخرون،1090:2010) پەیوەندییە کۆمەلاّیەتییەکانی تاك وەکو ڕێزگرتن و بەخشین ڕەفتاری باش لەگەڵ دەورووبەری کە پێویستیە کۆمەلاّیەتیەکانی تاك پڕ دەکاتەوە گونجانی کۆمەلاّیەتییە،هەر لەو ڕێگەیەشەوە تاك لە چالاکیە کۆمەلاّیەتیەکاندا بەشداری دەکات،گونجانی کۆمەلاّیەتیش ئەم بوارانە دەگرێتەوە:

بواری یەکەم:گونجانی تاك لەگەڵ تاکەکانی تری کۆمەڵگەدا: واتە چێژوەرگرتنی تاك لە پەیوەندیە کۆمەلاّیەتیەکان وەکو ڕێزگرتن و بەخشین و پڕ کردنەوەی پێویستیە کۆمەلاّیەتیەکان.

بواری دووەم:بەشداری کۆمەلاّیەتی: بریتییە لە بەشداری تاك لە چالاکییە کۆمەلاّیەتیەکاندا و ئامادەبوونی لە کۆبوونەوە کۆمەلاّیەتیەکاندا.

بواری سێیەم:گونجان لەگەڵ ڕۆشنبیری کۆمەڵگەدا؛واتە ڕازی بوونی تاك بە نەریت و بەها و بیرۆکە و یاساکانی کۆمەڵگەکەی. (الدباغ،2013)

## 2-1-1 گرنگی گونجاندنی کۆمەڵایەتی :

گەرمرۆڤ بتوانێت گونجاندن مسۆگەربکات ئەواکەسێکی لەخۆ رازی ودڵ ومێشك ئارام وسەقامگیروهەستکرن بەبەرپرسیارێتی بەرامبەر ژینگەودەووروبەری خۆی کونجانێکی واتە رازیکردنی هەست وسۆزی مرۆڤ بەشێوەیەکی گونجاولەئاستی ئەوپێداویستیانەی کەخودی کەسەکە داوای دەکات ؛چونکە گونجاندن یان رێکەوتن بریتیە لەپرۆسەی پڕکردنەوەی پێویستیەکان کەهەستی مرۆڤ دەجوڵێنێت ؛کەسێك گونجاو دەبێت کاتێك هەستیکرد باش مامەڵە لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگا دەکات (سوفیان( ؛٢٠٠٧: ٧٨)

## 2-1-2 گرنگی گونجانی کۆمەڵایەتی لەم خاڵانەی خوارەوە ڕوون دەبێتەوە :

١-یارمەتی تاك دەدات کەبتوانێت خۆی لەگەڵ دەووروبەروو ژینگە بگونجێنێت وهاوسەنگی خۆی بپارێزێت بەشێوەیەکی جوتیەك وئاسان

٢٠-بەردەوام دان بەپاراستنی بەها کۆمەڵایەتیەکان لەگەڵ مرۆڤەکانی ترو ڕازیکردانی دەورووبەریشی ٠

٣-توانای تاك نیشان دەدات لەڕووبەڕووبونەوەی گیرو گرفتەکان ئاستی سەرکەوتوی مرۆڤ نیشان دەدات٠

٤-دۆخێکی ئارامو سەقامگیردروست دەکات لەلای تاك کەبەهەمان شێوە یارمەتیدەربۆبنیات نانی کۆمەڵگەیەکی پارسەنگ و سەقامگیر ٠

٥-دەستکەوتنی بەهرەو لێهاتوی زۆر لەڕێگەی گونجاوە بۆخودی مرۆڤ (المجموعی( : ٢٠١٣ :٨٩)

**3-1-2 جۆرەکانی گونجان :**

**بەپێی بیروڕای زانایان جۆرەکانی گونجان جیاوازی تێدەکەوێت ، هەندێك ئاماژە بە سێ جۆر گونجان دەدەن لەوانەش(گونجانی خودی - کۆمەڵایەتی - پیشەی ). ( زەهران ،1977، 15).**

**بەشێکیش لە زانایان ئاماژە بە شەش جۆر دەدەن وەکو ( گونجانی دەرونی - خودی کۆمەڵایەتی - هاوسەری - خێزانی پیشەیی )، (سامیە ٢٠١٣: ٩٣)، بەڵام. هەرجۆرێك لە جۆرەکان گونجان جیاوازن لە یەکتر و چەند جۆرێکی تریش هەن ئەوانیش (گونجانی عەقڵی و. خوێندن و پیشەیی و ڕەگەزی و هاوسەری و سیاسی و ئابوری و ئاینی )**

**ئەمەش بە پێی جیاوازی هەڵوێستەکانی مرۆڤ گۆڕانی بەسەردادێت ( الشازلی ،٢٠٠١، ٥١). بەڵام ئێمە لێرەدا بە پێی توانا باسی هەندێك لە جۆرەکانی گونجان دەکەین بە کورتی کە هەندێکیان ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەتوێژینەوەکەمانەوە هەیە :**

**١. گونجانی کەسی :**

**بە پێی ئەم جۆرە گونجانە کەسی گونجاو ئەو کەسەیە کە زاڵبێت بەسەر (من)ی باڵادا و کۆنترۆڵی ئاکارو ڕەفتارەکان ی خۆی بکات کە (فرۆید ١٩٢٣) دیدێکی لۆجیکی زانستی هەیە لەگەڵ ئەم پێناسەیەدا. بەشێوەیەك کە ڕەفتارەکانی لەگەڵ بەرژەوەندی تاك بگونجێت و پێویستیەکانی لە بەرچاو بگرێت (نفسیە . ٢٠٠١ : ١٩ ) بەڵام (ویلسۆن) دەڵێت گونجانی کەسی کۆمەڵایەتی واتە دوربونی تاك لە هەڵچونەکانی وەکو ترس ودڵەڕاوکێ و هەستکردن بە تاوان و ناکۆکی . (کامل، ١٩٩٩ : ٣١) .**

**٢. گونجانی کۆمەڵایەتی :**

**گونجانی کۆمەڵایەتی واتە ڕاگرتنی هاوسەنگی پەیوەندی مرۆڤ بە ژینگەکەیەوە لەگەڵ هەوڵی چارەسەری بۆ کێشەکانی لەگەڵ ئەوانی تردا کە ئەمەش بە گفتوگۆو ڕا گۆڕینەوە دەبێت لەگەڵ کەسانی ناوژینگەی خودی مرۆڤ خۆی و سەرکەوتنی تاك لە پەیوەندەکۆمەڵایەتی یەکان دا واتە**

مسۆگەرکردنی ژیانێکی سەقامگیر کە ئەمەش بە هاوکاری و لێبوردەیی دەکرێت و هەوڵ و تێکۆشانی دەوێت. ( منال ، ٢٠٠٣ : ٧ کەئەمەش خۆی لەم بوارانەدا دەگرێتەوە :

یەکەم : گونجانی تاك لەگەڵ تاکەکانی تری کۆمەڵگەدا کە ئەمەش بە بەخشندەی ودیدی فراوان و مرۆڤدۆستانە دەبێت .

دووەم : بەشداری کۆمەڵایەتی واتە بەشداری تاك لەبۆنە کۆمەڵایەتیەکاندا

سێهەم : گونجان لەگەڵ ڕۆشنبیری کۆمەڵگەدا . (الدباغ،2013)

## 4-1-2 هۆکارەکانی گونجانی کۆمەڵایەتی :

کاتێك تاك خۆی لەبەردەم گرفت و کێشەکانی ژینگەدا دەبینێتەوە شێوازی جیاواز پیادەکات بە مەبەستی بەرەنگاربونەوەی وسەرکەوتن بەسەریدا ، لەم شێوازانەش :

١. میکانیزمی بەرگریکردن : واتە ڕەفتاری بەرگریکردن بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکان و ڕزگارکردنی تاك لە دڵەڕاوکێ و نائارامی

٢. چەسپاندن: بریتیە لە دورخستنەوەی ئەو هۆکارانەی کەدەبنە دڵەڕاوکی وەکو پاڵنەرەکان و هەڵچوون وبیرۆکە ئازار بەخشەکان .

٣- جێگیربوون: واتە جەخت کردنەوە لەسەر گرنگیەکانی قۆناغێك لە قۆناغەکانی گەشەکردن وپێویستی سەرکیە بۆ گواستنەوەی تاك بەمەبەستی دورکەوتنەوە لە نائومێدی و ترسان و داڕوخان و گۆشەگیری

٤. گەڕانەوە ( نکوص ) : واتە گەڕانەوە بۆ ئەو قۆناغەی سەرەتای گەشەکردن کە تاك ئەنجامی بدات یان. گەڕانەوەی چالاکیە کۆمەڵایەتیەکانی تاکە بۆ قۆناغەکانی پێشوو لەو کاتەدا مرۆڤ هەوڵ دەدات بگەڕێتەوەبۆ هەڵسوکەوتەکانی قۆناغی منداڵی کاتێك توشی شکست بوە داوای یارمەتی لەدەوروبەر دەکات (الدباغ،2013)

## 5-1-2 گرنگترین هۆکارە کاریگەرەکانی سەر گونجاندن :

١-گەشەی جەستەیی ودەروونی :وەك بەکارهێنانی توانای جەستەیەکان وگەشەکردنی عەقڵی زانستی

٢-گەشەی کۆمەڵایەتی :کەوادەبینێت مرۆڤ هەرلەقۆناغی منداڵی شیرەخۆروو پشت بەوانیتردەبەستێت

٣-هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردن

٤-هۆکارەکانی بۆماوەیی و جەستەیی

٥-بارودۆخە ئابوریەکان

## 6-1-2 تیۆرەکانی گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی:

زانایانی بواری دەروونناسی و کۆمەڵناسی گرینگیەکی زۆر دەدەن بە ئەو تیۆرانەی کە باس لە ژیانی مرۆڤ و گرفتەکانی دەکەن و هەوڵ دەدەن بە هەموو بەشێك و لایەنەکانی ژیانی تاکدا ڕۆبچن و شیکردنەوە بۆ ئەو چەمکانە بکەن،کە لە ڕەفتارەکانیدا ئەنجامی دەدات و پێی هەڵدەستێت،چۆنیەتی مامەڵەکردنیشی لەگەڵ دەوروبەر دەخاتەڕوو، هەر بۆیە تیۆر بەشێکی زیندوو دانەبڕاوی هەموو زانستەکانە و گرنگی و بایەخێکی ئێجگار گەورەی هەیە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەو شیکردنەوەی ژیانی مرۆڤ و دەوروبەری و ئەو چەمکانەی کە پەیوەستن پێوەی،لێرەدا چەند تیۆرێك دەخەینەڕوو،کە باسی کردارەکان و چۆنیەتی گونجانی دەروونی کۆمەڵایەتی دەکات ئەوانیش:

1. **تیۆری بایۆلۆژی( پزیشکی ):**

لایەنگرانی ئەم تیۆریە دەڵێن،هەموو شێوازەکانی شکست هێنان(سەرنەکەوتن)بەهۆی چەند نەخۆشیەکەوەیە کە توشی خانەکانی لەش دەبێت، دەبێتە هۆی نەگونجان لەکاتی ئەنجامدانی پرۆسە دەمارییەکان و تێکچوونی کاری ڕژێنەکان کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەلایەنی هەڵچوونی و دەروونی

نەخۆشەوە هەیە، بەتایبەتی مێشك،ئەم نەخۆشیانەش هەندێکیان بۆماوەییە، یان لە ڕێگەی وەرگرتن و بەرکەوتنەوە،یان هەڵەی هۆڕمۆنی دروست دەبێت لە ئەنجامی فشارێك، بەردی بناغەی ئەم تیۆرەش هەریەکە لە داروین،مندل،جالتۆن،کاڵمان، و چەند کەسێکی ترە.(عبداللطيف،86:1999)

2. **تیۆری شیکردنەوەی دەروونی :**

زانایانی تیۆری شیکردنەوەی دەروونی وای دەبینن، کە پێکهێنەرەکانی کەسایەتی سێ پێکهێنەری سەرەکین: ئەوانیش ئەو،من، منی باڵا،ئەمانەش ئاماژەن بۆ پێکهاتە و پڕۆسەیەکی دەروونی کە وەکو تیمێك بە پێی پڕەنسیپێکی دیاریکراو کار دەکەن. لەژێر ڕۆشنایی ئاڕاستەکانی مندا،و دەڵێن ژیانی مرۆڤ زنجیرەیەکی کۆتایی نەهاتووە لە ململانێ کە لەئەنجامی هەوڵدان بۆ پڕکردنەوەی پێویستیەکانی و تێرکردنی پاڵنەرەکانی دروست دەبێت یان لە ئەنجامی نا ئومێدی و شکستهێنان ئەو ململانێ دەروونیە درووست دەبێت.(جابر،1986:28-29)

یەکێك لەدامەزرێنەرانی ئەم تیۆرە زانای بەناوبانگ فرۆیدە، گونجان لای فرۆید ئەو کاتە بەدی دێت کە تاك بتوانێت ڕەفتارەکانی بە پێی میکانزمی من جێبەجێ بکات و بنەمایەکی سەرەکی کەسێتی بێت، و زاڵ بێت بەسەر ئەو و منی باڵادا، و من بەژیری و دانایی و زانیاری هاوسونگییەوە کارەکانی جێبەجێ بکات، ئەو کاتە تاك دەگاتە پلەی گونجان، و ئەگەر من وازی هێنا بۆ ئەو یان منی باڵا، ئەوا دەبێتە هۆی نەگونجان و ڕێکنەکەوتن.(مقبل،16:2010) پەیڕەوانی قوتابخانەی شیکردنەوەی دەروونی وای دەبینن،کە گونجان بریتییە لە توانای تاك لە ئەنجامدانی پڕۆسەی عەقڵی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان، لەم کاتەشدا هەست بە دڵخۆشی و ڕازی بوون بکات،وتاك ملکەچی ئەو یان منی باڵا نەبێت، چونکە من دەتوانێت هاوسەنگی دروست بکات لە نێوان داواکارییەکانی ئەو ئاگادارکردنەوەکانی منی باڵا و داواکارییەکانی دەورووبەری.(دسوقى،1977،66)

هەروەها بەپێی بیرو بۆچوونی زانایانی ئەم تیۆرە کەسی گونجاو خاوەن دروستی دەروونی، کەسێکی واقعییە متمانەی بە خۆی هەیە و خۆی ئەناسێت و دەزانێت پێویستی بە چیە ولەو ژینگەیەی کە ڕەفتاری تێدا دەکات،هەروەها خاوەنانی تیۆری شیکردنەوەی دەروونی وای دەبینن،دروست بوونی هەر ناهەوسەنگیەك لە میکانیزمەکانی من و منی باڵا و ئەودا ڕوودات ئەوا

تاك تواناى خۆگونجاندنى بارودۆخى ئەو ژيەگەيەى نابێت بەمەش دەڵێين نەگونجان،وە لە خاسيەتە سەرەكيەكانى كەسى گەنجاو ئەوەيە،كە چێژ لە دروستى دەروونى ببينێت كە هێزى منە،تواناى كاركردن،تواناى خۆشەويستيە(منصور،2006:76-79)زاناى بوارى ئەم قوتابخانەيە(كارڵ يۆنگ) واى دەبينێ كە:كەسى گونجاو ئەوەيە تواناى هەبێت كارلێكى كۆمەڵايەتى ئەنجام بدات و بچێتە ناو ژيانى كۆمەڵايەتيەوە و تێكەڵى خەڵكى ببێت و هاوسەنگى نێوان ژينگەى ناوخۆى و دەرەكى بپارێزێت.(الدباغ،2013)

### 3. تیۆری مرۆڤایەتی:

لايەنگرانى ئەم تيۆرە جەخت دەكەنەوە لەوەى كە مرۆڤ هەوڵدەدات بۆ ئەوەى خۆى،وەكو مرۆڤ بەديبهێنێت لەو كۆمەڵگەيەيى تێيدا دەژى و لەگەڵ خودى خۆى لە ڕێگەى گونجان لە نێوان شارەزايى و وێناكردنى كەسێتى خۆيەوە ، كە ڕێگە بە خەڵكى دەدات لە ئەو هەڵوێستانەى لەگەڵ بيركردنەوەكانى خۆيدا دەگونجێن بچێتە ناو ژيانيەوە بەوردى هەستى پێ بكات، بەڵام ڕێگە نادات بەو شارەزاييانەى دەورووبەرى بچێتە هۆشيارييەوە كە لەگەڵ خودى خۆيدا ناگونجێت، تێيدا هەست بەمەترسى و هەڕەشەى ئەو شارەزايانە دەكات، نەگونجان لاى لايەنگرانى ئەم تيۆرييە بەهۆى هەست نەكردنى تاكە بە تواناى خۆى و بوونى بيركردنەوەيەكى خراپ لەسەر خودى تاك خۆى، بە نموونە (ڕۆجەرس) واى دەبينێت،كە كەسى چالاك ئەو كەسەيە تا زۆرترين ئاست كاردەكات و تواناكانى بەكاردەهێنێت وە كراوايە بەرامبەر ئەو شارەزاييانەى كە لە ژينگەكەيدا هەيە،و كەسێكى زاناو هۆشيارە،تواناى ژيانى هەيە بە دڵخۆشى،تواناكانى دەخاتە گەڕ،ئەگەر تاك ويستى هەندێك لە شارەزاييە هەڵچوونييەكانى خۆى بپارێزێت،ئەو تاكە توشى نەگونجان دەبێتەوە،ئەمەش بەهۆى ڕێكنەخستنى ئەم شارەزاييانەوە،دواتر دەبێتە هۆى دوو دڵى و خەفەت بارى.

گونجان بە بۆچونى ماسلۆ واتە بەردەوام بوون لە هەوڵدان، چالاك بوون بۆ پڕكردنەوەى پێويستيەكانى مرۆڤ  كە سەرەتا پێويستييە بايەلۆژييەكان تاوەكو پێويستييە دەروونييەكان،ماسلۆ چەن پێوانە ديارى كردووە بۆ گونجان،كە بريتين لە هەست پێ كردنى واقيع، و خود پەسەندى،لە

خۆوە، وچارەسەری کێشەکان،پشت نەبەستن بەوانی تر،و سەر بەخۆی خود،و بەردەوام بوون لەسەر سەرسام بوون بەشتەکان و ڕیزگرتنی، گرنگی دانی زۆر بە لایەنی کۆمەڵایەتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، و هەست کردن بە خۆشەویستی بەرامبەر ئەوانی تر، و لەکۆتایشدا هاوسەنگی کردن لە نێوان بوارە جیاوازەکانی ژیاندا(الدباغ،2013)

(پێرز) جەخت لەسەر گرنگی ڕێکستنی شارەزاییەکانی تاك دەکاتەوە و یان ئاڕاستەکردنی بۆ بەدەستهێنانی پێویستییەکانی مرۆڤ،و پێویستە تاك لەسەر ئەم هەستانەی بژی بەبێ ترس لە داهاتوو.لەبەر ئەوە دەبینین،کە خاوەنەکانی ئەم تیۆریە واتەماشای پڕۆسەی گونجان دەکەن کە لایەنی هۆشیاری ئەزموونەکانی ژیان و دەربڕینەکانیەتی بەشێوەیەکی واقعی،ئەو یاسایانەی کە کۆنتڕۆڵی گونجان دەکەن چۆنیەتی و هونەرییە نەك ئاماری،هەروەها جەخت لەسەر بەهاکان دەکەنەوە وەك پێوانەیەك بۆ ڕێکخستنی ڕەفتارەکانی تاکە کەس.(الجموعی،98:2013)

هەروەها (ئالپۆرت) وای دەبینێت، کە گونجان ئامانجی هەموو زیندەوەرێکە،و هۆکاریکی بنەڕەتییە بۆ چۆنیەتی ڕەفتار کردن،واتا هەموو کەسێك بەپێی شێوازی تایبەتی خۆی لەگەڵ ژینگەکەیدا دەگونجێت، و گونجان پەیوەندی بە چۆنیەتی درێژەپێدانی خودەوە هەیە،واتا ژیانی تاکە کەس پێویست ناکات پابەند بێت بە کۆمەڵێك چالاکیەوە بەتەنها،بەڵکو پێویستە پێویستیەکانی پڕبکاتەوە بەشێوەیەکی پلان بۆ دانراو لە داهاتوودا.(سلامە،2001:54-55).

4. **تیۆری ڕەفتاری:**

هەریەکە لە(واتسۆن و سکینەر)بە بەناوبانگترین دامەزرێنەری ئەم قوتابخانەیە دادەنرێن،پێیان وایە گونجان و نەگونجان تەنها ڕەفتارێکی فێرکراوە (واتا دەستکەوتووە) بەهۆی ئەو شارەزایانەی کە تاك دەستی کەوتووە، جەخت دەکەنەوە کە گونجان کۆی ئەو نەریتانەیە کە تاك لە پێشودا فێری بووە،و بەشدارە لە کەمکردنەوەی دوو دڵی و ناکۆکی لای تاك.(وافی،6:2006)

(واتسۆن و سکینەر) بڕوایان وایە کە پڕۆسەی گونجان لە ڕێگەی هەوڵی هەستی ناوەکییەوە گەشەناکات،بەڵکو بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی (لەخۆوە) لەڕێگەی دووبارەبوونەوە فێری ڕەفتارەکانی دەبێت و دەتوانێت لەگەڵ ژینگەکەیدا بگونجێت،و (وڵمان و کرانیر) ڕونی دەکەنەوە،کەتاك نابێت

پشت بەکەسانی تر ببەستێت لە ئەنجامدانی ڕەفتارەکانی و پڕکردنەوەی پێویستیەکانی بەڵکو دەبێت لە ڕێگەی فێربوون و ئەزموونەوە هەوڵی بەدەست هێنانی ئامانجەکانی بدات،تابتوانێت، بگاتە پلەیەکی هاوسەنگ و پاڵنەرەکانی تێربکات. ( **الدباغ**،2013 )

لەژێر ڕۆشنایی ئەمەشدا بەلای (فلیپس) وە گونجان بریتییە لە توانای تاك لەسەر وەڵام دانەوەی کێشە گۆمەڵایەتییەکان کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە.بەڵام (گود) دەڵێت گونجان بریتییە لە پرۆسەی دۆزینەوە و بنیاتنانی شێوازی ڕەفتارەکان کە لەگەڵ ژینگە و گۆڕانکاریەکانیدا بگونجێت.

(فای و ریشلی) کە سەر بەئەم تیۆرەن ئاستی گونجان بە ئاستی توانای تاکە کەس دیاری دەکەن پێوانەی گونجان دەکەن لەڕووی سەربەخۆی کەسێتی و وەڵام دانەوەی کۆمەڵایەتی بۆ ئەوانەی لە هەمان تەمەن و ئاستی ڕۆشنبیری دان لە ژینگەیەی تێیدا دەژین. بەڵام بەلای (هاس) وە گونجان بریتییە لە گونجانی تاك لەگەڵ ئەو داواکاریانەی بەسەریدا دەسەپێنرێت،ڕۆڵی تاك لە ئەنجامدانی هەندێك لە ئارەزوو و پێداویستییەکانی بۆئەوەی پەیوەندییەکی گونجاو لەگەڵ ئەوانەی دەوروبەریدا بنیات بنێت،بە ورد بوونەوە لە ڕاوبۆچوونی خاوەنانی ئەم تیۆرە دەردەکەوێت، هەموویان وای دەبینن کە ڕەفتاری مرۆڤ بریتییە لە وەڵام دانەوەی بۆپێداویستیەکان،

هەروەها ڕەفتارگەران هەوڵی پێکەوە بەستنەوەی گوجان و ژینگەی کۆمەڵایەتی و فیزیکی دەدەن ئەویش لە ڕێگەی فێربوون و دووبارە کردنەوەی ڕەفتارەکانی تاکەوە.و گونجان بریتییە لە پرۆسەیەك کە لەڕێگەیەوە دوو دڵی کەم دەبێتەوە دەتوانێت ڕووبەڕووی گۆڕانکارییەکان ببێتەوە یان بەرگری لە هەڵسوکەوتەکان بکات،و گونجان بریتییە لە تێکەڵ بوون و بەرەوپێشچوون لەگەڵ لایەنە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەدا هەڵسوکەوتەکانی بەپێی دابوو نەریتەکانی کۆمەڵگەڕێکبخات و بتوانتێت فێری یاساکانی کۆمەڵگەکەی بێت و کاری پێبکات،بەدەست هێنانی پلەی گونجان لای زانایانی ئەم تیۆرە بریتییە لە ڕازیبوونی تاك بە پێوانە کۆمەڵایتیەکان و ملکەچبوونی بۆ ئەو ڕێگەو شێوازانەی کە لە کۆمەڵگەدا کاری پێدەکرێت،کارێك ئەنجام بدات کەلەگەڵ دابوونەریتی کۆمەڵگەکەیدا بگونجێت.( غنیم ،68،1987)

## تیۆری مەعریفی ( ئەبستمۆلۆژی ):

خاوەنی ئەم تیۆرە پێیان وایە گونجان لە ڕێگەی توانای مەعریفەی مرۆڤ خۆیەوە بەدی دێت،بەپێی توانای مەعریفی هەر تاکێك،لەسەر ئەم بنەمایەش (ئەلبێرت ئەلیس) جەخت لە گرنگی فێرکردنی نەخۆشە دەروونیەکان دەکاتەوە کە چۆن بیرۆکەکانی خۆیان بگۆڕن بە ئاراسەی چارەسەر کردنی کێشەکان،بۆ نەخۆش ڕوون بکرێتەوە چۆن قسەکردن لەگەڵ خودی خۆیدا بەسەرچاوەی کێشە هەڵچونیەکان دادەنرێت،هاوکاری بکرێن لەسەر راستکردنەوەی بیرۆکەکانیان بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە باری هاوسەنگی و پلەی گونجان لە ڕێگەی شارەزای و زانیارییەکانی تاك خۆیەوە.(بن-ستی،17:2013)

هەریەکەش لە(لازاروس و فلکمان) وای دەبینن کە شارەزاییەکان و زانیاریەکانی تاك خۆی لەو هەلۆیستانەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە دەبێتە هۆی دیاریکردنی هۆکارەکانی گونجان،واتا لەڕێگەی هەڵسەنگاندنی ئەو ڕووداوانەی دەبنە هۆی فشاری دەروونی لەسەر تاك بەپێی شارەزاییەکانی خۆی کە ئەمەش لە ئەنجامی کۆمەڵێك وەلام دانەوە دێت بە شێوەیەکی هەڵچونی یان لەڕێگەی پرۆسەیەکی فسیۆلۆجیەوە،کە دەبێتە هۆی تێگەیشتنی تاك لەو ڕووداوانەی کە لەسەری ڕوویداون و شارەزای پەیدا کردن لەکاتی ڕووبەڕوو بوونەوەی کێشەیەکی تری هاوشێوەدا،بۆ نموونە دوو کەس ڕووداوێك بە فشار دەزانن لەسەر لایەنی دەروونیان،بەلام یەکێکیان بڕوای وایە کە شارەزای و توانای هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ڕووداوەدا بەلام ئەوی تریان ئەو شارەزاییەی نییە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ڕووداوەدا. (ذهبية،2012:162-163)

بەلام چەمکی تەندروستی دەروونی و گونجان لە دیدی خاوەنانی تیۆری مەعریفییەوە پشت بەو شێوازە دەبەستێت کە تاك پەیڕەوی دەکات لە لێکدانەوە و هەڵسەگاندنی ڕوداوەکانی ژینگە، و زیاد بوونی هەست کردنی بەتوانای خود و بەشداری کردنی لە بەهێز کردنی تەندروستی دەروونی و جەستەی لای خودی بەشێوەیەکی چالاك لە ڕێگەی ئەو شارەزایانەی هەیەتی،بەپێی بۆچونی ئەم زانایە ئەو کەسەی تەندروستیەکی دەروونی گونجاوی هەیە ئەو کەسەیە کە دەتوانێت لکدانەوەی

ڕووداوەکان بکات بەشێوەیەك کە هیوای هەبێت بە چارەسەر کردنی ئەو کێشەو گرفتانەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە،وە بەکار هێنانی تواناکان بۆ چارەسەری کێشەکان،و بەکارهێنانی شێوازە زانستیەکان لە بەرەنگار بوونەوەی فشارە دەروونیەکان،بەلأم ئەم کەسەی تەندرووستی دەروونی گونجاو نییە،بێئومید دەبێت و هەست بەبێ توانای خۆی دەکات لەکاتی ڕووبەڕوو بوونەوەی کێشە و گرفتەکاندا.(الحمادی،10:1990)

## 5. تیۆری کۆمەلأیەتی:

بۆچوونی زانایانی بواری ئەم تیۆرە ئەوەیە لەگەڵ کۆمەڵگەکەیدا گوجاو بێت ،واتە بتوانێت لەگەڵ بەها و یاساکانی کۆمەڵگەدا بڕوات،لەوانەش(دنهایم)وای دەبینێت کە پەیوەندییەك لەنێوان ڕۆشنبیری و شێوازەکانی گونجان هەیە،واتە کەسێکی گونجاو لە کۆمەڵگەیەکدا مەرج نییە گونجاو بێت لە کۆمەڵگەیەکی تردا بەهۆی جیاوازی ڕۆشنبیرییەوە.

(دینهام و فیزەر 1986) وای دەبینن کە گونجان تەنها لەڕێگەی ملکەچبوونی تاکەوە بەدی دێت بۆ پێوانە و ڕۆشنبیری کۆمەڵگەکەی و ملکەچبوون بۆ داب و نەریت و یاساو بەهاکانی بەپێی ئەم تیۆریە گونجان بریتییە لە پرۆسەیەك کەتاك لە ڕێگەی ڕەفتاری گونجاو بەرامبەر ژینگەو گۆڕانکارییە ژینگەییەکان وەریدەگرێت ملکەچبوون بۆ جێبەجێکردنی ڕەفتارەکانی بەپێی ئەو دابوو نەریت و یاسایانەی لەگەل داب و نەریت و بەهاو یاساکانی کۆمەڵگەکەیدا گونجاوە و بەپێی یاسا سەپاندویەتی بەسەر هەموو ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیەدا. (الدباغ،2013)

زاناکانی ئەم تیۆریە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە چینەکانی کۆمەڵگە کاریگەری هەیە لەسەر گونجان،ڕوونی دەکەنەوە چینەکانی خوارەوە لە کۆمەڵگەدا زیاتر گرنگی بەلایەنی جەستەیی دەدەن و کەمتر خوازیاری چارەسەری کێشە دەرونییەکانن،بەلام چینە بالاکانی کۆمەڵگە کە مۆرکێکی دەروونیان هەیە و کەمتر خوازیاری چارەسەر کردنی کێشە جەستەییەکانیان،لە بەناو بانگترین خاوەنەکانی ئەم تیۆرییەش (فریزەر،دنهام،هوڵنجزهید،ردلێك.....هتد) (الدباغ،2013)

**شیکردنەوەی گشتی تیۆرەکانی گونجانی کۆمەڵایەتی .**

١- زانایانی تیۆری بایلۆجی پرۆسەی نەگونجان بە تێکچونی کاری ڕژێنەکان. دەزانن کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە لایەنی دەرونی و هەڵچونەوە هەیە.

٢- لایەنی تیۆری شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی لە پێش هەمویانەوە (فرۆید) دەگەڕێتتە بۆ زاڵبونی ( من ) لە پێکهێنەرەکانی کەسایەتیدا.

٣- لایەنگرانی تیۆری مرۆڤایەتی گونجانی تاك دەگەڕێننەوە بۆ هەستکردنی تاك بە خودی خۆی و بەرپرسیاریەتیەکان لە کۆمەڵگەدا .

٤- زانایانی تیۆری ڕەفتاری وا دەبینن کە مرۆڤ لەڕێگەی ئەو هۆشیاری پەروەردەیی بە کەوەریدەگرن پەی بە گونجان دەبەن واتە ئاستی ڕۆشنبیر کەسەکان پێوەرە بۆ گونجان بە شێوەیەکی گشتی.

٥ - زانایانی تیۆری مەعریفی وادەی بینن کە تاك لەڕێگەوئەو مەعریفەو هۆشمەندیەیەی هەیەتی پەی گونجان دەبات و کێشەکانی چارەسەر دەکات .

## 2-2 توێژینەوەکانی پێشوو:

### 1-2-2 بەکارهێنانی ئینتەرنێت پەیوەندی بە ئاستی خوێندن و گونجانی کۆمەڵایەتی و توانای پەیوەندی کردن لای خوێندکاران

(الطراونة و الفتیخ، ٢٠٠٢)، بە ناونیشانی ( بەکارهێنانی ئینتەرنێت پەیوەندی بە ئاستی خوێندن و گونجانی کۆمەڵایەتی و توانای پەیوەندی کردن لای خوێندکاران) .

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دۆزینەوەی کاریگەری بەکارهێنانی ئینتەرنێتە لەسەر خوێندنی ئەکادیمی و گونجانی کۆمەڵایەتی و خەمۆکی و پەیوەندی گرتنە لای خوێندکارانی زانکۆی ( القصیم). توێژەر لەم توێژینەوەیدا میتۆدی وەصفی شیکاری بەکارهێناوە ، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە لە خوێندکارانی زانکۆی (القصیم)، نمونەی توێژینەوەکە هەموو ئەو خوێندکارانە دەگرێتەوە کە ئینتەرنێت بەکاردەهێنن لە زانکۆکەدا ژمارەیان (٥٨٥) خوێندکاری کوڕ و کچن . توێژەر ئامڕازە ئاماریەکانی (ANOVA، پێرسۆن تاقیکردنەوەی شیفیە، ناوەندە ژمێری، لادانی پێوەری) بەکار هێناوەن ، پێوانەی

گونجانی کۆمەڵایەتی توێژەر خۆی ئامادەی کردووە، پێوانەی خەمۆکی ، و پێوانەی تواناکانی پەیوەندی کردنی لە لێکۆڵینەوەکەدا بەکار هێناوە،

ئەنجامی توێژینەوەکە ئاماژە بەوە دەکات کە گونجانی کۆمەڵایەتی و توانای پەیوەندی دروست کردن بەرزە لای ئەو کەسانەی کە ئینتەرنێت بەکاری دەهێنن، بەشێوەیەکی یەکسان یان کەم ، ئەوانەشی زیاتر بەکاری دەهێنن ئاستی گونجانی کۆمەڵایەتیان کەمترە. ئەوانەی بەشێوەی مامناوەند بەکاری دەهێنن ئاستی خەمۆکیان کەمترە. و ئەوانەی زیاتر بەکاری دەهێنن ئاستی خەمۆکیان زیاترە،جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە بۆ خەریەکە لە گونجانی خوێندنی و ئاستی خوێندن و گونجانی کۆمەلأیەتی بۆ ئەو خوێندکارانەی کە زیاتر لە دوو سەعات ئینتەرنێت بەکاردەهێنن,لەڕووی جۆری پەیوەندی کۆمەلأیەتی تایبەتمەندێتی لە بەرژەوەندی ئەوانەی کە بەشێوەیەکی مامناوەندی بەکاری دەهێنن(الطراونة و الفتیخ، ٢٠٠٢).

## 2-2-2 گونجانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بە سەقامگەری کەسێتی تاك لە کۆمەڵگە و کاریگەریەکانی بە شێوەی ئەرێنی و نەرێنی لەسەر کارەکتەری مۆسیقا

توێژەران ابو سکران ,ساڵ و شوێن ٢٠٠٩ فەلەستین دەرونزانی ,ئامانج باسی گونجانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بە سەقامگەری کەسێتی تاك لە کۆمەڵگە و کاریگەریەکانی بە شێوەی ئەرێنی و نەرێنی لەسەر کارەکتەری مۆسیقا باسی لێوەکراوە ,کۆمەڵگە نەخۆشخانەی وەفا لەفەلەستین و کۆمەڵێك نەخۆشکە ژمارەیان ٦٥ کەسە وەکو سامپڵ وەرگیراوە وبیروڕایان شیکاری بۆ کراوە,میتۆد ئەزموون ,ئامراز فۆرمی راپرسی ,دەرئەنجام ئاستی خۆڕاگر و. کەسێتی مروڤ لەکاتی بونی هەر کەم و کوریەکی جەستەی لە لەش و لاری دا و سەقامگیری لایەنی کۆمەڵایەتی و توانای خۆگونجاندنی لەگەڵ دەوروبەردا .(ابوسکران ، ٢٠٠٩، ٥٠).

## 3-2-2 ڕۆڵی پێگەی کۆمەڵایەتی بەڕێوبەری قوتابخانەکان و گونجانی کۆمەڵایەتی لای بەڕێوبەرەکان لە ئاڕاستەکردنی رای گشتی خوێندکار و مامۆستا و کاریگەری لەسەر دیدوبۆچونی سیاسی

(٢٠١٣) جەزائیر دەرونزانی ( نامەی ماستەر ) لە زانکۆی ئەزهەر لە میسر ئەنجامدراوە ,میتۆدی ئەزمونی ,ئامڕازەکەی فۆرمی ڕاپرسی ,باسی ڕۆڵی کاریگەری گونجانی کۆمەڵایەتی و پیگەی کۆمەڵایەتی دەکات لەسەر کارەکتەری مامۆستا لە قوتابی بنەڕەتی ( الشریف ، ٢٠١٢، ٣٢)

## 4-2-2 پەیوەندی نێوان گوشارە کۆمەڵایەتی و دەرونیەکان دەکات لەسەر مامۆستای ناوەندی

## ( قۆناغی بنەرەتی و کاریگەریە ئەرێنی و نەرێنیەکانی لەسەر پرۆسەی پەروەردەیی )

جەزائیر کۆمەڵناسی و دەرنزانی ,باسی پەیوەندی نێوان گوشارە کۆمەڵایەتی و دەرونیەکان دەکات لەسەر مامۆستای ناوەندی ( قۆناغی بنەرەتی و کاریگەریە ئەرێنی و نەرێنیەکانی لەسەر پرۆسەی پەروەردەیی لەپەیمانگای وەرزشی و بەدەنی لە وڵاتی جەزائیڕ لە ساڵی ٢٠١٣ ئەنجام دراوە ,میتۆدی ئەزمونی ,ئامڕازەکەی فۆرمی ڕاپرسی زانیاری لەسەر کاریگەری فشارە کۆمەڵایەتی و دەرونیەکان لەسەر کارەکتەری مامۆستای بنەڕەتی و سود وەرگرتن لێی وەکو بابەتێکی زانستی بۆ خزمەتی کەرتی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان تیۆری نێودەڵەتی (www.minshawi.com///http)

## 5-2-2چۆنیەتی خۆراگری مرۆڤ لەکۆمەڵگەدا و ئاستی گونجانی و راگرتنی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی لەناو چینەکانی کۆمەڵگەدا بەتایبەتی خۆگونجانی مامۆستا لە پرۆسەی پەروەردەیی دا

٢٠٠٣ لیبیا دەرونزانی (نامەی دکتۆرا) ,باسی چۆنیەتی خۆراگری مرۆڤ لەکۆمەڵگەدا و ئاستی گونجانی و راگرتنی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی لەناو چینەکانی کۆمەڵگەدا بەتایبەتی خۆگونجانی مامۆستا لە پرۆسەی پەروەردەیی دا .

لە زانکۆی عومەر موختار - کۆلێجی ئاداب - ئەنجامدراوە ,لەلایەن توێژەر الشحومی,میتۆدی ئەزمونی, ئامڕازەکەی فۆرمی راپرسی ,باسی ئەو دۆخە نالەبارە کۆمەڵایەتیانە دەکات کە توشی مرۆڤ دەبێت و چۆنی ڕاگرتنی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی لە نێوان مامۆستاو خوێندکار دا خاڵی بنچینەی

توێژینەوەکەیەتۆڕی نێودەوڵەتی (http:///www.psvcholOgy .com)لە ڕۆژی ٢٠١٧/٠٤/٢٤ بینراوە

## 6-2-2 گونجانی دەرونی و کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی بەکارهێنەری تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان لەزانکۆی گەرمیان

2016 لە گەرمیان ئەنجامدراوە ،ئامانج لە ئەنجام دانی ئەم توێژینەوەیە زانینی ئاستی گونجانی دەرونی لای خوێندکارانی بەکارهێنەری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەزانکۆی گەرمیان،کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتیە لەسەرجەم خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان بۆساڵی خوێندنی (2015-2016)، میتۆدی ئەزمونی, ئامرازەکەی فۆرمی راپرسی،ئەنجامەکان ئەوە دەرئەخەن کە گونجانی دەرونی لەئاستێکی بەرزدایە سەرەڕایی بەکارهێنی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان.

## بەشی سێیەم

## رێکارییەکانی توێژینەوەکە

1.3 میتۆدی توێژینەوەکە

2.3 کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

3.3 سامپڵی توێژینەوەکە

4.3 ئامرازی توێژینەوە

1.4.3 راستیی ئامرازی توێژینەوە

2.4.3.جێگیری ئامرازی توێژینەوە

3.4.3 پراکتیزە کردنی ئامرازی توێژینەوە

5.3 کەرەستە ئامارییەکان

# بەشی سێیەم

## رێکارییەکانی توێژینەوەکە

ئەم بەشە پێك دێت لە ڕوونکردنەوەی ئەو میتۆدەی کە لە لایەن توێژەرانەوە پەیڕەوی کراوە ،لە گەڵ وەسفکردنی تایبەتمەندییەکانی نمونەی توێژینەوەکە،هەروەها خستنەڕووی چۆنییەتی دروستکردنی ئامرازەکانی توێژینەوە، لەگەڵ دڵنیابوون لە ڕاستی و جێگیری ئامراز (ڕاپرسی) یەکە، لە گەڵ ئاماژەدان بە چۆنیەتی جێبەجێکردنی توێژینەوەی مەیدانی و بەکارهێنانی ئەو ئامرازە ئامارییانەی کە لە شیکردنەوەی داتاکانی توێژینەوەکەدا بەکارهێنراون.

### 1.3 میتۆدی توێژینەوەکە

توێژەران لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەصفی بەکاردەهێنین چونکە ئەو میتۆدە لێکۆڵینەوە لەپەیوەندیەکی بەستنەوە لەنێوان گۆڕانەکان دەکات و دەرخستنی لەسەر ئەو جیاوازیانەی کە لەنێوانیاندا هەیە لەپێناوی وەصف کردن و شیکردنەوەی بۆ دیاردەکانی کە لێکۆڵینەوە کراوە.

### 2.3 کۆمەڵگەی توێژینەوەك

دیاریکردنی کۆمەلگای توێژینەوە بە یەکێك لەکارە گرنگەکانی توێژینەوەکە دادەنرێت ،کۆمەلگای توێژینەوەکە لە هەموو ئەو کەرەستانە پێك دێت کە توێژەر هەلّدەستێت بەلێکۆڵینەوەی (ملحم،2005،ص149). کۆمەلگەی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە (مامۆستایانی باخچەکانی شاری سلێمانی) بۆ ساڵی خوێندنی (2018-2019)کە پێك هاتووە لە (1893) مامۆستا، کە (1685) ڕەگەزی مێ (206)ڕەگەزی نێر. توێژەران ئەم زانیاریەیان وەرگرتووە لە(بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگای سلێمانی)

**خشتەی ( 1 )**

**ژمارەی مامۆستایان و باخچەکانی ساوایانی شاری سلێمانی**

| ناوی پەروەردە | نێر | مێ | ژمارەی باخچە |
|---|---|---|---|
| ڕۆژئاوا | 180 | 1361 | 116 |
| ڕۆژهەلآت | 26 | 322 | 13 |
| کۆی گشتی | 206 | 1658 | 129 |
| | | | |

## 3.3 سامپڵی توێژینەوەکە

نموونەی (سامپڵ)ی توێژینەوە لە بەشێکی کۆمەڵگا پێك دێت کەدیاری ئەکرێت بە ڕێگای ئاماری دروست کەپێك دێ لە تاکە نموونەییەکانی کۆمەڵگا هەتاوەکو ئەنجامی ئەم سامپڵە گشتگیر بکرێت بەسەر کۆمەڵگەکەدا. (عباس و آخرون،2007،ص218) سامپڵی توێژینەوەکە بریتی یە لە (121) مامۆستا کە (103) مامۆستا لەڕەگەزی مێ و(18) مامۆستا لە ڕەگەزی نێر، لە(13) باخچەی مندالآندا،وەئەم سامپڵە کەدەست نیشانمان کردووە بەشێوازێکی هەڕەمەکی هەڵبژێردراوە لەباخچەکانی شاری سلێمانیدا ،لە خشتەی ژمارە (2) دا ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی ( 2 )**

**ژمارەی ئەندامانی سامپڵی توێژینەوەکە**

| ناوی باخچە | پەروەردەکەی | نێر | مێ | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| خەونی مندالآن | رۆژئاوا | - | 9 | 9 |
| لالە | رۆژئاوا | - | 8 | 8 |
| جریوە | رۆژئاوا | - | 7 | 7 |
| شاد | رۆژئاوا | - | 6 | 6 |
| ناز | رۆژهەلآت | 3 | 7 | 10 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| گوڵ | رۆژئاوا | 4 | 6 | 10 |
| ئاورینگ | رۆژئاوا | 5 | 6 | 11 |
| **ئەستێرە** | **رۆژهەلات** | **-** | **10** | **10** |
| **سەردەم** | **رۆژئاوا** | **-** | **9** | **9** |
| **شۆخان** | **رۆژئاوا** | **-** | **11** | **11** |
| **هەنگ** | **رۆژئاوا** | **-** | **9** | **9** |
| **هەرمێ** | **رۆژئاوا** | **3** | **8** | **11** |
| **پەری** | **رۆژئاوا** | **3** | **7** | **10** |
| **کۆی گشتی** | | **18** | **103** | **121** |

## 4.3 ئامرازی توێژینەوە

گەیشتن بەئامانجی توێژینەوەکە پشت دەبەستێ بە ئامادە کردنی پێوەرێکی زانستی کە تایبەتن بە " خۆگونجانی کۆمەلأیەتی لای مامۆستایانی باخچە لەنێوان باخچەی حکومی و باخچەی ئەهلی دا " و لەپێناو گەیشتن بەئامانجەکانی توێژینەوەکە،توێژەران پشت دەبەستن بە پێوەری (فۆڕمی ڕاپرسی)، کە پێك هاتبوو لە (32) برگە بۆ پێوانە کردنی خۆگونجانی کۆمەلأیەتی لای مامۆستایانی باخچە لەبەر ئەوەی پێوەرەکە گونجاوە لەگەڵ نموونەی ئەم توێژینەوەیە، و هەروەها ڕاستگویی وجێگێریان بۆ دەستنیشان کراوە.(پاشکۆی 1)

### 1.4.3 راستیی ئامرازی توێژینەوە

باشترین ڕێگا بۆ جەخت کردنەوە لەسەردەستنیشانکردنی ڕاستگۆی دیار وە ئامرازی پێوەری دەروونی ئەوەیە کەوابەشێك لەشارەزایانی خاوەن پسپۆڕ لەدەست نیشانکردنی یان هەڵسەنگاندنی ڕادەی تاچەند پەیوەندی بەبرگەو ئەوچەمکانەی کەپەیوەندی بەپێوانەکردنەوە هەیە ڕاستگۆی دیار تەعبیر دەکات لەجەخت کردن لەسەر ڕێکاری پێوەرەکان وە بابەتەکانی وەگونجاندنی لەپێناوی دانانی بەوشێوەیەی کەمەبەستدارە (الإمام وئ‌خرون، 1990،ص130)، بۆ ئەم مەبەستە توێژەران برگەکانی پێوەرکە دابەش کرد بە سەر (5) شارەزا بەتایبەت لەبواری دەرونناسی ورێگەکانی

وانەوتنەوە و پەروەردە وەرگرتنی ڕاوبۆچوونیان لەسەر شیاوی بڕگەکان و ڕێکاری پێوەرەکانی ، وڕێژەی ڕێکەوتنی شارەزاکان کە گەیشتە (90٪) بەمەش بۆمان دەرکەوت کە پێوەرەکەمان ڕاستگۆیە (پاشکۆی 2)

### 2.4.3.جێگیری ئامرازی توێژینەوە

توێژەران هەستان بە ئەنجامدانی پێوەری توێژینەوەکە لەسەر (10) مامۆستا، کەوەرگیراوە بەشێوەی هەڕەمەکی لە باخچەکانی شاری سلێمانی، ودوای تێپەڕبوونی (14 ) ڕۆژ بەسەر تەتبیقی یەکەمدا توێژەران هەستان بە دووبارەکردنەوەی تەتبیقەکە لەسەر هەمان نموونەی سەرەوە وەدوای پشکنینی فۆرمەکان بەپێی پەیوەندی نێوان جێبەجێکردنی یەکەم و جێبەجێکردنی دووەم بەبەکارهێنانی هۆکاری بەستنەوەی پیرسون (معامل ارتباط بيرسون) کەئەکاتە(0,634). وبەم نمرەیە بۆمان دەردەکەوێت کە پێوەرەکەمان جێگیرە.

### 3.4.3 پراکتیزە کردنی ئامرازی توێژینەوە

#### ڕێنماییەکانی جێبەجێکردنی پێوەری توێژینەوە:

توێژەران بشت دەبەستن بە پێنج جێگرەوە بۆ هەر برگەیەکی پێوەرەکە جێگرەوەکانیش بریتی بوون لە ((هەمیشە - زۆر جار - هەندێ جار - دەگمەن - هەرگیز ))نمرەی هەر جێگرەوەێك بەم شێوەیە بوو: (5-4-3-2-1). دوای ئەوەی توێژەران کۆتایهات بەکارەکانیان لەئامادەکردنی فۆرمی هەڵسەنگاندنی چەمکە بایۆلۆجییەکان لای منداڵانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی ، ڕاستی و دروستی وجێگیری تێدایە. توێژەران هەستان بە جێبەجێکردنی فۆرمەکە لەسەر (نموونەی توێژینەوەکە) ، ماوەی جێبەجێکردنەکە ، کەدەست پێدەکات (2018/11/20) وە کۆتای پێیەت لە (2019/2/15) .

## 5.3 کەرەستە ئامارییەکان

**تویژەران بۆدەرکردنی ئەنجامەکانی تویژینەوەی ئێستایان پشتیان بەستووە بەئامرازەکانی ئامار کە ئەمانەی خوارەوەن:**

1. **ناوەند ژمێرەیی**
2. **الاختبار التائي بۆ يەك نموونة.**
3. **الاختبار التائي بۆ دوو نموونة .**
4. **مەعاملی پەیوەندی پیرسۆن .**

$$\text{ع} = \sqrt{\frac{\text{مج}\,(\text{س} - \bar{\text{س}})^{2}}{\text{ن}}}$$

$$\text{ت} = \frac{\text{س}_{1} - \text{س}_{2}}{\sqrt{\frac{(\text{ن}_{1}-1)\text{ع}_{1}^{2} + (\text{ن}_{2}-1)\text{ع}_{2}^{2}}{\text{ن}_{1}+\text{ن}_{2}-2} * \left(\frac{1}{\text{ن}_{1}} + \frac{1}{\text{ن}_{2}}\right)}}$$

$$\frac{\bar{\text{س}} - \text{م}}{\frac{\text{ع}}{\sqrt{\text{ن}}}}$$

$$1 - \frac{6\ \text{مج}\ \text{ف}^{2}}{\text{ن}\,(\text{ن}^{2} - 1)}$$

(**البياتي**، 1970،233)

# بەشی چوارەم

# خستنەڕووی ئەنجامەکان و گفتوگۆکردنیان

1.4 خستنەڕوو ئەنجامەکان

2.4 دەرنجامەکان

3.4 ڕاسپاردەکان

4.4 پێشنیارەکان

# بەشی چوارەم

## خستنەڕووی ئه نجامەکان و گفتوگۆکردنیان

### 1.4خستنەڕوو ئه نجامەکان وشیکردنەوەیان

ئەم بەشەتایبەتە بەخستنەڕووی ئەو ئەنجامانەی کەپێگەشتوین بەپشت بەستن بەسەرجەم ئەو زانیاریانەی لەسەر ڕیزبەندی ئامانجەکانی توێژینەوەکە و تاوتوێی کردنی ئەم ئەنجامانەیە و لەکۆتاییدا ڕاسپاردەو پشنیاز خراونەتەڕوو.

**ئاما نجی یەکەم: خۆگو نجانی کۆمەلأیەتی لای مامۆستایانی باخچە لەنێوان باخچەی حکومی و باخچەی ئەهلی دا**

دوای چارەسەرکردنی داتاکانی تایبەت بەنموونەی توێژینەوەکە بەگشتی ,ناوەندی نمرەکانی لە فۆرمی خۆگونجانی کۆمەلأیەتی لای مامۆستایانی باخچە بریتی بوو( 126,686) بەلادانی پێوەری (12,172 )نمرە ,و دوای بەراوردکردنی ئەم ناوەندە لەگەڵ ناوەندی گریمانەی بۆ فۆرمەکە کەدەکاتە ( 96) بەبەکارهێنانی تاقی کردنەوەی تائی (t-test) بۆیەك نمونە دەردەکەوێت کە بەهای تائی هەژمارکراو گەیشتە(27,745) و ئەوەش گەورەترە لەبەهای خشتەیی کەگەیشتە(1.96) ئەویش بەلگەداری ئاماری لەئاستی (0.05) هەیە وەك لەخشتەی (2) ڕوون کراوەتەوە:

**خشتەی ( 3 )**

**ئه نجامەکانی تاقی کردنەوەی تائی لەنێوان ناوەندە ژمێرەی و لادانی پێوەریو بەهای تائی لای ئەندامانی سامپڵی توێژینەوە**

| نمونه | ناوەندە ژمێرەی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەی | بەهای تائی | | ئاستی بەلگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەی | 0,05 |
| 121 | 126,686 | 12,172 | 96 | 27,745 | 1.96 | بەلگەداری |

**ئەم ئەنجامەش بەمانای ئەوەیە کەجیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە ئاستی خۆگونجانی کۆمەڵایەتی لای مامۆستایانی باخچە لەنێوان باخچەی حکومی و باخچەی ئەهلی دا لەنێوان ناوەندی نمرەکانی نموونەی توێژینەوەکە وناوەندی گریمانەییە لە سەر فۆرمی هەڵسەنگاندنی چەمکە بایۆلۆجییەکان کەئەمەش ئاماژەیە بەوەی کە زانیاری خۆگونجانی کۆمەڵایەتی لای مامۆستایانی باخچە ئاستێکی بەرزی هەیە و تەفسیری ئەم ئەنجامەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئاستی تێگەشتن و ڕۆشنبیری مامۆستایانی باخچەکانی شاری سلێمانی و بونی پەیوەندییەکی باشی کۆمەڵایەتی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگاکەدا.**

## ئامانجی دووەم: جیاوازی بەڵگەداری خۆگونجانی کۆمەڵایەتی لای مامۆستایانی باخچە بەپێی گۆڕاوای (حکومی – ئەهلی).

بۆبەدەستهێنانی ئەم ئامانجە توێژەران تاقی کردنەوەی تائی بۆ دوونموونەی سەربەخۆ بەکاریان هێنا دەرکەوت کە ناوە ندی نمرەکانی بوئەهلی گەیشتە(120,388) نمرە بە لادانی پێوەری (10,409) لە کاتیکدا ناوەندی نمرەکان بۆحکومی گەیشتە (127,786)نمرە بەلادانی پێوەری (12,123) نمرە ,بە بەراوردکردنی ئەم دوو ناوەندی دە ردەکەوێت کە بە های تائی هەژمارکراو گەیشتە (2,459) دوای بە راوردکردنی بەبەهای تائی خشتەی کە دەکاتە (1.96) لەئاستی بەڵگەداری (0.05) بۆمان دەردەکەوێت کە بەڵگەداری ئاماری هەیە واتە جیاوازی هەیە لە خۆگونجانی کۆمەڵایەتی لای مامۆستایانی باخچە بەپێی گۆڕاوای (حکومی - ئەهلی).

وەك لەخشتەی (3) ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی ( 3 )**

**ئە نجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی بە پیی گۆڕاوای ( حکومی – ئەهلی ).**

| ڕەگەز | ژمارە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پیێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تائی هەژمارکراو | بەهای تائی خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری 0,05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەهلی | 18 | 120,388 | 10,409 | 119 | 2,459 | 1.96 | بەڵگەدارە |
| حکومی | 103 | 127,786 | 12,123 | | | | |

ئەم ئەنجامەش ئاماژە دەکات کەجیاوازی هەیە لەنێوان باخچەی ئەهلی وحکومی لەئاستی خۆگونجانی کۆمەڵایەتی لای مامۆستایانی باخچە بەپیی گۆڕاوای (حکومی - ئەهلی), هەروەها ئەدەبیاتەکان ئاماژەیان کردوە بەبوونی جیاوازی لەنێوان باخچەی ئەهلی وحکومی لەئاستی خۆگونجانی کۆمەڵایەتی لای مامۆستایانی باخچە بەپیی گۆڕاوای (حکومی - ئەهلی), بۆیە ئەنجامەکانی ئەم تۆیژینەوەیە نیشانی داوە کە جیاوازی هەیە لەنێوان باخچەی ئەهلی وحکومی لەئاستی خۆگونجانی کۆمەڵایەتی لای مامۆستایانی باخچە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گونجاوی بارودۆخی مادی و مەعنەوی لەباخچەکاندا چونکە ژینگەی باخچە ئەهلیەکان زیاتر لەبارە لەڕوی مادی و مەعنەوییەوە ئەوەش بەهۆی بونی ئامرإز و کەرەستەی پێویست و کەمی ژمارەی منداڵ.

## 2.4 دەرئەنجامەکان

پاش ئەنجامدانی ئەم تویژینەوەیە بەگشتی گەیشتینە ئەم دەرئەنجامانەی لای خوارەوە بەگونجانی کۆمەڵایەتی لای مامۆستایانی باخچە :

١-کێشەی گونجانی کۆمەڵایەتی بەگرنگترین کێشەی پەروەردەی دادەنریت لەکەرتی پەروەردەو فێرکردندا چونکە مامۆسایان ئەگەر ژینگەی کۆمەڵایەتی لەبارنەبیت ناتوانێ ئامانجی پەروەردەی خۆی بگەیەنێ .

٢-کیشەی گونجاندنی کۆمەڵایەتی لای مامۆسایانی باخچە تەنهاپەیوەست نیە بەخودی مامۆستایان خۆیانەوەچونکە لایەنە پەیوەندیدارەکانیش پەیوەستن بەم گرفتەوە کەکاریگەری و ڕەنگدانەوەی نەرێنی دەبێت بۆپەروەردەو فێرکردن .

3-کردنەوەی خولی هۆشیاری پەروەردەیی و دەروونی بەهیزکردنی بۆمامۆستایان, گرنگیەکی بەرچاوی هەیە بۆزاڵبون بەسەر گرفتە کۆمەڵایەتیەکان.

٤-باری گوزەران و دارای دەستە بەری دابینکردنی ژینگەیەکی لەباردەکات بۆمامۆسایانی باخچە چونکە مامۆستایان ناتوانێت پەیامی پەروەردەی خۆیان بگەیە نێت ئەگەر کەندو کۆسپ و کێشەی ئابوری ودارایی بەرۆکی گرتبێت .

٥-ئەنجامدانی تویژینەوەی زانستی لەبواری گونجاندنی کۆمەڵایەتی لەناو توێژی مامۆستایانی باخچە خزمەتی زانستی و گرنگ بە پرۆسەی فێرکردن و پەروەردە دەکات .

٦-سەرجەم ئەومامۆستایانەی راپرسیەکەیان لەسەرئەنجامدراوە بەشیوەیەکی زانستی لەسەرگونجانی کۆمەڵایەتی بیرو ڕاو سەرنجی خۆیان نیشانداوە.

بەواتابەدەنگەوە هاتنی زانستیان هەیە بۆچارەسەرکردنی کێشەکانی مامۆستایان لەلای خۆیانەوە .

٧-مامۆسایانی باخچەی مناڵان بەگرنگیەوە باسی ڕێکخستنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نیوان مامۆساو منالّ و سەرپەرشتیاری پەروەردەی دەکەن هەریەکیك لەمانە ڕەگەزە بنچینەییەکانی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنن پێویستە حوکمەت و لایەنی پەیوەندی دار بەگرنگیەوە ئاوڕی دڵسۆزانە بدەنەوە بۆراگرتنی ئەم هاوسەنگیە کۆمەڵایەتیە کەبزوینەری ڕەورەوەی پەروەردەیین.

## 3.4 ڕاسپاردەکان

**پاش دەستنیشانکردنی دەرئەنجامەکانی ئەم تویژینەوەیە ئەم ڕاسپاردانە دەخەینە ڕوو:**

**1-بەمەبەستی بەرەو پێشچونی بواری پەروەردەوفێرکردن,پێویستەلەسەرکەرتی پەروەردە و لایەنە پەیوەندیدارەکان خولی بەهێزکردن و ڕاهینانی پەرەردەی بۆ مامۆستایان بکەنەوە تاکوببێتە فاکتەرێك بۆچارەسەری گرفتی کۆمەڵایەتی مامۆستایان٠**

**٢-مامۆستا پێویستە هەمیشە ئەوراستیانە بزانێت کەبەهێزترین کارەکتەری کۆمەڵگەیەولەڕووی کۆمەڵایەتیەوە هەمیشە وەکوکەسێکی بەهێزوکاریگەرخۆی دەربخات چونکە بەرپرسیارێتی گرنگی لەئەستۆیەوهەرکەموکوریەك لەسەرئایندەی تاك و کۆمەڵگادەکەوێت٠**

**٣-سازدانی کۆڕو سیمنارو دیبەیتی ڕۆشنبیری لەنێوان مامۆستایان تاکو ڕاستەوخۆ و ئاشکراپەنجەبخرێتە سەرکەموکورتیەکانی سێکتەریی پەروەردەو پرۆسەی فێرکردن٠**

**٤- لایەنی پەیوەندیدار دۆخیکی تەندرووست و گونجاو بۆمامۆستایان فەراهەم بکات تاکو هیچ بەهانەیەك نەبێت بۆخودی مامۆستاونەبێت بەکۆسپ لەڕیگەی پیادەکردنی پیشەی مامۆستایی خۆی٠**

**٥-کیشەی گونجانی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکە تەنهامامۆستالێی بەرپرس نیە بەڵکوچەندین کێسەی دریژخایەنی کۆمەڵگە بەرپرسەلەتەشەنەکردنی پرۆسەی گونجاندنی کۆمەڵایەتی لەبەرئەوە چارەسەری هەمەلایەنی پێویستە٠**

**6-توێژینەوەی زانستی و مەیدانی ئەنجام بدرێت سەبارەت بەم کێشە کۆمەڵایەتیە کەڕاستەوخۆکاریگەری ئەرێنی ونەرێنی هەیە لەسەرپرۆسەی پروەردە٠**

**7-خولی بەهێزکردن و ڕاهینان بۆمامۆستایانی باخچە بکرێت تاکوزیاترپەیوەندی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریان بەهیزبێت ٠ئەمەش زیاتر پێویستی بەپسپۆڕی پەروەردەیی وکەسانی شارەزاهەیە تاکوسەرپەرشتی پرۆسەکەبکەن٠**

8-دابین کردنی ژینگەیەکی ئابوری لەبار بۆخودی مامۆساچونکە لایەنی دارایی کۆڵەکەی بەختەوەری وخۆشگوزەرانی مامۆستاوپەروەردەو فێرکردنە,ئەمەش وەکو راستیەکی بەڵگەنەویست سەلمێنراوە کەلەوڵاتە پێشکەوتوەکانی ژاپۆن و وڵاتانی سکاندنافیا ,هەموخۆشگوزەرانیەك بۆمامۆسادابین کراوە وداهاتی مانگانەی لەزۆرینەی توێژەرەکانی دیکە زیاترە ولەپێش هەموگرفتەکانی دیکەداگرفتی دارایی چارەسەرکراوە بۆئەوەی مامۆستا بەبیرو ئاسۆیەکی ڕوون و فراوانەوە پیادەی پیشەکەی خۆی بکات ٠

## 4.4 پێشنیارەکان

**1-بەئە نجام گەیاندنی توێژینەوەیەك لەسەرجەم پەروەردەکانی سنوری سلێمانی ٠**

**2-ئە نجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە لەسەرچینی پزیشکان ٠**

**3-ئە نجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە لەسەر چینی پرێزەران ٠**

**4-ئە نجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە لەسەرچینی ئەندازیاران ٠**

**5-ئە نجامدانی توێژینەوەی هاوشێوەلەسەرچینی کارمەندانی کۆمپانیا ئەهلیەکان ٠**

**6- ئە نجامدانی توێژینەوەی هاوشێوەلەسەرچینی مامۆستایانی پەروەردەکانی سنوری سلێمانی.**